کورتە باسێک سەبارەت بە زبان ناسی کوردی و ڕێزمان

و ڕێنووس و وێژیات و فەرهەنگی کوردی

لە نووسینی سمکۆ ئەپڕام

لە ۲۵/ ۱۲/ ۱۳۸۰ = ۲۵ی ڕەشەمەی ۲۷۰۱ی کوردی

لە سنەدا دەستم پێ کردوە.

پاك مساى يانى فێر بوونى پاك ، تێگه يشتنى چاك

فامانى راسته قينه.

پیذی : پ بۆ پوریا ، وه ا بۆ ئاروین ، ک بۆ کوردەوان وه م بۆ مبادیا وه

س بۆ سوشیانت.

وه ا و ی به تێکڕایی بۆ ئەیوبی ، ئەحمەدی وه روستەمی.

به ناوی خوای گەورەی دلۆڤان

سەرەتا:

لە پێشان، بڵێم دوای ئەوەی کە مرۆڤ نما لە ئاسەواری فراژدا پەیدا بووە و لەشی ئەو بەردەوام و پەیتا پەیتا گۆڕانکارێکی زۆری سەبارەت بە لای فراژدا بەسەر داهات و لەش و تەن ومێشکی ئەو ئامادە و تەیاری قسە و نووکە بوو، بەرە بەرە بە پەیڕەوی و لاسایی لە گیانلەبەران، مرۆڤ نێو جەرگەی فراژ دەستی کرد بە وتن، کە لە سەرەتاوە دەنگەکانی وەکوو گیانلەبەران چەچی «حونجی، هیجای» نەبوو.


هەروەها ئاواز و گۆرانی هۆرە و سیا چەمانە و زۆربەی ئاوازەکانی هەوەڵیەی مرۆڤی لاساییکە لەگییان لەبەران و مەلاتەکان وە لە دواییدا وشە و رستەی لەو گۆرانیانە دا دروست کردوە وە بە شینایی و دوای دەیان هەزار ساڵ زۆم بە زۆم بە گۆسە و وەرگێڕی لە یەکتر، مرۆڤ وشەی چەچی فێر بووە کە لەم کاتەشدا وشە، تاک و بێ بابەت و بێ رستۆ بووە، بۆ وێنە وەکوو دەنگی پڵنگ و زۆربەی مەل کە زۆربەی ناوەکان لە دەنگی خۆیان گیراوە یا وشەی «ئاو» لە دەنگی مرۆڤی کورد لەکاتی «ئاو» خواردەنەوەدا کە ئەو مرۆڤە لە نێو لێڕەواردا ژیاوە و قەڵەو بوە گیراوە کە دوای خواردەنەوەی ئاو، دەنگێ لە زاری هاتۆتە دەرێ

یانێ ئاو، ئەو ئاوەی مایەی ژینە بۆتە نێو بۆ ئەو دیـاردە و رسکـۆی مایەی ژینە، هەڵبەت ئەم باسە زۆر بـاسێکی زبـان نـاسی و دوور و درێژە، هەروەها وتم نێوی پڵنگ لە دەنگی خـۆی لە کـاتی هـێرشدا گیراوە و لە دوایی‌داگۆڕانکاریەک بە سەریا هاتوە وە هەروەها مەلیچک لە مەل و چک گیراوە، هەرچـەند دەبـێ بـڵێن پـیتەکـان، نـێوەکـان، کردارەکان (وشەکان) هەموو بڕیارین، مرۆڤ لە سەرەتاوە بە بژاری خۆی ناچار بووە وشە دا بنێ، هەڵبەت مێژووی بودوی «بوەی» زبان لە ژیانی مرۆڤدا بە تێبینی تەواو ناتوانین بڵین چ کاتێ بووە بـەڵام بـە گوێرەی نۆڕورای مرۆڤ ناسان «مـرۆڤ وانـان» دەگـاتە نـێزیکەی پێنسەد هەزار تا یەک میلیون ساڵ لەمەوبەر یانێ ئەمە کاتێ بووە کـە مرۆڤ هەستاوەتە سەر پێیان و راست و راست وێستاوە وە قـورسی سەری کەوتۆتە بانی بڕبڕەی پشتی وە دوو بەشی پێشوو نێوە راستی مێشکی «هیپوفیز و هیپوتالاموس» لە قورسی ئازاد بووە و لەمەو دوا شتی زۆرتری لە بیر و رێژی خۆی‌دا تۆمار کردوە، وە بە گـومان لەو کاتەدا زبان هاتۆتە هۆڵی بوونەوە وە زوبان دیاردە و پێداوێکی زۆر کۆن و لە مێژینەیە وە دەبـێ بـڵێن خـولی زمـان لە ژیـانی مـرۆڤدا هیچکات بە رادەی خولی دە هەزار ساڵی رابوردوی دەوایی نەبوە وە مرۆڤ ناسان «ئانتر و پولوژیست و ئیتنوگرافیە، و ئیتنولوژیستەکان» ئێژن کە فراژی ژییانی بووەی بۆ دوی زیـنوی مـرۆڤ لە مـاوەی دە

هەزار ساڵی رابوردوودا زۆر ئارام و تەنانەت کەم بووە، بەڵام فراژی کۆمەڵایەتی ئەو لەم ماوەی ئێستادا رۆژ بە رۆژ خێراتر بووە تا ئەوەی ئەمڕۆ خێرایی فراژی کۆمەڵایەتی وەکوو بەرق و بـزیسکە وەهـایە و مەودای زۆری‌زوتر دەبڕێ و ئەم فراژە لە جێگای فـراژی ژیـاوی‌دا دانیشتوە، هەڵبەت ئەبێ بزانین ئەم گۆڕانکاریە چۆن روی داوە؟

وە پێویستە بڵێن مانەوەی هەر شتێک کە مرۆڤیش لە وانەیە، پێویستە سازگاری لە گەڵ بار و دۆخی ژینگەدا هەبێ، دوای خێرایی فـراژی کۆمەڵایەتی ئیتر مانەوەی مرۆڤ پێویستی بە گۆڕانکاری ژیاوی نیە وە بە جێگای ئەوە تێدەکۆشێ کە بار و دۆخی ژینگە بگۆڕێت کە لە گەڵ نیازەکانی لەشی‌دا سازگار و هاو ئاهەنگ بێت، بۆ وێنە، ئیتر ئەمڕۆ پێویستی ناکات کە ئەگەر کەسێ لە ژێر خاڵی ناوەڕاستی «ژێر هێڵی ئوستوا» دا دەژی ئەبێ تایبەتمەندی خۆی هەبێت وەکورەش پێسەکان و کونای لوتی زل زل، کە لە ئاسەواری فراژی ژیاوی دا پێک هاتوە، هەر وەها وتمان: لە هـەوەڵەوە زبـان چـەچی نـەبووە وە لەم کـاتەدا زۆربەی گییان لە بەران لە گوفتۆگوی بێ چەچی‌دا لە یەکتر ئاگـادار بوونە وە هەر دەنگێ و هەر بزوێنێ و هەر روانینێک و هەر ئاوڕدانێ نیشانەی شتێکی تایبەتی بووە.

هات و هاواری مەلات، جۆری پـرمەی بـزنە کـێوی و ئـاسک و جۆری قرتەی مریشک و کەڵەشێر و دیکەی گیانلەبەران ئاگادارییە بۆ



له کتێبی مێژووی کورد و کوردستان، محمد مەردوخ،

نیشاندەری بنج و بناغەی زبانە ئاریایەکان.

مەترسی، هەروەها وشەی پنگ بۆ مرۆڤ لە سەرەتاوە یانێ پڵنگ هات، راکە، راکەن یا وەرگ، وەرگێ، یانێ گورگ هات راکەن کە لە سەرەتاوە رستۆی نەبووە و وە وەکوو منداڵ وشەکانی لە یەک پچڕاوی وتوە، فێر بوونی منداڵ لە زبان و وشە و داب و نەریتی هەر نەتەوەیێکدا خۆی نیشاندەری فراژ وتەکامولێی ئەو نەتەوە و ئەو مرۆڤەیە بە هەر جۆرێک بڵێن: لە سەدەکانی زۆر کۆندا هەرچەند وشە کەمتر بووە بەلاّم یەکێتی لە نێو زبانەکاندا زۆرتر بووە بەتایبەت لەکاتی زبانی بێ چەچی «بێ حونجی و هیجاییی» دا، داستانێک لە کتێب «پەرتۆکی» ئینجیلی [1] پیرۆزدا هاتوە ئەڵێ، مرۆڤەکان لە سەرەتاوە یەک بوون و یەکێتی لە نێوانیانا هەبووە و ویستویانە بزانن لە ئاسمانی شین و بەرزدا چ باسە، بەم هۆیەوە بورج و باروی بابیل دروست دەکەن و بەرەو ئاسمان و بەرزایی پێ دەنن وە خودای بانی سەر بۆ ئەوەی کە ئەوان دەستیان بەرازەکانی ئەو نەگات ئەشەڤ و شلوقی دەخاتە نێو زوانەکانیانەوە بۆ ئەوەی دەست هەڵگرن لەو مەبەستەیان وە بابیل بە مانای ئەشەڤ و شلوقە، بەڕاستی ئەو داستانە ئەفسانەیە وێنەی داستانی حەزرەتی ئادەمە کە لە پەرتوکی ئەستی ئەنتیک «تەوراتی پیرۆز»دا هاتووە کە یەزدانی مەزن بە ئادەمی وتوە کە بەری داری سێو و زانایی نەخوا و بەلاّم ئادەم سێوی خوارد و زانی و بووە هۆی دەر

---

١ - ئینجیل پەرتووکی ئاسمانی فەلەکان.

کردنی لە بەهەشتدا، هەڵبەت لە قورئانی پیرۆزی موسڵمانان‌دا ئەم بەسەرهاتانە بە ڕاشکاوی ئەفسانەیە بەڵام بە جێگای سێو گەنم هاتوە وە ئەڵێن مەبەست لە شەجەرە گەنمە (خودا بۆ خۆی دەزانێ) لە هەر ڕاسەلییێک ڕاسترە وکە یەکێتی چی ناکاو و زانایی چی نەکردوە، و زانایی بۆ مرۆڤ چ دەردی سەرێکی بۆ خەڵک و خۆی لە بڕێک ڕێگا و جێگاوە پێک هێناوە کە ئێستا دەی بینین، خاوەن زبانەکانی جیهان کەمتر لە یەکتر دەگەن و یەکیەتی نەماوە و ئەگەر نەتەوەکانی جیهان زبانی یەکتر بزانن و بە ڕاستی لە یەکتر بگەن ئەوندە شەڕ و تیرۆر و جیاوازی و پێ شێل کردنی مافی نەتەوەکانی بێ‌دەسەڵات پێک نەدەهات و نایێت، لە بەر ئەوەی لە جیهانی ڕابوردودا کەسێ، نەتەوەییێک لە زبانی ئێمەی کوردی بەش خوراو نەدەگەیشت وکە بەم هۆیەوە مافی نەتەوایەتیمان پێ‌شێل کراوە وە، دوژمن دەیەوێ نە تەنیا زبانی ئێمە حاڵی نەبێ بەڵکو خۆشمان زبانی خۆمان نەزانین وە بە زبان و فەرهەنگ و وێژیات و تایبەتمەندی نەتەوەیی خۆی بمان‌توێنێتەوە وە لە دوایی ئەم پێشەکیەدا ئەڵێم کە زوانی کوردی زوانێکی پاراو، دەوڵەمەند و چڕ و پڕو تێر و تەسەلە، وە وێژیاتی زۆر بتەو، وەکوو کێوانی هەیە وە لە ڕوانگەی ڕەچەڵ ناسیوە واله بانی بنچینەی زوانی ئاریایەکان و هیندو و ئوروپاییەکان و زبانی زاگرۆسیەکانەوە.

ئەم کورتە باسە دەبێتە چەند بەشەوە

بەشی هەوەڵ: پیتەکانی زوبانی کوردی و ڕێزمان و ڕێنووسی کوردی وە شێوەی نووسین وە هەڵسانگاندنی لە تەک زبانەکانی فارسی، عارەبی و ئینگلیزی دا.

بەشی دووهەم: زاراوەکان و شێوەکانی زبانی کوردیُ و ئەو ناوچانەی کە لە پێشان بە زبانی کوردی نووکەیان کردوە وە ناوچەکانی ئێستا.

بەشی سێهەم: زبانی کوردی بۆچی پێویستە وە زبانی کوردی بۆچی بەم شێوەی ئێستا دەنووسرێ وە هۆکاری چ بووە کە زبانی کوردی کەوشەن و مەحدود کراوە کە هەڵبەت ئەو بەشەی کە ماوە تەوە ڕەسەنی هەیە.

بەشی چوارەم: ڕێزمان و ڕێنووسی کوردی بە شێوەی ڕاڤاوتر لەوەی کە لە بەشی هەوەڵدا وتم وە بڕێک لە فەرهەنگ و وێژیاتی کوردی وە بڕێک لە نووسراوەکان و ڕۆژنامە نووسین لە چ کاتێکەوە لە نێوی کوردەواریدا باو بووە وە نێوی بڕێک لەو ڕۆژنامەنووسانە کە خزمەتێکی زۆر گەورەیان بە فەرهەنگ و وێژی کوردی کردوە وە هەروەها نێوی بڕێک لە شارە کۆنەکانی کوردستان.

بەشی هەوەڵ:

پیتەکانی کوردی و ڕێزمان و ڕێنووسی کوردی بە شێوەی زۆر کورت وە شێوەی نووسین وە هەڵسەنگاندنی لە تەک زوبانەکانی فارسی، عارەبی وە ئینگلیزی دا.

ئەمەش دەبێتە چەند بەشێکی کورتەوە:

١ - پیتەکانی زبانی کوردی بۆ نووسین بەرامبەر بە وتەی مێژوو نووسان [1] لە شەش هەزار ساڵ لەمەوپێش کە ئێستا ساڵی ٢٧٠٢ی کوردی‌یە) لە پیتەکانی خەتی ئارامی، سوریانی ، خەتی مێخی ئاشوری، خەتی میخی کوردی [2] (کە بە وتەی جەنابی دوکتور

---


١ - (١) . (٢) لاپەڕە ٣٠ جزمی هەوەڵ مێژووی کورد و کوردستان مەردۆخ چاپی دوهەم ١٣٥٣ کە حکومەتی لولویان دەگاتە چوار هەزار ساڵ پێش زایینی.

٢ ـ مەبەست لە خەتی مێخی کوردی، هەروەها ئاماژەی پێ‌کراوە ئەوەیە کە مێدیاکان «مادها» هەوەڵین کەسانێکن کە خەتیان لە ئێراندا پێک‌هێناوە کە ئەم خەتە چل و دو پیتی هەبوە و سی‌وشش پیتیان لە رووی خەتی مێخی ئاشوری دروست کردوە کە پێنج پیتیان دەنگدار و شەش پیتی دیکەیان لە جنسی نمودار پێ زیاد کردوە. و هەخامەنشەکان کاتێ کە دەسەڵاتیان گرتوتە دەست هەر لەم خەتە کەڵکیان وەر گرتوە یانێ پارسەکان خەتی مێخیان لە مێدیاکان ئیقتیباس کردوە. (لاپەڕەی ۴۵ جزمی هەوەڵ فەرهەنگی ماد لە نووسراوەی دوکتور سەفی زادە، بۆرەکەیی. کە لە ژێر باسی کتابهای کوردی‌دا نووسیویەتی کە ئەویش لە سەبک‌شناسی نووسراوەی محمد تقی بهار ملک‌الشعراء بەهار تهران ١٣٥٦ لە لاپەڕەی ٦٥ کەڵکی وەرگرتوە) وە بە لاپەڕەی ٣٣٩ تاریخ ماد لە نووسینی دیاکونوف ترجمە کریم کشاورز. تهران ١٣٧٧ بڕوانن.

سەدیقی سەفی‌زادەی بۆرەکەیی لە لاپەڕەی جزمی هەوڵی فەرهەنگی ماددا: مێدیاکان کەسانێ بوونە کە خەتی نووسینیان لە ئێراندا پێک هێناوە وە ئەم خەتە ٤٢ پیتی هەبووە و سی‌وشەشی لە روی پیتەکانی مێخی ئاشوری دروستیان کردوە کە پێنج پیت لەوانە دەنگدار وە شەش پیتی تری لە جینسی نمودار بووە، هەخامەنشیان کاتێکە هاتنە سەرکار بەردە نووسراوەکانی خۆیان هەموو بەم پیتانە نووسیوە کە لە بناغەدا دەبێ بوترێ کە پارسەکان خەتی میخیان لە مێدیاکان (کوردەکان) تیکیشەی کردوە) وەکەڵکیان لێ وەرگرتوە و لە دواییدا لە خەتی ماسی سوراتی‌ش کەڵکیان گرتوە کە خەتی ماسی سوراتی زانایێکی کورد لە سەدەی دەی پێش زایینی دایناوە وە وێنەی پیتەکانی خەتێکە لە سەدەی شەشی زایینی‌دا دانراوە تا هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش لەم خەتەش کەڵک وەرگیراوە. وە ئەو پیتانە ١٦٠٠ ساڵ پێش لەو پیتەی باوی ئوروپایەکان بووە.


هەروەها کوردەکان لە خەتی یۆنانی وە خەتی عارەبیش دوای هاتنی ئیسلام کەڵکیان وەرگرتوە، ئەمە کە دەی‌بینن خەتی ماسی سوراتیە، پیتەکانی ماسی سوراتی ٣٧ پیتین وە بەرامبەر ئەم شێوە خەتە پیتەکانی وەکوو، ث، ذ، ط، ظ، ص، ض، کە ئێستا تایبەتمەندی زبانی عارەبیە لەم خەتەی کوردی دا هەیە بەڵام ئێستا ئەم شەش پیتە لە زبانی کوردیدا نیە و بێژە و کرکەی پێ ناکرێ.

ئەم خەتی ماسی سوراتیە هەرچەند وێنەو شێوەی پیتەکانی چینی



بەڵگەیێکی ئابوری عیلامی (صورتحەسێو) لە گردی سیلک

(پارتکنه - مادی باشووری) دوایی هەزارەی سێیوم پ.ز.




نوونی لە دەقی ئاویستا برگەیێک لە ڕونووسوی خەتی (بەشێکی

تەنیا لە ئاویستا) پ.ز.




موغی کارژەلەیێک دەبات بۆ قوربانی.

لە نەخشی بەرجستەی لە ئیستخر سەدەی ٥ پ.ز.





نونێک لە نەخشی موری ئوستوانەیی سەردەمی کاسیان

١/٤ سێیوم هەزارەی دوم پ.ز.



بە لگەیەک لە هەرە زیمی پارت سەردەمی عەرەب ل ئاینی زانین نووسینی نەرەتی پارتی کە ...
ئاراوی نووسراو. هەربە وە حەتەی کە زەرتی نادیاربە و نووسراوە .





وێنەیەک لە پیتی ماسی سوورانی کە لە سەری
د د هەوم پێش زایینی بە هۆی مرۆڤێکی کوردی ناوی
ماسی سووران دانراوە کە وێنەی ئەم پیتانە
لە سەدەی هەشتم زایینی دانراون عەرەب
نە شەوەیا کورد ١٦٠ سال پێش لە ...
پیتی زاراوی بۆ نووسینی دانراوە ،

و ژاپوونیە بەڵام بۆ نووسین سەختە وە وێدەچێ کە لەو کاتەشدا دوو جۆر (ر) هەبووە وە پیتەکانی ل، م، ع، لە ماسی سوراتیدا زۆر وێنەی پیتەکانی ئێستای زبانی عارەبی و ئینگلیزیە. پیتەکانی زبانی کوردی کە ئێستا لە نووسین‌دا لە بەر چاو دەکەوێ بەم جۆرەی خوارەوەن: ئـ - ا - ب - پ - ت - ج - چ - ح - خ - د - ر - ڕ - ز - ژ - س - ش - ع - غ - ف - ڤ - ق - ک - گ - ل ڵ - م - ن - و - وو - ۆ - (هـ - ە) ی - ێ یانێ پیتەکانی.

زبانی کوردی بۆ نووسین خۆی دەبێتە ٣٣ پیت کە ٢٨ پیت لەمانە رەسەن و ئەسڵین وە پێنج پیت لەم پیتانە وەکوو ڕ، ڵ، ۆ، ێ کە ئەسڵەکەیان نیشانەی حەوتی نیە پێیان ئەڵێن قەڵەو وە ئەوی تریانی (وو) واوی بۆر دارەکەئەم پینجە پێتی وەچی پێ دەڵێم.

پیتەکانی دەنگدار لە زبانی کوردیدا ئەمانەن:

ا، و، ۆ، وو، (هـ ە) ی، ێ کە بەم پیتانە لە زبانی کوردیدا پیتی بزوێن یا پیتی عیللە (Vowels) دەوترێن کە ئەم پیتانە ئاسەوار دادەنێن لە سەر پیتە بێ دەنگەکاندا وە دەبنە هۆی ئاشکرا بوونی ئەوان وە ئاسان بێژەی دەکەن.

پیتەکانی بێ‌دەنگ لە زبانی کوردیدا ئەمانەن [1] - ئـ - ب - پ -

---

١ ـ دوکتور مارف خەزنەدار:

لە گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی ئەڵێ: حەرفە بێ‌دەنگەکان وەکوو بێ و سین و قاف و کاف ئەمانە زەمانیان تێدا نیە ئەبێ بە دەنگداریکەوە بنووسرێت بۆ ئەوەی بتوانین

ت - ج - چ - ح - خ - د - ر - ڕ - ز - ژ - س - ش - ع - غ - ف - ڤ - ق - ک - گ - ل - ڵ - م - ن - که ئەم پیتانە پیتی سالم و بێدەنگیش ی پێ ئەڵێن (Consonant) که هەڵبەت تا پیتی دەنگدار لەگەڵ پیتی بێ دەنگدا نەبێت وشەیەک بێژە ناکرێ وکرکەی ئاشاکرا نیە بڕێک لەم مامۆستا نووسەرانە ، ک، گ یان کردوەتە دوو جـۆرە وە وەکـوو (ێ)، (ۆ) نیشانەی حەوتیان بۆ داناوە وەکوو ووشەی کوێر و گوێر بەراستی ئەم جۆرە نووسینە لە روانگەی نووسرەوە هەڵەیە بۆ ئەوەی نیشانە حەوت لەو دوو شانە دا نیشانەی ک، گ ، نیە بەڵکو نیشانە (ۆ)یا(کەیە وە من بۆ خۆم لە وشەی کوردی دا شتی وەهام نەدیوە و هەروەها وتم لە روانگەی نووسەرەوە پیتەکانی رەسەنی زبانی کوردی لە باری بناغیەوە ٢٨ پیتن وە ٥ پیتی ش وەچن کە لە ئەسڵەکەی خۆیان پێک هاتوون ، هەرچەند لە ووشەکاندا سەر بە خۆیان هەبێ.

بەڵام جەنابی دوکتور سۆران بەو جۆرەی کە وتم بۆ (ک و گ) دوو جۆری نووسیوە و پیتەکانی زبانی کوردی کردۆتە ٣٤ پیت کە ئەو پیتی (وو) شی نەنووسیوە ئەگینا دەبووە ٣٥ پیت.

جەنابی دوکتور سەدیقی بۆرەکەیی لە لاپەڕەی ٥٩ی فـەرهەنگی

تەلەفوزی بکەین. دەنگدارەکان حەوت یا نۆیە وا بزانم نۆیە دوانی ئیمهال کراوە وترا سلێی نیە یەعنی لە نووسیندا نایەتە پراکتیک، حەرفە دەنگدارەکان دەکرێن بە دوو بەشەوە: کورت و درێژ درێژەکان وەکوو (ا - وو، ۆ، ی، ێ) وە کورتەکان وەکوو (ە،ی) لاپەڕەی ١٥ و ١٦ هەمان گۆڤار.

مادادا ج ١ وتویه ئەلیف و بێ کوردی ٢٨ ی بێ دەنگ وە ٨ ی دەنگدارە که بەم جۆرەی خوارەوە نووسیویەتی (ء - ا - ب - پ - ت - ج - چ - ح - خ - د - ر - ز - ژ - س - ش - ع - غ - ف - ڤ - ق - ک - گ - ل - ڵ - م - ن - و، وو، ۆ - هـ - ی - ی - ێ - و - ە) یانی واوی کردۆته ٤ (و) وە (ی) کردوته ٣ جۆر، کەچی کاتێکه دەڕوانین بۆ پیته نووسراوەکانی تەنانەت بەم جۆرەش دەبێته ٣٥ پیت که چی خۆی له سەروە وتویه ٢٨ بێ‌دەنگ و ٨ی دەنگدار که دەبێته ٣٦ پیت.

وه خوالێ‌خۆش‌بوو زانای نەتەوەی کورد شێخ موحەممەدی خاڵ له لاپەڕەی ٢٧ جزمی هەوەڵ فەرهەنگی خاڵدا نووسیویەتی:

زبانی کوردی (٢٧) پیتی هەیە بەم جۆرە: ا - ب - پ - ت - ج - چ - ح - خ - د - ر - ز - ژ - س - ش - ع - غ - ف - ڤ - ق - ک - گ - ل - م - ن - و - هـ - ی) که بەم جۆرە، مامۆستا خاڵ پیتەکانی کوردی کردوەته به ٢٧ پیت و (ء) نەنووسیوە و، (ء) و (ا)ی به یەکی زانیوە وه له دواییدا وتویه (د) دوو جۆره (ا) گران وەکوو دار، داو، داش، دەنگ، دنگ، (٢) سوک وەکوو بدە، مەدە، هەناردان و ..

وه (ر) ش له سەر دوو جۆره (و) دوو جۆره (وه (ل) و (ی) هەر یەک له سەر دوو جۆرن وه بۆ هەموویان وێنەی له لاپەڕەکانی ٢٨ و ٢٩ و ٣٠ فەرهەنگەکەیدا هێناوەتەوە، به زانایێکی زۆرەوە راڤەی کردوه مامۆستا خاڵ و هەموو ئەو نووسەرانە هاوڕان له سەر ئەوەی که پیتەکانی ث، ذ، ط، ظ، ص، ض له زبانی کوردیدا نین که ئەم پیتانه

تایبەتی زاراوەکانی زبانی عارەبین.
٢ - هەڵسەنگاندنی پیتەکانی زبانی کوردی «بە گوێرەی نووسینی نووسەر» لەگەڵ پیتەکانی فارسی، عارەبی وە ئینگلیزی دا.
ئەو پیتانەی کە لە بەندی یەکەمدا وترا جگ لە پیتە قەڵەوەکان وەکوو (ڕ) و (ڵ) و (ۆ) وە (ێ) وە پیتەکان (ڤ) وە (وو) هەموو لە نووسینی فارسیدا هەیە بەڵام بێژەی پیتەکانی ح، ع، غ، لە زبانی فارسی دا نیە هەرچەند لە نووسین دا هەبێت وەکوو عەلی و حەسەن و حوسەین لە زبانی فارسیدا ئەڵێن ئەڵێ. هەسەن وە هوسەین ، بۆ ئەوەی زبانی فارسی زۆر کەوتوتە بەر ئاسەواری نووسینی عارەبییەوە، هەروەها پیتەکانی پ، چ، ڤ، گ، ڵ، ۆ، ێ وە ژ یانێ هەشت پیت کە لە زبانی کوردی دا هەیە لە زبانی عارەبی دا نیە، سەرئەنجام ٢٣ پیت وەکوو ئ - ا - ب - ت - ج - ح - خ - د - ر - ز - س - ش - ع - غ - ف - ق - ک - ل - م - ن - و - هـ - ی لە نێوان زبانی کوردی و عارەبیدا هاوبەشن وە ٢٧ پیتی نووسینی کوردی لە نێوانی نووسینی فارسی و کوردیدا هاوبەشن وە شەش پیت کە هەروەها وترا وەکوو ڕ ، ڵ، ۆ، ێ، وو، ڤ تایبەتمەندی زبانی کوردیە وە لە فارسی دا نیە وە هەروەها سەرەڕای ئەو شەش پیتە کە لە زبانی فارسی دا نیە، ئەم چوار، پیتە (پ، چ، ژ، گ) کە لە زبانی فارسی دا هەیە لە نووسینی زبانی عارەبی دا نیە. وە دەبێ بڵێین ئەم چەند پیتە کە لە زبانی نووسین عارەبی دا نیە

بەداخەوە بوّتە مایەی دەردیسەریکی زوّر گەورە وە تەعریبی فەرهەنگی کوردی و سەر لیٚشیٚواوی میٚژوویی.

بوّ ویٚنە گەمیەکەی حەزرەتی نوح (ئاوت ناپشتم)[1] (ع) لە بانی کیٚوی گوتی کە بەشیٚکە لە ئارارات نیشتوّتەوە کە لە عارەبیدا بوّتە جودی «و اسْتَوَتْ عَلَى الجودي[2]» وە ئەمە ئایەی قورئانی پیروّزە هەروەها ئاگری جیٚگای لە دایکبوونی حەزرەتی ئیبراهیم بوّتە ئوور، گولاّن بوّتە جولان وە ئاوور یا ئاگرسەلیم بوّتە ئورشەلیم (گوندی شاپور) دیٚ یا شاری شاپور بوّتە جندی شاپور یانیٚ سەربازی شاپور یانیٚ ئیٚرانیەکان ئیٚستا بەداخەوە وتەی عارەبەکانیان وەرەی کردوە کە تەنانەت مانای وشەکەش گوّڕاوە بەلاّم ئامادە نین وشەی گوندی شاپور کە کوردی وە ئیٚرانی رەسەنە قەبولّ کەن (ئەوە پیٚی ئەلّیٚن بیٚگانە پەرەستی جا ئەگەر وا نیە خوّ زانایانی فارس ئەمە دەزانن جا بوّچی نیٚوی بیٚگانەکە مانای نیە قەبولّی دەکەن؟.

لە زبانی عارەبیدا لە جیٚگای (گ) (ج) وە لە جیٚگای (ژ) و (چ) ج وە لە جیٚگای پیتی (پ) ب دادەنن بەلاّم لە وتندا جیاوازی ناخەنە

---

١ - (ئاوت ناپشتم) بە حەزرەتی نوّح (ع) وتراوە ئاوتناپشتم کە لە داستانی جیٚگای سرنجدانی گیٚل گەمیٚش و ئەنکیدوی دوّستیدا هاتوە کە خودای ئیشتار عاشقی گیل گەمیش دەبیٚ و ...

٢ - گەمیەکەی حەزرەتی نوح (ع) لە بان کیٚوی جودی یانی گوتی ئارامی گرتوە.

نێوان جەماڵ و گەماڵ، وە هەزاران وشەی‌تر بەم‌جۆرە بۆتە کۆسپێکی زۆر گەورە بۆ وشەکانی ئێرانی ڕەسەن وە لە ئاکامی نەبوونی ئەم پیتانە لە زبانی عارەبیدا زۆر لە وشەکانی کورد و ئێرانی بـزر بـوونەوە بـە زەحمەتی زۆر پەیدا دەبن، هەروەها لە زبانی کوردیدا دەست ناکەوێ کە چەند پیت دەنگی پیتێک بدات وەکوو لە زبانی ئینگلیزی دا هەیە کە ش = sh وە شن tion وە چ = ch وە خ = kh وە غ = gh وە یا چەندین پیت کە لە زبانی ئینگلیزیدا دەنووسرێ بەڵام ناخوێنرێتەوە وەکـوو doaghter وە write یانێ داتروە رایت و ...

لە زبانی کوردیدا هەرچەند پیت کرکەو بێژەی بکرێ دەنووسرێ وە پیتی زیدەی نـیە کـە بـنووسرێ و نـەخوێنرێتەوە (بـەرامـبەر بـە تۆژینەوەو رای چەند کەس لە مامۆستایانی زبان‌ناسی ئەڵێن): لە نێو زبانە هێند و ئوروپاییەکاندا تەنێ دوو زبان هەیە کە شێوەی نووسین وە خوێندنیان وەکوو یەک وایە[١] وە بەرامـبەرن وە ئـەم دوو زبـانە برێتین لە زبانی ئاڵمانی و زبانی کوردی وە هەرچەند لەکرکەی عامیانە و ئەپووروی خەڵکی شاری سنە و سولەیمانی‌دا بەتایبەت پیتی دال کە لە دوایی وشە دا بێت نایخوێنەوە وەکوو ئەحمەد و مەحمود ئـەڵێن ئەحمەو، مەحمو، وە هەرچەند ئەمانە لە نووسیندا بێن دەخوێنرێنەوە. لەوەی کە لە زبانی کوردی و ئینگلیزی دا لە باتی سەر و بۆر و ژێر

---

١ ـ ئەم بابەتە لە لاپەڕەی ٥ و ٦ی جزمی هەوەڵ ئەکرەم ساڵحی دا هێناومە.

پیت دەنووسرێ، کوردی و ئینگلیزی وەکوو یەک وەهان، بۆ وێـنە، هــاوسەر لە ئـینگلیزیدا Hauwsar هـەڵمەت = Hallmat، ئـەحمەد = Ahmad کەچی لە زبانی فارسی و عارەبیدا سەر و بۆر و ژێری هەیە کە ئەو وشانە بەم جۆرە لە عارەبی و فارسیدا دەنووسرێن هاوْسَرْ، هَلْمَتْ وە اَحْمَدْ کە لە نووسینی زبانی کوردیا بە جێگای بۆر (ضمّە)(و) وە سەر = فتحە (هـ) وە کەسرە ژێر (ی)، دەنووسرێ یانێ کسر، = بـە (ی) وە ضمّە بە (و) وە فتحە = یانێ ـِ سەر بە (ەهـ) لە نـووسینی کوردیدا دەنووسرێ.

١ - بۆ وێنە وشەی (مهربان) بە شێوەی فارسی، بـەڵام بـە شـێوەی کوردی دەبێتە (میهرەبان) وە بە شێوەی ئینگلیزیش (Mehraban).

٢ - وە بۆ وشەی (کردی) کە بە شێوەی فارسی نووسراوە، بە شێوەی کوردی دەبێتە (کوردی) وە بە ئینگلیزی (Kurdy)

٣ - وشەی مادر بە شێوە فارسی دەبێتە مادێر بە شێوەی کوردی وە بە ئینگلیزی دەبێتە Mader = Mather کە لە ریزی ژمارەی یەک بە جێگای ژێر ـ (ی) وە (هـ) بە جێگای سەر وە لە ریزی دووهەمدا لە وشەی کورَدی (و) بە جێگای (و) کُردی بە شێوەی فارسی. و..نووسراوە.

بۆ ئەوەی کە باشتر بزانین بە خرِی ژمارەی یەک بروانن.

خرى ژمارەى (١)

بێژەو کرکەى کوردى تلفظى فارسى تلفظى عارەبى

فونتیک - Phonetic ئینگلیزى

بۆ وشەى کوردى یا عارەبى

دەسەلاّت	دسلات	دسلات	Dasallat
قومرى	قمرى	قُمرى	qomry
قەمەرى	قمرى	قمرى	Gamary
سەرگوڵ	سرگُل	سرجُل	Sargull
هەور	هور	هور	Howr
ئاسمان	آسمان	آسمان	Asman
ئازادى	آزادى	آزادى	Azady
وەرد	ورد	ورد	Warrd
بێرۆ	بِرو	بِرو	Berow

خڕی ژمارەی (١)

بێژەو کرکەی کوردی بۆ ووشەی کوردی یا عارەبی	تلفظی فارسی	تلفظی عارەبی	فۆنتیک Phonetic ئینگلیزی
دەسەڵات	دسلات	دسلات	Dasallat
قومری	قمری	قُمری	qomry
قەمەری	قمری	قمری	Gamary
سەرگوڵ	سرگُل	سرجُل	~~aSman~~ Sargooll
هەور	هور	هور	Howr
ئاسمان	آسمان	آسمان	Asman
ئازادی	آزادی	آزادی	Azady
وەرد	ورد	ورد	Warrd
بێرۆ	بِرو	بِرو	Berow

خڕی ژمارەی (٢)

ئینگلیزی Phonetic بۆ وشەی ئینگلیزی تلفظی عـارەبی بـۆ وشـەی ئینگلیزی تلفظی فارسی بۆ وشەی ئینگلیزی بـێژەی کـوردی بـۆ وشەی ئینگلیزی

بوک بوک بووک Book

روم روم (رۆم) Room

ویر ویر وێر whare

ثری ثری سریی three

فایو فایو فایڤ Five

هِد هِد هێد head

گاراج گاراج گاڕاج yanaye

هم هم هۆم home

رایت رایت رایت write

بوی بوی بۆی Boy

له پیته‌کانی ئه‌م خڕه دازانیمان که پیتی ث له زبانی کوردیدا نیه وه پیتی v (ڤ) له زبانی عاره‌بی و فارسی دا نیه وه به جێگای v پیتی (و) ده‌نووسرێ به‌ڵام له کوردیدا ڤ به جێگای (v) یه.

هه‌روه‌ها زانیمان که شێوه‌ی نووسینی کوردی له‌چه‌ند بابه‌ته‌وه زۆر له نووسینی ئینگلیزی ده‌چێ که هه‌ڵبه‌ت پیتی نووسینی کوردی وه‌کوو فارسی له شێوه‌ی پیتی عاره‌بی گیراوه به‌ڵام له ماوه‌ی چه‌ند ساڵی له‌مه‌و پێش، زانایانی کورد له تورکیا و سوریادا ده‌یانه‌ویست که نووسینی کوردی به پیتی لاتین بێ وه ئێستا هه‌ڵسه‌نگاندنی پیته‌کانی کوردی و عاره‌بی و فارسی و ئینگلیزی پێکه‌وه به خڕی ژماره ٣ بڕوانین.

خڕی ژمارەی (٢)

Eng.Phonetice for Eng.Word	کرکەوتەلەفوزی کوردی بۆ وشەی ئینگلیزی	کرکەوتەلەفوزی فارسی بۆ وشەی ئینگلیزی	کرکەوتەلەفوزی عارەبی بۆ وشەی ئینگلیزی
Book	بووک	بوک	بوک
Room	رۆم	روم	روم
Whare	وێر	ویر	ویر
Three	سری	ثری	ثری
Five	فایڤ	فایو	فایو
Head	هێد	هد	هد
Garage	گاڕاج	گاراج	کاراج
Home	هۆم	هم	هم
Write	رایت	رایت	رایت
Boy	بۆی	بوی	بوی

خڕی ژماره (٣)

پیته کانی کوردی	پیته کانی عاره‌بی	پیته کانی فارسی	پیته کانی ئینگلیزی
ئـ	ئـ	–	*E*
ا	ا	ا	*A*
ب	ب	ب	*B*
پ	–	پ	*P*
ت	ت	ت	*T*
–	ث	ث	*th*
ج	ج	ج	*j*
چ	–	چ	*ch*
ح	ح	ح له نووسیندا	*H*
خ	خ	خ	*kh*
د	د	د	*D*
–	ذ	ذ له نووسینداهه‌یه	*th*
ر	ر	ر	*R*

پیته‌كانی كوردی	پیته‌كانی عاره‌بی	پیته‌كانی فارسی	پیته‌كانی ئینگلیزی
ر	—	—	—
ز	ز	ز	*Z*
ژ	—	ژ	— یا *J*
س	س	س	*S*
ش	ش	ش	*SH*
—	ص	ص له نووسیندا	—
—	ض	ض له نووسیندا	—
—	ط	ط له نووسیندا	—
—	ظ	ظ له نووسیندا	—
ع	ع	ع له نووسیندا	—
غ	غ	غ	*gh*
ف	ف	ف	*f*
ڤ	—	—	*v*
ق	ق	ق	*q*
ک	ک	ک	*K*

پیته‌کانی کوردی	پیته‌کانی عاره‌بی	پیته‌کانی فارسی	پیته‌کانی ئینگلیزی
گ	-	گ	G که ئه‌گه‌ر (e-y-i) له‌ته‌کدانه‌بێ
ل	ل	ل	L
ڵ	—	—	LL
م	م	م	M
ن	ن	ن	N
و	و	و	W
وو	—	—	O
ۆ	—	—	—
ی	ی	ی	i
ێ	—	—	—
هـ	هـ	هـ	H
٣٣ له‌ ته‌ک پیته‌وه‌چه‌کاندا	٢٩ پیت	٣٢ پیت له‌ نووسیندا نه‌ک له‌ خوێندندا.	٢٦ پیت ئه‌سڵی وه‌ ٥ پیت وه‌چ

خڕی ژماره (٣)

پیته‌کانی کوردی	پیته‌کانی عاره‌بی	پیته‌کانی فارسی	پیته‌کانی ئینگلیزی
ئـ	ئـ		E
ا	ا		A
ا	ب	ب	B
ب	پ		P
پ	ت	ت	T
ت	ث	ث	th
ج	ج	ج	j
چ	-	چ	ch
ح	ح	ح	له نووسیندا H
خ	خ	خ	kh
د	د	د	D
-	ذ	ذ	له نووسیندا هه‌یه th
ر	ر	ر	R
ڕ	-	-	-
ز	ز	ز	Z
ژ	-	ژ	J

س س س S

ش ش ش SH

- ص ص له نووسیندا -

- ض ض له نووسیندا -

- ط ط له نووسیندا -

- ظ ظ له نووسیندا -

- ع ع ع له نووسیندا -

غ غ غ gh

ف ف ف f

ڤ - - v

ق ق ق q

ک ک ک K

گ - گ G که ئه‌گه‌ر (e-y-i) له ته‌کدانه بێ

ل ل ل L

ڵ - - LL

م م م M

ن ن ن N

و و و W

وو - - O

ۆ - - -

ى ى ى i

ێ - - -

هـ هـ هـ H

---

٣٣ له تەک پیتەوەچەکاندا ٢٩ پیت ٣٢ پیت له نووسیندا نەک له خوێندندا.

وه پیتی وەچ ٥ وه ٢٦ پیت ئەسڵی کە دەبێتە (٣١) پیت کە پیتەکانی ئینگلیزی ٢٦ پیتە بێ پیتەگانی لێکدراوی وەکوو:

a - b - c - d - e - f - g - h - i - j - k - l - m - n - o - p - q - r - s - t - u - v - w - R - y - z

وه پیتەکانی عارەبی ٢٩ پیتە وەکوو.

(ئ - ا - ب - ت - ث - ج - ح - خ - د - - ذ - ر - ز - س - ش - ص - ض - ط - ظ - ع - غ - ف - ق - ک - ل - م - ن - و - هـ - ى).

وه پیتەکانی فارسی ٣٢ پیتین : ا - ب - پ - ت - ث - ج - چ - ح - خ - د - ذ - ر - ز - ژ - س - ش - ص - ض - ط - ظ - ع - غ - ف - ق - ک - گ - ل - م - ن - و - هـ - ى)کە هەمووی ئەم پیتانە له نووسینی فارسی دا هەیە بەڵام لەخوێندن و بێژەییدا تەنێ ٢٣ پیت له زبانی فارسیدا هەیە.

یاد ئاوەری

١ - شێخ موحەممەدی خاڵ ئەڵێ : هەزار ئافەرین بۆ ئەو زانـایە،
ەوتویەتی: (گەلی دیلی خاوەن فەرهەنگ و زمان، وەک بەندییێک وایە
ە کلیلی دەرگای بەندیخانەکەی لە گیرافانا بێ) هـەرکاتێک بـیەوێ
زگار و لە دیلی سەرفراز ببێ بە کلیلی زمانەکەی دەرگای بەندیخانەی
یلی یەکەی ئەکاتەوە وە بەیداخی ئازادی و سەربەخۆیی هەڵ ئەدا. کە
ە راستی ئەو دییلە کوردە.

٢ - دەبێ بڵێن زبان، خۆی لە ئاکامی چەند دەزگای بچوکتر - پێک
اتوە.

١ - دەزگای دەنگی.

١ - دەزگای دەستور و رێزمان.

٢ - دەزگای وشەکان کە دەزگای دەنگی برێتیە لە نەزم و یاسایەک کە لە
ێوان مەتەکان و عەناسری ئاوازی زبان‌دا هەیە.

ەزگای رێزمان برێتیە لە نەزم و یاساییێک کـە لە نـێوان مـەتەکـان و
عەناسورێکە لە زباندا مانایان هەیە، دەبێ دەزگای وشەکان برێتیە لە
چەند وشەکە ئەهلی زبان دەستی پی دەگات.

ەزگاکانی دەنگی و رێزمان زۆر پێکەوە هۆنراونەتەوە، بەلاّم وشەکانی
زبان دەزگاییێکی هۆنراوەی نیە.

سەرئەنجام درز لە شەبەکەی وشەکاندا ئاسانەکە هەروەها لە پێشان وترا وە زۆربەی وشەکانی زبانی فارسی لە وشەکانی زبانی کوردی و عارەبی گیراوە و زبانێکی سەربەخۆی فارسی پێک هێناوە.

وە دەبێ بڵێن زبانی کوردی خۆی زبانی نـیزیکەی چـل مـیلیون کەسی کوردە کە جگ لە ئێران کە نیزیکەی ١٠ میلیۆن کەسن تا ساڵ ١٣٦٦ کـۆچی خـۆری لە عـێراقـدا ٣/٧٥ مـیلیۆن تـا چـەند سـاڵ لەمەوپێش وە لە تورکیادا نیزیکەی ٢٠ م (تا چەند ساڵ لەمەو پێش) وە لە سوریادا ٢/٥٠٠ م (تا چەند ساڵ لەمەو پێش) وە لە ئەرمەنستان و ... - ٧٠٠ هەزار کەس دەژین کە لە ئەسڵدا هەموو ئێرانین وە بە داخەوە لە نیشتمانی سیاسی خۆیان بڕاون.

بەشی دووهەم:

زاراوەکانی زبانی کوردی وە شێوە جۆرواجۆرەکانی وە ئەو جێگا و ناوچانەکە لە پێشان بە زبانی کوردی نووکەیان کردوە وە ئەو ناوچانەی کە ئێستا بە زبانی کوردی ئەدوێن.

١ - هەروەها لە پێشان ئاماژەم پێ کرد: دەزانین کە لە جیهانی لە مێژینەدا لە نێوان زبانەکاندا کەمتر جیاوازی هەبووە، لە ئاکامدا دەبێ بڵێن کە زبانی هۆزەگانی لولویی، گوتی، سوباری، نایری، هوری، کاسایی، کادوسی ئورارتویی، مانناییی، میتانی، هیتانی «حەیسی» میدیایی کە هەموو کورد بوونە وە حکومەتی بە مانای راسەڵیان هەبوە وە پێکەوە خزم بوونە وە جێگای دانیشتنیان لە سەر زەوینی ئێرانی ئێستا و عیراق و تورکیا و بەشێک لە ئەرمەنستان بووە وە تا هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام وە تەنانەت تا ئەوەی کە لە سەردەمی سامانیەکاندا زۆربەی بەشی ئێران وە هەموو ئەو جێگایەنە کە ئێستا کوردی تیدا دەژین لە هەر چوار، پێنج پارچەکەی کوردستاندا بە زبانی کوردی پەتی نووکەیان کردووە دەکەن.

وە پایتەختی ئەم زبانەی کوردی بەم جۆرەی خوارەوە بووە: هەوەڵ ئەرارات [1]، دوهەم زاگرۆس، سێهەم سپاهان، چوارەم

---

١ -لاپەڕەی ۴١ جزمی هەوەڵ مێژووی مەردۆخ.

نەهاوەند پێنجەم هەمەدان، شەشم تیسفون یانێ هەوەڵ جار لە دوای سەردەمی بارانی و نیشتنەوەی گەمیەکەی حەزرەتی نوح لە سەر کێوی گوتی (جودی) لە ئاراراتدا بە زبانی کوردی دواون وە دوای ئەوەی کە کێوەکانی زاگرۆس لە ژێر ئاو هاتۆتە دەرێ وە لە دوای ئەوەدا کە دەشتەکانی زاگرۆس بۆ ژیان جۆر بووە زبانی کوردی لە ئەراراتەوە بۆ زاگرۆس وە دوای ئەو بۆ سپاهان وە لە دوایـیدا بـۆ نـەهاوەند وە لە سەردەمی میدیاکاندا ناوەندی زبانی کوردی گەیشتە هەنگمادای وە دوای ئەو لە سەردەمی ساسانیەکاندا ناوەندی کوردی بوە تیسفون وە پاوشایان و سانانی ئەوکات هەموو بە زبانی کوردی دواون وە هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی وانیش بە زبانی کوردی قسەیان کردوە وە لە کاتی هێرشی [1] ئەسکەندەری مەقدونی دا بۆ ئێران زبانی کـوردی زبانی رەسمی هەمووی ئێرانیەکان بووە.

زبانی کوردی زبانی ئاوێستایە بەڵام ئێستا گۆڕانکاری زۆری بـە سەردا هاتوە وە ئەوەش هۆکاری زۆرە وە بە شینایی لە بـەشەکـانی داهاتودا بە بڕێک لەو هۆیانە ئامارە دەکەم.

٢ - لە کـتێبی مـێژوویی زاگـرۆس دا لە نـووسینی رەشـید شـێخ عبدالرحمان لاپەڕەی ٣٧٢ و ٣٧٣ ئەڵێ:

زانایانی کورد وەکوو تەبەری، یعقوبی، بەلعەمی، ثعبلی، هەمزەیی،

---

١ - ئێرانی قەدیم مشیرالدوله لاپەڕە ٥٧ و محمد امین زەکی لاپەڕەی ٧٤.

ئەسپەهانی، شارەزوریەکان کە حەوت زانا بوونە، گردی زی، قەزوینی، ئیبنی سینا، بەیهەقی، بیرونی، خەلەکانی، کەندی، ابوسهل کویّ، ابو سهل المسیحی، عبدالرحمان پزیشک راز ، ئەبوبکر رازی، محمد رازی، دینەوەری، بلازەری کە لە پێشان هەموو بەعارەبی دەیان نووسی، بەلاّم ئەمیر مەنصوری کوڕی نوّح ئەمیری سامانی کە خوّی کورد بووە) فەرمانی دا بە وەزیری زانیاری خوّی (بەلعەمی) لە زمانە ئێرانیەکان دا زاراوێک کە شایان بیّ بوّ خوێندن و نووسین بکرێت بە زبانی رەسمی دەولّتی سامانی وە لە نێو حەوت زاراوەدا کە کوّیان کرد بووە وە، زاراوەی دەری (کە دەری و نیشکاش دو ئاواپین لە بناری هەورامان بە رووی مەریوان دا (لە نیزیکەی ئاوای چوّڕ و نەنە) کرا بە زبانی رەسمی حکومەتی سامانی کورد وە لە دواییدا نیزامی (نظامی) گەنجەوی کە ئەلّیّ دایکم کورد بووە وە رودەکی ئەبو عبداللە وە ابولحسن علی لوکری [1] وە فیردەوسی کە خوّیان کورد بوونە بە زبانی

---

۱ - محمدی عوفی لە جزمی ۳ کتێبی لباب الالباب ئەلّیّ شاعیری گەورەی خەلّکی ئەفغانستان یەکیّ لە گەورەکانی زانستی بە ژمار دێت لە وەسفی نوحی کوڕی پاوشای سامانی ئەلّیّ:

نگار من آن کرد گوهر پسر	زین است و حسن از قدم تا به سر
همو گفت در نی ای لوکری	غم شاه خوری مخور

یا ئەلّیّ:

دەری شیعریان وت وە هەروەها ئەڵێ! هەرچەند کاری سامانیەکـان بۆتە هۆی ئەوەی کە کوردەکانی بلوچ و کرمان و دەیلەم و ڕەشت و گێلان ئیتر بە زبانی کوردی قسەیان نەکرد بەڵام بـەم جـۆرە لە ژێـر دەسەڵاتی عارەب هاتنە دەرەوە و نەجاتیان بوو لە زمانی زۆرە ملی عارەب (وەرگێڕانی لە کتێبی زاگرۆس تەواو بوو).

وشەکانی زبان لە درێژای هەزاران سـاڵ دراوەتـە بـەر بـڕبەنگ و هەسان تا ڕێک و پێک بووە، وە بە وتەی زانای زۆر گەورە و دڵسۆزی کورد شێخ موحەممەدی خاڵ ئەڵێ: ئێستا زمانەکانی سـەر زەوی لە ۲۶۰۰ زبان تێپەڕیوە وە لە لاپەڕەی ۸ی فـەرهەنگی خـاڵدا ئـەڵێ: زمانی کوردی لە زمانە دەوڵەمەندە زیندوکانە وە لە ئاهەنگ و شێوە و دەنگا لە گەڵ ناسکترین زمان کە فەڕەنسزیە جـیاوازێکـی نـیە وە لە لاپەڕەی ۲۲ دا دیسانەوە ئەڵێ: ئەگەر بەم ڕەنگە زمانی کوردی لە گەڵ زمانەکانی ترا بەراوورد بکەین نە خوازە لا لە گەڵ ئـاڵمانی دا گـەلێ زۆرتر و ڕێکتر دەر ئەچێ، خۆ کوردی و فارسی هەر مـەپرسە وە لە لاپەڕەی ۲۳ دا ئەڵێ: زبانی کوردی لە دوو سێ هەزار ساڵ لەمەو پێش بەرزترین و دەوڵەمەندترین زمان بووە.

۳ - ئەو مەڵبەندانە و ئەو زاراوانەی کە ئێستا بە زبانی کـوردی قسە

بخارا خوشتر از (لوکر) خداوندا همی‌دانی
و لیکــن کــرد نشکــیبد از دوغ بــیابانی

دەکەن بەم جۆرەی داهاتویە وە بەیانی بەش کردنی ئەو مامۆستا و گەورە زانایانە کە زبانی کوردیان بە زاراوە کانی جۆراوجۆر دابەش کردوە:

ئەلیف ـ دابەش کردنی جەنابی دوکتور روخزادی بۆ زبانی کوردی:

کورمانجی باکوری[1] (جەزیرەی، حەکاری، بایزیدی، بوتانی، شەمدینانی، بادینانی).

- کورمانجی باشوری (سورانی) (موکریانی، سۆرانی بە تایبەت، ئەردەلانی، جافی)

- کرماشانی - لوڕی (کرماشانی، لوڕی، فەیلی، لەکی، بەختیاری)

- گۆرانی - زازایی (گۆرانی (هەورامی)، زازایی.

وە نێوی جێگاکانیشی بردوە.

بێ – دابەش کردنی زبانی کوردی بە زاراوەکان لە لایەن گەورە زانای کورد خوا لێخۆشبوو محمەد مەردۆخ بەم جۆرەیە:

لولو، زازا، کورمانجی، گۆرانی، لوڕی، کەڵوری، گیلی، یانێ حەوت زاراوە بەڵام مەردۆخ لە جزمی هەوەڵ لاپەڕە ۴۱ مێژووی کورد و کوردستاندا ئەڵێ زبانی کورد بە کرمانج، گۆران، لوڕ، کەڵهوڕ دابەش دەکرێ وەکوو بەتلیسی.

---

۱ ـ لاپەڕەی ۳۲ تا ۳۴ ئاواشناسی و دستور زبان کردی.

جێ ـ دابەش کردنی زانای پایەبەرزی کورد، شەرەفخانی بەتلیسی کورمانج، لوڕ، کەڵووڕ، وە گۆران یانێ چوار بەش.

دێ ـ دابەش کردنی زبانی کوردی بە زاراوە جۆراوجۆرەکان لە لاێن جەنابی دوکتور سەدیقی بۆرەکەیی زانای پایەبەرز و دڵسـۆزی کورد.

- کورمانجی باکوور [1] (بوتانی، بادینانی، بـایزیدی، شـمدینانی، زازایی، قوچانی).

- کورمانجی باشوور :(سۆرانی موکریانی، بابانی، ئەردەڵانی.)

- گۆرانی (هەورامی تەخت، ژاوەرۆیی، لهۆنی).

- لەکی: ـ (کەڵوڕی، ئیلامی، کێودەشتی، شیروانی، گەڕوسی.)

- لوڕی: (فەیلی، بەختیاری، هەفت گلی، سوسەنگردی.)

وە نێوی ئەو جێگایەنەی کە بەم زاراوانە قسە دەکەن بردوە.

هێ ـ دابەش کردنی خوا لێ‌خۆش‌بوو شێخ موحەممەدی خاڵ زانای پایەبەرز و دڵسۆزی نەتەوەی کورد:

١ - زازا

٢ - کرمانجی دەستە چپ (باکوری) کە (بۆتانی)

---

١ ـ لاپەڕەی ٢٤ تـا ٢٨ی فـەرهەنگی مـیدیا جـزمی هـەوەڵ (٢) لاپـەڕەی ٢٦ی فەرهەنگی خاڵ.

و (بادینانی) و (هەکاری) و (بایزیدی) و (شەمدینانی)یە.

٣ - کرمانجی دەستە راست کە (سۆرانی) و (بابانی) و (موکریانی) و (ئەردەڵانی)یە.

٤ - لوڕی کە (بەختیاری) و (لەکی) و (فەیلی)یە

کە بە زانایێکی زۆر تەواو و نێوی جێگای ئەو زاراوانەی بردوە کە لە دواییدا باسی لێ دەکەم.

و - دابەش کردنی جەنابی دوکتور بەهمەن فەریوەر (سۆران).

١ - زاراوەی کرمانجی باکوور [1] (شێوەی کرمانجی ژوورو (باکووری).

کە ژێر زاراوەکانی (زازا، بۆتانی، شەمدینانی، حەکاری، بایزیدی،..)

٢ - زاراوەی کرمانجی باشور (شێوەی کرمانجی خواروو (باشووری)

کە ژێر زاراوەکانی (ئەردەڵانی، موکریانی، سولەیمانی) وە لە استیلاح دا بە زاراوە کرمانجی باشوور کە زبانی ئەدەبیە سۆرانی پێ ئەڵێن.

٣ - زاراوەی هەورامی یا گۆرانی (شێوەی هەورامی (گۆرانی).

٤ - زاراوەی لوڕی.

٥ - زاراوەی کەلوڕی

ز - دابەش کردنی زبانی کوردی بە زاراوەکان لە لاین زانای زبان

---

١ - لاپەڕەی ٤٥ و ٤٦ ڕێزمانەکەی خودی سوران.

ناس کاک جەماڵ نەبەز (پروفیسۆر).

باوەڕم ئەوەیە کە وشەی (کرمانجی) لە وشەی (کوردی) کۆنترە بە زۆری لێرەدا وشەی (کرمانج) بەکار دەهێنم و (زمانی کرمانجیش) بە سەر دوو شێوەی بنچینەیی و دوو شێوەی لاتەنیشتیدا دابەش دەکەم، مەبەستیشم لەم دابەش کردنە بەم جۆرە کەم کردنەوەی نرخ و بایەخی ئەو شێوانە نیە و ..

١ - دوو شێوە بنچینەیی یەکە:

١ - کرمانجی ژووروو (بوتانی، جزیرەی ، هەکاری و بادینانی، ئاشیتەیی، بایزیدی کە زاراوەی جزیرەی بەسەر هەموان‌دا زاڵ بووە).

٢ - کرمانجی نێوەڕاست (سولەیمانی، سنەیی، ئەردەلانی، کەرکووکی، گەرمیانی، هەولێری، سۆرانی و موکریانی و شارباژێڕی و پژدەری دەگرێتە کە زاراوە سولەیمانی بە سەر هەمووان‌دا زاڵ بووە).

ب - دوو شێوەی لاتەنیشتەکە:

١ - کرمانجی خوارووی (فەیلی، کرماشانی، لەکی، کەڵهوڕی، خانەقینی، وە لوڕی).

٢ - کۆمەڵە شێوەی گۆرانی - زازایی.

ئەوە بۆ دابەش کردنی زبانی کوردی لە لایەن ئەو مامۆستا بەڕێزانەوە بە زاراوەکانی جۆراوجۆر، هەرچەند رەخنە گرتن لە دابەش کردنی ئەو مامۆستا زۆر زانایانە لەم بابەتەوە زۆر سەختە و دڵ و جەرگی شێری

پێویستە.)

بەڵام لە روانگەی نووسەری ئەم کورتە نامیلکەیەوە کە خۆی بە شێریش نازانی هەرکام لەو دابەش کردنانە، جێگای رەخنەی گشتی وە تایبەتیە: جا:

پێش لەوەی ئەو ئینتیقاد و رەخنانە بنووسم دیسانەوە بۆ دابەش کردنی زاراوەکانی کوردی بە پێویستی دەزانم کە ئاماژە بە پێشینەی مێژوویی نەتەوەی کورد بکەم:

هەروەها دەزانین کە لە مێژووی پڕ لە شانازی نەتەوەکەمان دا، هەمووی ئەو هۆزانەی کە لە بەندی یەکەم، بەشی دوهەمدا نووسیومە لە سەر زەوین، لە جیهانی لە مێژینەدا حکومەتیان هەبوە هەر هۆزێ لەوانە زاراوەییێکی تایبەتی هەبووە، هەرچەند بە وتەی مێژووی زاگرس هۆزی نایری و هوری لە سوبارین وە تەنانەت ئەڵێ ئاسوری و سومەری و مانایی و ماد و پرسی هەموو نەوەی سوبارین کە سوباریەکان خۆیان لە چوار هەزار ساڵ پێش زایینی ، تا هەزارەی یەکەم پێش زایینی لە ناوچەی پان و بەرینی کوردستاندا دەسەڵاتدار بوونە وە، هەرچەند لە دونیای لە مێژینەدا بە چەندین هۆز و گروپ گوتی وتراوە.

بەڵام هۆزەکانی ماد (میدیا) وەکوو پارتاسینی (لە وەرامین ورەی و روخی دەریای کاسپین).

بـــوزيابوس (له نـــاوچەی مـازندەران)، يـا(ئـيستر و خـات له سەمەرقەند و خوارەزم). ئاريزانت (له ئازەربايجان و دەورو بـەری روباری ئەرەس)، بوودی که چوونه بۆ ولاّتی هيندوستان وه ماژ يـا موغ که له دواييدا عارەبەکان پێيان وتون مەجوسی که ئەمانه ئايينی زەرتەشتيان (زەردئوشترا) موژەی کردوه وەگومەتەی برای پاتی زيت لەم هۆزەيه وه هەروەها وتويانه هۆزی دەيلەميش که مێژوو نـووسان لەو کاتەدا نێويان نەبردوه له ميدياکانن که هەمووی ئەم هۆزانه که وتم خۆيان زاراوەی تايبەتيان هەبووه وه هۆزەکانی وەکوو پـارتاسينی و ئاريزانت ئيستروخاتيان به تايبەت ئاريزانتەکـان [1] زاراوکـەيان بـه هەموانەوه نزيکتر بوه وه شێوەی هاوبەشيان له تەک هۆزەکانی ديکەدا پتر بووه، وه هەروەها خوا لێخـۆشبوو زانـای پـايەبەرز مـحمدی مەردۆخ له مێژووی کورد و کوردستان دا نيزيکه پێنسەد هۆزی نـێو بردوه وه زۆربەی مێژوو نووسان و مێژوو ناسان له سەر ئـەوەن کـه زبانی کوردی زبانی مادەکانه (ميدياکانه) که دوايترين حکـومەتی کورد له ئێران له جيهانی کۆندا بووه که ئەوه بوو ميدياکان بـه سـەر ئورارتويان و ماننا کان دا که خـزمی خـۆيان بـووه پـيروز بـوون وه دەسەلاّتی وان تەواو بوو که هەرچەند ئەلّێن دياکۆ خۆی له ماننا کانه) هەروەها له مێژووی راستەقينه دا نـووسراوه کـه پـادشای سێهەمی

---

١ - لاپەڕەی ١٤٢ تا ١٤٧ مێژووی دياکۆنۆف.

میدیاکان بە نێوی سیاکزار یاکواکسار (هوەخشەترە) لە ساڵی ٦١٢ی پێش زایینی دوایی بە دەسەڵاتی ئاشوریان لە نەینەوادا هێنا، جا بۆچی لە نێو هەموو ئەو هۆزە دەسەڵاتدارانەدا تەنێ نێوی هۆزیماننا بە ناو بانگ بووە وە بۆتە کورمانجی کە ئەڵێن کوریانێ کورد، مان یانێ ماننا بە تێکڕا دەبێتە کورد ماننایی کە ئەگەر وابێ ناتوانین بە هەمووی کوردەکانی ئەمڕۆ بڵێن کرمانج بۆ ئەوەی دەسەڵاتی مانناکان لە دەور و بەری دەریاچەی ورمێ وە ئەم ناوچانەدا بووە، بۆ وێنە لە کرماشان و مایدەشت و بیستون وە نێوان دەرەی گاماساو و سیمەرە هۆزی ئیلی پێ دانیشتوبون کە لە هەزارەی یەکەم پێش زایینی لە گەڵ میدیاکانی خزمیان دا لە دژ ئاشوریان هاوکاریان کردوە. بەم جۆرە دابەش کردنی پروفیسور نەبەز جێگای رەخنەیە.

بڕوای نووسەر لە سەر ئەوەیە کە کرمانج = بەم جۆریە: کور = کورد، مان = ماندگار ج = جێگایانی ئەم سێ وشە کە کورت کراوەتەوە بۆتە کرمانج ماناکەی کوردی ماندگار لەجێگایا لەجێ دایە:

یانێ کاتێکە هۆزەکانی بێگانە وەکوو تورکەکان هێرشیان بردوە و هاتوون و جێگای کوردەکانیان داگیر کردوە وەکوردەکان پاشەکشەیان بۆ نێوی خاکی کوردستان کردوە، وتویانە ئیتر ئێمە کوردی ماندگار لە جێ خۆمانین وە لە سەر ئەم مانایە داکۆکی دەکەم کە کورمانج یا کرمانج بە مانای کوردی ماننایی نیە بەڵام سەرەڕای ئەو مانایە کە وتم

دەگونجێ ووشەی کرمانج ئاماژە بێت بۆ نیزامی توتیم و توتیم پەرەستی ئەوکات کرمانج بەم جۆرە مانا دەکرێ = جارێک کرمان +ج لێرەدا کرمان گەلی کرم وە ج = جێ یانی جێگای کرمان.

٢ - کر + مان + ج وەکر یانێ کورد، مان یانێ مانا روحی هاوبەش یا نیاو با پیرەی هاوبەش.

ج – یانێ جێ بە تێکڕایی دەبێتە روحی هاوبەشی کورد لە جێگادا (لە جێگای خۆیدا) یا نیای هاوبەشی کورد لە جێگادا کە ئەمەش لە روانگەی مرۆڤ ناسیوە زۆر نیزیکە.

کە هەر دوو ئەم لێکدانەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی توتیم پەرەستی کە زۆر کۆنە وە دەگونجێ هەزاران ساڵ پێش لە هاتنی زەردەشتەکان پەیامبەرانی کورد و ئێرانی) بێ.

ئەگەر بەو مانایە نەبێ کە من وتم وە لێکۆڵینەوەی مرۆڤ ناسیە (ئانتر و پولوژی) نەبێ ئەوە هەڵبژاردنی ماناکان لە نێوی ئەو هەموو هۆزەدا دەبێتە بتر زانینی بێ پاژ و بێ بەڵگە (ترجیحی بلامرجح) وە ئەمەش لە زانستی پەیڤنە و مەنتیق دا هەڵەیە.

بەڵام لە کاتی ئێستادا نێوەکانی : ئەردەڵان، بابان، موکریان، سۆران، لوڕ، لەک، بادینان، کەڵووڕ، کرمانج و.. هێشتا باوە و باسی لێ دەکەن وە منیش دەمەوێ زبانی کوردی بەو زاراوانەی کە باون کە دەگونجێ لە ناوچەیێکدا چەندین زاراوە هەبێ وە ناتوانرێ بوترێ بۆ وێنە خەڵکی

له شاری کرماشاندا تەنێ بە لوڕی، یا لەکی یا کەڵوڕی، یا گۆرانی یا هەورامی و یا سەنجاوی قسە دەکەن بەڵکوو هەمووی ئەو زاراوانە لە شاری گەورەی کرماشاندا هەن وە بۆ زۆربەی جێگاکانی تریش هەروەهایە، ئیتر ئێستا وەکوو سەردەمی رابوردو نیە کە هەر هۆز و گروپێ ناوچەی تایبەتمەندی خۆی هەبێت وە بۆ کار بردنی وشەی کرمانج یا کورمانجی بۆ هەمووی خەڵکی کوردستان وەکوو کاک جەماڵ نەبەز ئەم کارەی کردوە وە یا بەشێک گەورە لە کوردستان کە زۆربەی مامۆستایان ئەم کارەیان کردوە بەکاری بەرین کە ئەگەر کرمانج بەو مانایانە کە نووسەر وتویەتی بێ بەتایبەتی لێکۆڵینەوەی ئیتنولۆژی یا ئانتروپولوژی هیچ رەخنە وکەم وکوڕییێکی (کوڕیەکی) تێدا نیە (لەم بابەتەوە) بەلاّم بە هەموو خەڵکی کوردستان کرمانج نەوتراوە وە تەنانەت بڕێکیان پێیان ناخۆشە پێیان بڵێ کرمانج بۆ وێنە وەکوو ئەوانەی کە خۆیان بە سنەیی و یا ئەردەلانی دەزانن (هەرچەند لە مانای هەوەڵدا کە نووسەر وتویە خەباتکاری و بەربەست کردنی بێگانەی تێدایە) خۆیان بەکرمانج نازانن، ئێستا ئینتیقاد و رەخنەکان.

ئەلیف : لە دابەش کردنی جەنابی دوکتور روخزادیدا بۆ زاراوەکانی کوردی ئەم رەخنانەی خوارەوە لەبەر چاو دەکەوێ

١ - زاراوەی کرماشانی کە خۆی دیسان بۆتە ژێر زاراوە وە بە نێوی زاراوەییێک لەگەڵ زاراوەی لوڕیدا لە یەک بەش وە زاراوەی گۆرانی لە

گەڵ زاراوەی زازادا «وەکوو دابەش کردنی دوکتور جەماڵ نـەبەز» لە یەکبەش داهاتوە جێگای چەند رەخنەیە:

- جارێک کرماشان بۆتە زاروەیەک و جارێکیتر بۆتە ژێر زاراوە وە تێکەڵ کردنی کرماشانی و لوڕی خۆی ئاوێتە کردنی جوغرافیا و هۆزە پێکەوە، کرماشان خۆی نێوی شاریکە وە چەندین هۆزی تێدایە وە زاراوەی هۆزەکان وەکـوو گـۆرانـی و لوڕی، کـەڵووڕی، لەکـی، هەورامی و سەنجاوی لە کرماشاندا باوە، چۆن دەبێ بە هـەموو ئـەو زاراوانە بوترێ کرماشانی کەچی لوڕی و لەکی و .. خۆیان زاراوەن وە ئەمەش لاینی زانستانەی نیە وە سەرەڕای ئەوەش جەنابی روخزادی کرماشانی کـردۆتە زاراوەی ئـیلام، ئـەیوان و ئـابدانـان ، مـیهران و دێلوڕان، کولیایی و هەرسینی، قەسری شیرین و بیجاڕ، کەنگاوەر و سەحنە، خانەقین، مەندلی و ..کە ئەمانە لە تەک زانستیا جۆر دەرنایێت «خۆشی دەزانێ» ئەگەر ئەم دابەش کردنە راستە جا بۆچی نـەوترێ کامیاران و لەیلاخ و دێگولان و شاری سنە بە سنەیی قسە دەکەن وە یا بۆچی نابێ بڵێن، زاراوەی قەسرشیرینی و کەنگاوەری و...

بەڕاستی ئەم جۆرە دابەش کردنانە نەتەنێ لاینی زانستی نیە بەڵکوو تێک دانی نیزامی دابەش کردنە، لە دواییدا دەنووسم کە بـەرامـبەری تۆژینەی ورد هەرێمی ئیلام بە چ زاراوەیەک قسە دەکەن کە نێوێک لە کرماشانی نیە، ئەمە وەکوو ئەوە وایە کە بڵێن نوێژی جێژنی رەمەزان لە

قــوورباندا دەخــوێنین، کــرماشان لە کــوێ و خــانەقین و مــەندەلی و کوردەکانی بەغدا و بیجاڕ و کەنگاوەر لە کوێ؟!!

٢ - لە بەشی ج دا کەڵووڕی بۆتە زاراوە بۆ فەیلی، لەکی و بەختیاری دیسان لە تەک کرماشانی و لوڕیدا کە خـۆیان (بـە وتـەی خـودی جەنابی روخزادی) زاراوەن بوونەتە ژێر زاراوە چۆن دەبێ شتێک هەم ئەندوهم گشتی بێ «مەگەر بەڕێژ» لیرەش دا دابەش کردنە کـەلایەنی زانستانەی نیە.

٣ - شاری کرماشان لە سەرەتای هاتنی ئایینی ئیسلامەوە نـاوەندی حوکمرانی و دەسەڵاتی هۆزی گۆران بووە وەکوواتـانزە دەسـەڵاتی ناوچەی کرماشان تا تەورێزی بە دەستەوە بووە، بۆچی زاراوەی گۆران نابێتە زاراوەیەک لای کەم لە شاوا و دالاهۆ.. دا وە لە خودی شـاری کرماشانیشدا.

٤ - زاراوەی گۆرانی بە زاراوە هەورامی زانین و لە گەڵ زاراوەی زازا دا نێو بردنی جێگای رەخنەیە، راستە بڕێک لەو وشەکانی زازا وەکوو زاروکە و .. لە گەڵ هەورامی دا نێزیکن بەڵام بابەتەکانی هاوبەش لە زاراوە کوردیەکانی ترا وەکـوو ئـەردەلانی و گـۆرانــی و کەلووڕی لە گەڵ هەورامیدا زۆرترە، جگ لە وەش زاراوەی هەورامی و گۆرانی یەکێ نین وە گۆرانی [1] و گۆران وە هەورامی و هەورامان

---

١ - زاراوەی گۆرانی: زاراوەیـەکـە لە نـێوان زاراوە هـەورامـی و کـوردی سـۆرانـیدا

ئێستا زۆر جیاوازن، هەرچەند دەگونجێ بلێین کە لە سەردەمی زۆر لە مێژینەدا یەکێ بوو بێتن ئەم وتە رەخنەش بۆ هەمووان دەبێ.

٥ - هەروەها دابەش کردنی زبانی کوردی بە گۆرانی، زازایی، کرماشانی، لوڕی، باکووری و باشووری خۆی دابەش کردنی دژ یەکە، یانێ گۆرانی و زازایی و لوڕی بۆ وێنە خۆیان ریژ دراوی کەسانن وە ناوبردنی کەسان یانێ حاڵ «دانیشتوان» لە گەڵ محلّ «جێگای دانیشتن»دا دژ یەکن وەکوو بەش کردنی مرۆڤ بە کێو و روبار و پیاو و ژن کە لە بناغەی دابەش کردنە کە دابەش‌کراو لە تەک دابەش کراوەکان‌دا پێکەوە جێگای رەخنە و هەڵە یە وە ئەم رەخنانە کە وترا بۆ هەمووی ئەو بەشەدابەش کردنانەی ماموّستایانی دیکە دەبێ کە وەهایان دابەش کردوە بەڵام پیاو نابێت لە راستی چاو بنووقێنێ کە خاڵێکی زۆر نازک و گرینگ کە هیچکام لەو ماموّستایانە لە دابەش‌کردنەکەی خۆیاندا بۆ زبانی کوردی نەیانوتوە وە دەبوایە بیلێن بینووسن. جەنابی دوکتور روخزادی ئاماژەی پێ کردوە وە ئەوەش

وەکوو ئەوەی وایە کە کوردیٚ سۆرانی لە تەمەنی سەرەوە زاراوەی هەورامی فێر بێت تا ئەو جێگایە کە نووسەر تێ گەیشتوە وێدەچێ کە ئەو زاراوەی کوردی گۆرانە، زاراوەی ئایینی بێ کە سوڵتان سهاك خۆی لە کوردەکانی بەرزنجیە وە هاتۆتە هەورامان و زاراوەی هەورامی فێر بووەە و لە تەك کوردی سۆرانیدا تێکەڵی کردوە و بۆتە گۆرانی.

زاراوەی جافی‌یە کە لە گەڵ زاراوەی ئەردەڵانیدا بوونەتە ژێر زاراوەی کرمانجی باشووری «سۆرانی بە مانای گشتی». ئیتر ڕێزمانەکـەی لە ئاواشناسی و دستور زبان کردی‌دا مەپرسە چی کردوە؟!! بە راسـتی کارێکی زۆر گەورە و زانستانەی لە بـابەت وێـژیات و فـەرهەنگ و ڕێزمانی کوردی ئەنجام داوە وە لە ڕوانگەی نووسەرەوە کەم وێنەیە وە، یا لای کەم بەم ڕەوشتە بێ‌وێنەیە کەچی بڕێکی‌تر، کتێبی ڕێزمانی کوردیان نووسیوە و نێویان ناوە دەستوری کامیلی زبانی کوردی و ... بەراستی...

وە ئەوەش بڵێم جەنابی دوکتور روخزادی وەکوو زانایانی دیکەی کورد بە دڵسۆزیو و زانایێکی تەواو ئەو پـەرتوکەی (ئـاواشـناسی و دستور زبان کردی) نووسیوە جێگای ڕێزە.

بێ – دابەش کردنی خوا لێ‌خۆش‌بوو گـەورە زانـای پـایەبەرز «محمد مەردۆخ» بە شێوەی یەکسانی بۆ زاراوەکانی زبانی کـوردی لاێنی زانستانەی هەیە و ئامیری زانستی لە دابـەش کـردندا وەکـوو لاینەکانی گشتی و هاو وا تی لە بەر چـاو گـرتوە وە لەم بـابەتەوە لە ڕوانگەی نووسەری ئەم کورتە باسەدا لە هەموو یا زۆربەی ئەودا بەش کـردنانەی کـە نـووسەر دیـویەتی بـاشترە بـەڵام هـۆزی لولوکـە لە مێژینەترین هۆزەکانی کوردە وە ماوەیێکی زۆر یانێ نیزیکەی شەش هەزار ساڵ لەمەوپێش (ئێستا ۲۷۰۲ کوردی)یە حکومەتیان کردوە وە

دەسەڵاتی ناوچەی کۆیە و ورمێ تا دەگاتە سەر پێڵی زەهاو (کە ئاسەواری ئاننو بانینی پاوشاو قرالی گوتی و لولو لەوێدا دۆزراوەتەوە) بە دەستەوە بووە لەم دابەش کردنە دا هاتوە کەچی ئێستا زۆر کەمن وە بەرامبەر ئەوەی کە خۆم لە کەرکووک (ئەراپخای - قەلای کەرخینە)دا دیتومن بە جێگای وشەکانی بۆ و بۆچی ئەڵێن لۆ و لۆچی وە دوکتور سۆرانیش ئەمەی وتوە بەلاَم وتویە جێگای دانیشتنیان زەنگارە وە ئەو لولویانە کە نووسەر دیتویە جگ لەو وشانە وشەکانی دیکەیان و زاراوەکەیان وەکوو زاراوەی سۆرانی لە کەرکووکدا بووە.

جێ - لە دابەش کردنی مێژوو نووسی باوەڕ پێ کراوەی کورد شەرەفخانی بتلیسیش ئامێر و ئەندازەی زانستی لە بەرچاو گیراوە. وە لەم بابەتەوە جێگای هیچ رەخنەیێک نیە بەلاَم کاتێکە دینە سەروەختی سنە و دەور و بەرییەوە دەزانین کە هیچکات ئەم ناوچە خۆیان بە کرمانج نەزانیوە وە لوڕ و کەڵووڕ و گۆرانیش نەبوونە یا لای کەم خۆیان بە لوڕ و کەڵووڕ و گۆران حەسێب نەکردوە، سەرئەنجام لە دابەش کردنی شەرەفخاندا بەشێک لە زاراوەکانی کوردی لادەچێ وە سەرەڕای ئەوەش دابەش کردنی ئەو زۆر گشتیە.

دێ - دابەش کردنی جەنابی دوکتور سەدیقی بۆرەکەییش (کە بەڕاستی لە فەرهەنگی ماد و کتێبەکانی تریا دڵسۆزانە و ئازایانە بە

شێوەی تۆژینەی راستەقینە خزمەتێکی زۆر گەورەی بە نەتەوەکەمان کــردوە، وە زۆر بـەڵگەی بـزری نـەتەوەی کـوردی دۆزیـوەتەوە و ئاشکرای کردوە کە جێگای رێز و ئیحترامە بۆ ... جێگای رەخنەیە.

١ - دژ یەک بوونی ژێر گروپەکانی زاراوەی زبانی کوردی کە دەوری جوغرافیایی لە تەک هـۆزدا تـێکەڵ کـردوە، هـەرچـەند بـە وشـەی کرمانجی باکوور و کرمانجی باشوور یانێ لێکدروای زیدە و زیدا و تێکۆشیوە کە ئەم دژایەتی لابەرێ بەڵام ئەو رەخنە و ئینتقادەی کە لە بەشی ئەلیف دا لەم بابەتەوە وتومە لێرەشدا راستە و ئامێر و ئەندازەی زانستی بۆ هەمووی دابەش کردنەکەی لە بەرچاو نەگرتوە.

٢ - لابردنی زاراوەی هەورامی وە بە جـێگای ئـەو دانـانی زاراوەی گۆرانی لە لایەنی هەرکەسەوە بێ جێگای رەخنەیە وەکوو لە پێشان دا وتم: دێرەی گۆرانی و هەورامی یەک نین و زۆر پێکەوە جـیاوازیـان هەیە، هۆزەکانی گۆران لە مایدەشت وگاوارە و دەور و بەری کرماشان لە کوێ وەکوو هەورامیەکان و ژاوەرۆییەکان بە وردی قسە دەکـەن، هەرچەند زۆر لە ئاڵ حەقەکانی داڵاهۆ وکرند بە زاراوەیەکی نێزیک بە هەورامی وە هەورامی وێنەی کـوردی سـۆرانـی قسـە دەکـەن وە لە هەورامی جیاوازن وەکوو زاراوەی ئەردەڵانی لە تەک بابانیدا، وە لە کوێدا هەیە کە کوواتانزە و ملک نیاز خان و فرج اللـە خـان صـارم السلطان وەکوو سانەکانی پاوە و نەوسو قسەیان کردوە وە جیاوازی

گۆرانی و هەورامی وەکوو ئەردەلآن و موکریان یا بابانیە ئەگەر ئەردەلآن و موکریان دوو زاراوەن، جا بۆچی گۆرانی و هەورامی نەبن وە ئاوەز لە ئاوازەی گۆرانی نابێتە پاژو بەلگە بۆ ئەوەی هەردوو کیان (هەورامی و گۆرانی) یەک بن، شیعرەکانی مەولەوی تاوگۆزی بە زاراوەی هەورامی یەکە لەو کاتەدا لە حکومەتی ئەردەلآندا باو بوە وە بە زاراوەی گۆرانی نیە هەرچەند بەو زاراوە ئاوازەی گۆرانی ئەلێن ووشەکانی هاوبەشیان زۆرە، کە کتێبی سەرئەنجامیش بە زاراوەی گۆرانیە وە زۆر لە شیعرەکانی یارسان گۆرانیە.

هێ - دابەش کردنی زانای گەورە، دلسۆز، ئەمەگ ناس، لێهاتوو زانا بە زۆر لە زبانەکانی جیهان خوا لێخۆش‌بوو شێخ موحەممەدی خاڵ بۆ زبانی کوردی بە زاراوەکانی، زازا، کرمانجی دەستە چەپ و کرمانجی دەستە راست وە لوڕی. جێگای چەند رەخنەیە.

١ - دابەش کردنی زبانەکانی کوردی بە کرمانجی دەستە راست و دەستە چەپ ئامێری زانستانەی تیدا نیە وە هەروەها لابردنی زاراوەکانی لەکی و کەلوڕی و هەورامی و گۆرانی خۆی جێگای ئینتقادە، هەر چەند لە دواییدا لە ورد کردنەوەی ئەو جێگایانە کە بە زاراوەکانی کوردی قسە دەکەن نیوی لەم چەند هۆزە و شێوە زاراوە بردوە، بەلآم ئەمەش خۆی لە دابەش کردندا هەلەیە.

٢ - هەروەها کەڵووڕی و گۆرانی لە بەشی ژێر زاراوەی کرمانجی وە لەکی و فەیلی ژێر زاراوەی لوڕیدا جۆر نیە و رەخنەکەش ئاشکرایەکە کەڵووڕی نابێتە ژێر زاراوەی کرمانجی بەو مانایە کە ئەوان وتویانە (کورد ماننایی) وە لەکیش نابێتە ژێر زاراوە لوڕی بۆ ئەوەی لەکی و فەیلی خۆیان لە زۆر دابەش کردنەکاندا زاراوەن، سەرەڕای ئەوەش لەکی و کەڵوڕی پێکەوە زۆر نیزیکن چۆن دەبێ لە دوو بەشی ژێر زاراوەی جیاوازی دابن.

٣ - لە دواییدا لە ناو بردنی جێگای ئەو زاراوانە مامۆستا خاڵ وتوویە: لە رۆژ هەڵاتی (خانەقین) نەوەتا (عەلی غەربی) لە پانی و لە درێژی تا (کرماشان) و (نەهاوەند) لوڕە، لە (بیجاڕ)ەوە تا (گەڕوس) و (جوانڕۆ) و (بانە) و رۆژهەڵاتی (سیروان) ئەردەڵانە، لە (شنۆ) و (لاجان)ەوە بە سەر (سابڵاخ) و (سەردەشت)دا تاوەکوو (میاندواو) موکریانە وە لە (مەریوان)ەوە تا (سیروان) هەورامانە، لە (سیروانەوە) (زێ بچوک) بابانە، لە زێ بچوکەوە تا (زێ)ی گەورە سۆرانە لە (زێ)ی گەورە تا شاخەکانی هەکاری) بادینانە، لە رۆژ هەڵاتی شاخەکانی (هەکاری) شەمدینانە، لە رۆژئاوای (زاخۆ) وەتا (ماردین) و نسیبین بە پانی و بە درێژی لە (سعرد)ەوە تا (دێر زۆر) بۆتانە، رۆژئاوای (دیاربەکر) بە (ئورفە) و (خەرپوت) و (دەرسیم)ەوە زازایە بەرامبەر ئەم نووسراوە زاراوەکانی کوردی دەبێتە

دە زاراوە:

١ - لوڕی.

٢ - ئەردەڵانی.

٣ - موکریانی.

٤ - هەورامی.

٥ - بابانی.

٦ - سۆرانی.

٧ - بادینانی.

٨ - شەمدینانی.

٩ - بۆتانی.

١٠ - زازایی کەچی خۆی زبانی کوردی بە چوار زاراوە دابەش کردوە و وتویەتی زاراوەکانی کوردی چوار زاراوەن.

٤ - شێخ موحەممەدی خاڵ وتویە کە خانەقین و کرماشان بە زاراوەی لوڕی قسە دەکەن کەئەم دابەش کردنە ناراستە وە ئەم بابەتە ناڕاستی زۆری تێدایە، هەرچەند زاراوەکانی لەکی و کەڵوڕی وە گۆرانی وە لوڕی وە فەیلی پێکەوە زۆر نێزیکن کە هەروەها زاراوەکانی ئەردەڵانی، بابانی و جافی وە سۆرانی پێکەوە وە زاراوەکانی بادینانی، بۆتانی، هەکاری، شەمدینان و زازایی و .. پێکەوە نێزیکن، نووسەری

ئەم کورتە نامیلکەیە بڕوای وایە کە زاراوەی شەمدینانی بەشێکە لە بادینانی بۆ ئەوەی لە مانادا شەمدینان و بادینان یانێ ئایینی روون و باش بەڵام لە دواییدا لە بەرامبەری ئیزەدیەکان دا ئەم وشە بەربڵاوتر کراوە یانێ بادینان کەچی لە بناغەدا دەبوایە وەکوو خورەمدینان لە ئێراندا بن کە دەزانین لە مێژووی ئیبن‌الاثیر (الکامل) دا هاتوە کە لە سەردەمی هێرشی مەغولدا دوو هۆزی کورد بە نێوی بادین و لادین بە الجزایر کۆچیان کردوە وە ئێستا لە دەور و بەری شاری مێدیا دا لە الجزایر دانیشتون.

و – دابەش کردنی [1] ئاغای دوکتور بەهمەنی فەریوەر (سۆران) کە خۆی رەخنەی لە شێخ موحەممەدی خاڵ گرتوە وە رەخنەکەشی راستە) بۆ زاراوەکانی زبانی کوردی لە دوکتور سەدیقی بۆرەکەیی پەیڕەوی کردوە وە دابەش کردنی ئەو وەکوو دابەش کردنی دوکتور سەدیقی بۆرەکەیە بەم بۆنەوە ئەو رەخنە و ئینتقادانەکە لە بەشی دێ دا نووسراوە لێرەشدا لە بەر چاو دەگیرێ وەچەند رەخنەی‌تر لە بەر چاو دەکەوێ بەڵام ورد کردنەوەی دەبێتە هۆی درێژەی وتار و نووسین.

زێ – دابەش کردنی پروفیسور جەماڵ نەبەز بۆ زاراوەکانی


---


١ - لاپەڕەی ۴۵ و ۴۶ رێزمان بە ناوی پیرامون دستور زبان کردی، لە نووسینی بەهمەن فەریوەر «سۆران سنەیی».

زمانی کوردی خۆی جێگای ڕەخنەیە.
١ - بۆ ئەوەی بۆ دابەش کردنی زمانی کوردی بە دوو شێوەی بنچینەیی یانێ (کرمانجی ژووروو وە کرمانجی نێوەڕاست) وە دوو شێوەی لاتەنیشت (یانێ کرمانجی خواروو) وە کۆمەڵە شێوەی گۆرانی، زازایی، بەڵگە و دەلیلێک لە بەر دەستدا نیە کە بۆچی ئەو زاراوانە بنچینەیی و زاراوەکانی دیکە لاتەنیشتن.
٢ - وتنی کرمانچی چ سەرو چ خوار، چ بنچینەیی وە چ لاتەنیشت بە فەیلی و لەکی و کەڵهوڕی، لوڕی و سنەیی و خانەقینی بە تایبەت بەو مانایە کە بۆ کرمانجیان وتوە جۆر دەر نایێت وە تا ئێستا کە نەبیستراوە لە نێوانی ئەپوروی خەڵکدا بەوانە یانێ فەیلی، لوڕی، کەڵهوڕی سنەیی و خانەقینی بڵێن کرمانج وە بۆ ئەم بەشەش بەڵگەی زانستانە پێویستە.
٣ - دابەش کردنی کرمانجی نێوەڕاست بە ژێر زاراوەکانی: سلەیمانی سنەیی و ئەردەڵانی و .. جێگای ئینتیقاد و ڕەخنەیە بۆ ئەوەی سنەیی و ئەردەڵانی بە دوو زاراوەی جیاواز نێو براوە جا ئەگەر خەڵکی سنە بە زاراوەی ئەردەڵانی قسە ناکەن جێگای لە بەر گیری زاراوەی ئەردەڵانی لە کوێ دایە وە ئەمەش هەڵەیەکی زۆر ئاشکرایە.
٤ - دابەش کردنی کرمانجی ژێر و (بە ژێر زاراوەکانی کرماشان، لەکی، کەڵهوڕی خانەقینی دژ یەکەوە ئەو ڕەخنانەی کە لە بەشی ئەلیف


دا نووسراوه لە بەرگری ئـەم بـەشە دەبـێ وێـڕای ئـەوەش جـەنابی پرۆفیسۆر نەبەز بە بابەتێکی گشتی کە بۆ زبانەکانی تر کار بەری هەیە و باوه ئاماژەی کردوه وه ویستویە بۆ هەموو زاراوەکانی کوردی بە کاری بەهێنێ وەکوو سلەیمانی، سنەی، خانەقینی، شارباژێڕی، پشـدەری و... کە باوه ئەڵێن زاراوەی عارەبی میسری، عیراقی ، مەکی، سوری، لوبنانی، بەغدادی، بەدەوی و ... کە ئەگەر هەڵە لە دابەش کردنە کەدا نەبوایە لە روانگەی نووسەرە وه مەنع و بەرگری نیە کە بوترێ کوردی سنەیی، کوردی سلەیمانی، کوردی کەرکووکی، مەریوانی، لەیلاخی، هەورامی و .. کە ژێر زاراواکان دەبنە ریژ دراوەکان، جـا لەبـەر ئـەو ئینتقیاد و رەخنانە هاتمە سەر ئەوەی کە زبانی کوردی بە جـۆرێکی تردا بەش کەم کە لای کەم جۆری ئەو رەخنانە کەم بێتەوە، هەرچەند وا دەزانم کە بۆ ئەوەی دابەش کردنەکە لایەنی زانستانەی هەبێت بێجگە ئەوەی کە لە باری زەینیەوە دەبێ لە نێوان هەموو هۆزەکان و شارەکان و ناوچەکانی کوردستاندا توژینەی مرۆڤ ناسی و زبان ناسی لە هەموو بابەتەوە بکرێ وە بابەتەکانی هاوبەش لە هەموو زاراواکاندا لە بەر چاو بگیررێ شێوەی دابەش کردن زانستی بێ ئەو کات دەتوانرێ دابەش کردنێکی زانستی و کەم هەڵە لە ئارا دا بێت، ئەگینا بەم جۆرە بە سەر سەراوی راستەقینە ناگەیین یانی دەبوایە لەم بابەتەوە رێگا و رەوشتی هێند بە هێند (ئیستیقراء) بە کار بهێنرا بـایە نـە رەوشـتی ئـاوەردی

(قیاس ی) بەڕاستی دابەش کردنی زبانی کوردی لە کوردستانی بەش بەش کراودا وە لە کوردستانی پڕ لە شاخ و داخ وە دواکەوتودا لە باری پیشە سازی و ئابوری یەوە و وە، لە کوردستانی چەوساوەدا کە لە کوردستانی تورکیا دا خەڵکی کورد ئیزنیان نیە کە بە زبانی خۆیان بدوێن و کتێبی جوغرافیای ناوچەییش نیە کە بۆ وێنە بزانین شارەکانی دیاربەکر و سیرت و بتلیس ئورفە و ئالازیک، وان، ئاکرێ بە وردی بە چ زاراوەی یا زاراوەکان قسە دەکەن بەڵام ئێستا لە ئێراندا بۆ وێنە جوغرافیایی ناوچەی ئیلام بە ئەزمی کوڕی مامۆستایانی جغرافیای ئیلام بە توژینەیەکی راستەقینەی لەبەر چاو، کە هەروەها جوغرافیای کوردستان (سنە) وە کرماشان و ئازەربایجانی رۆژئاوا هەموو لە بەر دەستدایە وە دەتوانین بڵێن بۆ وێنە شاری ئیلام و میهران و دێلۆڕان بە چ زاراوەیک قسە دەکەن وە بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان کە لە رابووردودا لە ئێران جوێ کراونەتەوە جگ لە عێراق تیر هاویشتن بێ مەبەست و بێ ئارمانجەوە زانیاری نووسەر بۆدابەش کردنی زاراوەکانی کوردی لە تورکیا و سوریا دا جێگای گومانە وە پەیڕەوی کردن لەو مامۆستایانەیەکە وتویانە و نووسیویانەکە زاراواکان، بۆ وێنە هەکاری، شەمدینانی، بادینانی و.. لە نێوان کوردەکانی تورکیادا باوەکە هەڵبەت دابەش کردنی نووسەری ئەم کورتە نامیلکەیە بە شێوەیکی ترە کە تا ئێستا بەم شێوەیە نەنووسراوە،


باکوری رۆژهەڵات
قارس
برای نقشه
وان
بتلیس
موش
جزیره
کرماشان
سنه
موصل
E
S


HAKKARİ

برای نقشه



یانێ ئەگەر چوار خەتی راست (بەفەرزی) لە ناوەندی کوردستانەوە کە دەبێتە بەتلیس و بەشێک لەوان بۆ باکوور و باشوور و رۆژهەڵات و رۆژئاوا رەسم کەین کوردستان بە ناوەندیەکەیەوە بە پێنج بەش دابەش دەکرێ کە کوردستانیش کراوەتە پێنج بەشەوە یانێ:

١ - باکووری رۆژهەڵات.

٢ - باکووری رۆژئاوا.

٣ - باشووری رۆژهەڵات.

٤ - باشووری رۆژئاوا.

٥ - ناوەندی کوردستان


یانێ ئەگەر خەتێک هێڵێک لە دوابیترین خاڵی رۆژئاوا (مەلاتیە) بۆ باشووری رۆژئاوای لوڕستان بکێشین مەودای درێژی جوغرافیای کوردستان نیزیکەی ٦٠٠ میلە و پانای کوردستان لە باشوورەوە بۆ باکوور دەبێتە ١٢٠ تا ١٥٠ میل بەڵام ئەگەر لە مووسڵەوە بۆ ئەرارات خەتێک بکێشین پانی کوردستان دەبێتە ٢٥٠ میل پانتی کوردستان نیزیکە پێنسەد هەزار کیلومترە، بەم جۆرە.

تورکیا ١٩٤٤٠٠ کم

ئێران ١٢٤٩٥٠ کم

عێراق ٧٢٢٠٠ کم

سوریا ١٨٢٠٠ کم


VAN

ج - ۴۹۶۵۰۰کم خاکی کوردستانه

و بەرامبەر ئەم رەوشتە بۆ دابەش کردنی زبانی کوردی بە زاراواکانی باوی هەمووی کوردستان دەکرێتە پێنج بەشەوەکە هەر پێنج بەشەکەی جوغرافیای پەتییە وە لە دواییدا دەوترێ لەم ناوچە و شارانەدا زۆربە بە چ زاراویەک یا زاراوەکان دەدوێن. یانی:

۱ - کوردی ناوەندی کوردستان.

۲ - کوردی باکووری روژهەڵات.

۳ - کوردی باکووری رۆژئاوا.

۴ - کوردی باشوور رۆژهەڵات.

۵ - کوردی باشووری رۆژئاوا.

ئەلیف - کوردستان ناوەندی کە دەبێتە شاری بەتلیس و دەورو بەری وە بەشێک لە باشوور و رۆژئاوای دەریاچەی وان بە زاراواکانی زازایی، هەکاری، بادینانی، جەزیرەی وە بۆتانی قسە دەکەن.

بێ - کوردی باکووری روژهەڵات کە دەبێتە [1]: شارەکانی، وان، دوکوبایزید، ئاکرێ، قارس و دەورو بەریان وەکوردەکانی ئەرمەنستان و ئازەربایجان بە زاراوەی بایزیدی، هەکاری، شەمدینانی، بادینانی و... قسە دەکەن.

جێ - کوردی باکووری رۆژئاوا کە دەبێتە شارەکانی، موش

---

۱ - بەرامبەر بەو خەتە فەرزیە.

دەرسیم، ئالازیک، ئەرزەنجان، سیواس، بینگۆل، مەلاتیە و ئەرزرۆم بە زاراوەکانی: زازایی، بوتانی، جەزیری بادینانی قسە دەکەن.

دێ - کوردستانی باشووری رۆژهەڵات دەبێتە:

١ - شارەکانی سەڵماس، وورمێ، هەکاری، شەمدینان، شیرناک، زاخۆ، دهۆک رواندز، شەقڵاوا، موسڵ وە دەوروبەریان.

وە ناوچەی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ زۆر بە زاراواکانی: بادینانی، شەمدینانی هەکاری، جزیرەی، بۆتانی وە ئاشیتەیی [1] و شکاکی قسە دەکەن.

٢ - شارەکانی: مەهاباد، و بڕێکی زۆر لە شاری نەغەدێ، پیرانشار، بۆکان، سەردەشت.

سەقز، بانە، تیکاب بە زاراوەی کوردی سۆرانی موکریانی قسە دەکەن وە دەتوانین پێیان بڵێین بە زاراوەی کرمانجی سۆرانی موکریانی قسە دەکەن هەروەها دەتوانرێ رێژ بدرێ بە شارەکانیش یانێ دوای ئەوەی زاراوە گشتیەکەیان کرمانجی سۆرانی موکریانە بوترێ زاراوەی مەهابادی، سەقزی وە تیکابی و .. کە خۆی زاراوەیەکە لە زاراوە گشتیەکە، یانێ دەبێتە ژێر زاراوە وە ئەمەش هیچ مەنعێکی نیە. وەکوو عارەبی سوری، عارەبی بەغدادی، عارەبی بە دەوی...

٣ - شارەکانی: سنە، مەریوان، دیواندرە، دێ گولان تا دەگاتە نێو شاری

---

١ - (٣) لە جەماڵ نەبەز.

قوروه وه کامیاران تا ده‌گاته برێک له ئاواییه‌کانی ناوچه‌ی کـولیایی وه‌کوو هه‌ڵمه‌ین و میر و مه‌ڕان و ده‌ور و به‌ریان به زاراوه‌ی سۆرانی ئه‌رده‌ڵانی قسه ده‌که‌ن و ئیتر لێره‌دا کرمانجی ناوترێ و باو نیه وه ئه‌م شارانه و ده‌وروبه‌ریان که وتم خۆیان به کرمانج نازانن، هه‌رچه‌ند له‌م شارانه‌دا که وتم جگ له قوروه به زاراوه‌کانی هه‌ورامیش قسه‌ده‌که‌ن، خه‌ڵکی له ناوچه‌کانی ژاوه‌رۆ به شاره‌کانی سنه، مه‌ریوان، کـامیاران کۆچیان کردوه وه له نێوانی خۆیاندا به زاراوه‌ی هه‌ورامی قسه ده‌که‌ن وه ئه‌وه‌ش بڵێم که خه‌ڵکی ناوچه‌ی کامیاران به‌ره‌و له‌یلاخ له نـێوان خۆیاندا ده‌بنه دوو به‌شه‌وه:

١ - گۆران. ٢ - کورد.

گۆران به‌وانه ئه‌ڵێن که له کاتی وتـن و بـێژه‌ی زۆر له وشـه‌کـاندا ئیشمام به‌کار ده‌بن وه‌کورده‌کان ئیشمام یانێ بێژه‌ی وشه‌یه‌ک له پیت له نێوان ژێر و بۆردا به‌کار ناهێنن.(١)

٤ - شاره‌کانی سله‌یمانی، رانیه، کۆیه، هه‌ولێر، که‌رکووک، دووکان و چه‌مچه‌ماڵ و ده‌ربه‌ندیخان، پێنجوێن و قه‌ڵادزێ و ده‌وروبـه‌ریان و ناوچه‌کانی پژده‌ر و شارباژێڕ زۆربه بـه زاراوه‌ی کـوردی سـۆرانـی

---

١ - ئه‌م دابه‌ش کردنه‌ش له ناوچه‌ی ساراڵ دیتومه که ده‌ره‌به‌گه‌کان خۆیان بـه کـورد ده‌زانن وه جووتیاره‌کانی گۆران که زۆربه‌ی ئه‌وانیش بـه ئـیشمام قسه ده‌کـه‌ن یـانێ کاربه‌ری وشه‌یێک نه‌ته‌واو به ژێر و نه‌ته‌واو بۆر وه‌کوو قوله له نێوان ژێر و بۆردا وه هه‌ر وشه‌یێک که دوایه‌که‌ی واو بێ وه‌کوو چوو، و نه‌چی‌و نه‌چوه وه‌نه روونه ری‌یه.

بابانی که دەتوانرێ کرمانجیش بوترێ قسە دەکەن وەکوو بەندی دوو وە ئەمانە لە وشەی کرمانجی دووری ناکەن وە هەروەها دوای ئەوەی زاراوە گشتیەکە دابین کراوە دەتوانرێ بوترێ زاراوەی سلەیمانی، هەولێری، کەرکووکی و گەرمیانی و.. کە خۆیان بەشێکن لە زاراوە گشتیەکە کە سۆرانی بابانیە یا کرمانجی سۆرانی بابانیە یانێ زاراوەی سلەیمانی خۆی ژێر زاراوەی سۆرانی بابانی یا کرمانجی سۆرانی بابانیە هەرچەند بڕێک لە خەڵکی شاری سلەیمانیش بە هەورامی قسە دەکەن.

٥ - شارەکانی پاوە، نەوسو، نۆدشە، و دەور و بەریان (هەورامانی لهۆن) وە (هەورامانی تەخت)، سلێن، بڵبەر، نوێن، ناو، کەماڵە، وە یسیاو رۆوەری و دەرەکێ، دمەیەو، دزڵی، . نەجار و هانەگەرمەڵە وە هەموو ئاوایەکانی هەورامان (هەردو) وە ناوچەی ژاوەرۆ جگ لە چەند ئاوایی وەکوو تا دەگاتە سوورەتوو، مێراو، تەوریوەر، دێ‌کانان) وە تا نیزیکەی باشووری شاری سنە، بزلانە، نیەر، پایگەلان، سەرڕێز، هەشەمێز یا ئاشەمیز، بێساران، هەرسین وە دەورو بەرەکەیان وە کەنوولە لە بەشی کرماشان دا وە بڕێک ئاوایی لە ناوچەی لەیلاخ لە ئێراندا، بڕێک خەڵکی شاری هەڵبجەوە بیارە، تەوێڵێ، باخەکۆن بە زاراوەی هەورامی بێژەی دەکەن، هەروەها، دەرای مەڕ، زڵم و بڕێک لە ئاواییەکانی بناری شارەزوور لە عێراقدا بە زاراوەی هەورامی کرکەی

دەکەن وە دەتوانرێ بوترێ بە زاراوەی هەورامانی لهۆن وە یا زاراوەی هەورامی ژاوەرۆیی وە هەورامی پاوەیی یا باخەکۆنی یـا تـەوێڵەیی، کەنوولەیی وە هەروەها چەند ئاوایی دەوروبەری هەڵەبجە و دوواو و پردیوەر بە زاراوەی هەورامی قسە دەکەن.

٦ - شارەکانی روانسەر، جوانڕۆ، سەرپێڵ، ناوچە ئیمامی، ئیناخی سەلاس و باوەجانی لە جوانڕۆ تا نیزیکەی بەند ئاوی دەربەندیخان لە ئێران، کەلار، کفری و بڕێک لە ئاواییەکانی دەورو بەریان وە بڕێک لە ئاوایەکانی لە کەلار بەرەو کەرکووک، و دەشتی شارەزوور وە بڕێک لە دانیشتوانی شاری هەڵەبجە بە زاراوە سۆرانی جافی قسـە دەکـەن وە دەتوانرێ بوترێ زاراوەی شارەزووری جافی سۆرانی، یا جوانڕۆی یا جافی سۆرانی و ...

٧ - شاری کرماشان بە زاراوەکانی: گۆرانی، کەڵهوڕی، لەکی، فەیلی، سەنجاوی و هەورامی قسە دەکەن.

وە شارەکانی کەنگاوەر، ئەسەدئاوا(ئەسێ ئاوا) هەرسین، نور ئاوا، سەحنە، سونقور وە ناوچەی کولیایی، ناوچەی دینەوەر، ناودەروەن وە ناوچەی بەرەو رۆژهەڵاتی قوروە تا دەگاتە ئاواییەکانی نێزیکەی بەهار و ئاوایی باوەلی، پەین بور، قشلاخ، کمووش بـلاخ وە چـەند ئاوایی دیکە.

و .. تا نیزیکەی شـاری هـەمەدان و نـاوچەی بـیجاڕ و بـڕێک لە

ئاوایەکانی دەوروبەری بیجاڕ و چوار دۆڵـی لە نـاوچەی قـوروە وە قەسری شیرین لە ئێران و خانەقین، مەندەلی، بەدرە و دەور و بەریان وە بڕێک لە ئاواییەکان لە خانەقین بەرەو کەرکووک و ئاڵتوون کوپری وە بڕێک لە کوردەکانی بەغدا بە ناوی کوردی فەیلی.

بە زاراوەکانی گۆرانی، کەڵۆڕی، لەکی، فەیلی قسە دەکەن وە پێکەوە تێکەڵن، بۆ وێنە لە ناوچەی کولیایی و لەیلاخ بەرەو هەمەدان و بیجاڕ و چەند ئاوایی هەن لەکی و یا کەڵۆڕین یا هەردووکیان وە یا تێکەڵ لە گەڵ هۆزەکانی ترا کە زاراوەی لەکی و کـەڵۆڕی و فـەیلی بـۆ وان و کوردەکانی بەغدا دێرەی دەکرێ.

وە دەتوانرێ بوترێ زاراوەی ناو دەروەنی فـەیلی یـا دیـنەوەری فەیلی، کولیایی کەڵوڕی و کولیایی لەکی. یا پیچەوانەوە وەکوو فەیلی و کولیایی و...

٨ - زۆربــەی نـاوچەی مـایدەشت، دالاهـۆ و کـرند، و گـاوارە وە هۆزەکانی گۆران و ئال‌حەق و کاکەییەکان بە زاراوەی گۆرانـی قسـە دەکەن.

٩ - ناوچەی کەڵوڕ لە بەشی کرماشان کە لە رووبـە رووی دالاهـۆ و بەرەو گێلانی رۆژئاوا دایە بە زاراوەی کـەڵووڕی، وە نـاوچەی لەک لەبەشی کرماشان بە زاراوەی لەکی قسە دەکەن.

١٠ - شـارەکـانی ئـیلام، مـیهران، دێلوڕان، گـێلان، ئـابدانـان بـە

زاراوەکانی کوردی [1] مەهەکی، کوردی کەڵهوڕی، کوردی پشتکێوی باشووری، لوڕی، لوڕی شوهانی، لوڕی هەندمینی و دۆسان و لەکی قسە دەکەن.

١١ - مەڵبەندی لوڕستان و بڕێک لە ئاواییەکانی بروجرد و چوار مەحاڵی بەختیاری بە زاراوەی لوڕی بە هەموو جۆرەکانیەوە قسە دەکەن، ئیتر بە مانە ناوترێ کورمانج وەکوو پرۆفیسۆر جەماڵ نەبەز وتویەتی.

هـ ـ کوردستانی باشووری رۆژئاوا دەبێتە: دیاربەکر (ئامیدی)، ماردین سیرت، جەزیرە، ئورفە، قازی ئانتیپ، وێران شار، مەرعەش سێو مێرگ، و چەندین شاری دیکە لە تورکیەدا وە قامیشڵی و حەسەکە و دەور و بەریان وەکوو کوردەکانی دانیشتوی شاری نەسیبەین، حەڵەب، حەماء، وە تەرابلوس لە سوریەدا بە زاراوەکانی جەزیرەی، بوتانی، بادینانی، زازایی قسە دەکەن وە دەتوانرێ بوترێ کرمانجی وە یا بادینانی کرمانجی وە یا جەزیرەی کرمانجی یا زاراوەی دیاربەکری، بادینانی یا زازایی کرمانجی و ... قسە دەکەن.

و - کوردەکانی خوراسان، قوچان، شیروان، دەرەگەز، بجنورد) وە گێلان لە باکوور (ناوچەی رودبار (رووار)، وە کوردەکانی نوور و

---

١ - لاپەڕەی ١٨ جوغرافیای ئیلام.

فاراب و دەماوەند، وە بەلوچستان وە کوردەکانی لار لە شیراز وە شوانکارە بە زاراوەکان زازایی، بادینانی، بوتانی وبرِێکیان لورِی و فەیلی قسە دەکەن، یانێ بە شێوەی کورت: کوردستانی ناوەندی بە زاراوەکانی زازایی، هەکاری، بادینانی جەزیرەیی، بوتانی وە شەمدینانی و کوردستانی باکووری رۆژ هەڵات بە زاراوەکانی بایزیدی، هەکاری، شەمدینانی، بادینانی وەکوردستانی باکووری رۆژ ئاوا بە زاراوەکانی زازایی، بوتانی، جەزیرەیی، بادینانی وە کوردستانی باشووری رۆژ هەڵات بە زاراواکانی بادینانی، شەمدینانی، هەکاری، جەزیرەیی، بوتانی، شکاکی، ئاشیتەییی وە سۆرانی (موکریانی، ئەردەڵانی، بابانی، جافی) وە هەورامی، گۆرانی، کەڵورِی، لەکی، فەیلی، لورِی (بەختیاری شوهانی، هەندمینی و دۆسان وە هەموو ژێر زاراوکانی لورِی) و مەهەکی قسە دەکەن. وە کوردستانی باشووری رۆژئاوا بە زاراوەکانی، جەزیرەی، بوتانی، بادینانی و زازایی قسە دەکەن.

وە ئەو جێگایانە کە لە جوغرافیای کوردستان براون بە زاراوەکانی زازایی، بادینانی، بوتانی، لورِی وە فەیلی قسە دەکەن. وێرِای ئەوەش کە نووسیم ئەو کەسانەی کە لە سنووری جوغرافیاییدا هەن وەکوو یەک قسە دەکەن بۆ وێنە مەریوان و پێنجوێن زۆر وەکوو یەک وەهان، دەتوانرێ بە مانە بوترێ هەم سۆرانی جافی و هەم سۆرانی ئەردەڵانی،

ئەم دابەش کردنەی نووسەر بە پێچەوانەی هەموو دابەش کردنەکانی دیکەیە بۆ ئەوەی لەم دابەش کردنەدا وتراوە ئەو ناوچانە و ئەو شارانە و ناوەندی کوردستان و باکووری رۆژ هەلاّت و رۆژئاوا باشووری رۆژهەلاّت و رۆژئاوا وە یا جێگاکانی دەرەوەی کوردستان بە کام لە زاراواکانی باوی کوردستان قسە و نووکە دەکەن بەلاّم ئەوان «یانێ ماموستایانی زبان ناسی و فەرهەنگ ناسی زۆربە) وتویانە کەئەو زاراوانەی کوردی لە کوێدای کوردستان قسەی پێ دەکەن یانێ وتەکەی ئەمان لایەنی زەینی و دەروونی و تئوریکی زۆرترە وە دابەش کردنەکەی نووسەر لایەنی دەرەوە و پراتیک و سورشتی زۆرترە وە لە باری توژینەوە زانستانەیەوە ئەم دابەش کردنە دروست و راستە بۆ ئەوەی دەچینە، شاری کرماشان یا سنە یا ئیلام یا خورمئاوا یا پاوە و یا ... سرنج دەدەین کە بزانین خەلّکی ئەم شارانە بە چ زاراوەیک یا زاراوەکانی کوردی و خۆشیان وای پێ ئەلّین قسە دەکەن نەک ئەوەی زاراوەی کرمانجی ژوورو یا خوارو یا ژێر و یا نیوەڕاست و یا بنچینەی و لا تەنیشت بخەمەگیرفانی زەینم و بینووسم و بڕوم بۆ سنە و کرماشان و ئیلام و لوڕستان و ... بلّیم ئیوەی کورد بە زاراوەی کرمانجی ژوورو یا خوارو یا ژوور قسە بکەن کەچی نە تەنێ ئەو نووسراوەی (وتەیەکی زەینی) من قەبولّ وەرەی ناکەن لەوانەیە راویشم بنێن. ئەمە بوو پێشنیاری نووسەر بۆ دابەش کردنی زاراوەکانی

زبانی کوردی، هەرچەند لە بڕێک جێگادا خۆم ڕەخنەم لێیەتی. ئەگەر بێت و لە ئاکامی خەتی کێشراو لە ناوەندی کوردستان داکە بەتلیس ە بۆ هەر چوار لاینەکە چەند شارێک یا ناوچەیک یا تەنێ شارێک کەوتوبێتە ناوچەی جوغرافیایی ناوبراو وە نووسەر بە هەڵە لە ناوچەییێکی ترا نێوی بردوە بۆ ئەسڵی مەبەستەکە نابێتە هەڵە (بۆ وێنە شاری وان لە باکووری ڕۆژهەڵات وە سەڵماس لە باشووری ڕۆژهەڵات وە دیاربەکر لە باشووری ڕۆژئاوا و مووش و دەرسیم لە باکووری ڕۆژئاوادا وە نێوی زاراوەکانی کوردیش بۆیان بەیان کراوە بۆ ئەوەی دراوسێ یەکترین وە لە زاراوەدا زۆر جیاوازییان نیە.

و – ئەو شاعیر و نووسەران و زانایانە کە بە زاراوە جۆراوجۆرەکانی کوردی نووسیویانە.

١ – نووسراوەکانی مەلای جەزیری، عەلی حەریری، ئەحمەدی خانی (مەم و زین) فەقێ تەیران، مەلای باتەیی، عەلی تەرەماخی، مەلا محمودی بایزیدی بە زاراوەکانی، جەزیرەی بوتانی زازایی، بادینانی، بایزیدی و هەروەها مەصحەفە ڕەش و جلوە کتێبی ئایینی ئێزدەکان بەو زاراوانە نووسراوەتەوە.

٢ – مامۆستا هەژار (فەرهەنگی هەژار، وەرگێڕانی مەم و زین) وە شیعر و نووسراوەکانی مامۆستا هێمن: (تاریک و روون) وە نووسراوەکانی دیکەی، گیو موکریانی (فەرهەنگی گیو) وەفایی وە

دەیان شاعیر و نووسەر یدیکە بە زاراوەی سۆرانی موکریانی نووسیویانە .

٣ - حاجی قادری کۆیە، شێخ رضا طالبانی، فایق بێ‌کەس، مامۆستا قانیع، شێرکۆ بێ‌کەس، مامۆستا گۆران، وە دەیان نووسەر و شاعیری دیکە بە زاراوەی سۆرانی بابانی شتیان نووسیوە.

٤ - بابا تاهیر عوریان و چەند شاعیری‌تر بە زاراوەی لوڕی کوردی شیعریان وتوە.

٥ - مەولەوی، خانای قوبادی، حەریق، وە دەیان شاعیری تر بە زاراوەی هەورامی کوردی شیعریان وتوە و نووسیویانە.

٦ - تاهیربەگی جاف، عابدین، مەلا ئیلیاس، مەلا قەدور، مەلا نەسوری شارەزووری و دەیان شاعیر و نووسەری جاف بە زاراوەی جافی سۆرانی کوردی شیعریان وتوە و نووسیویانە.

٧ - [١] سوڵتان سهاک، پیرداود، پیر بنیامین، بە زاراوەی گۆرانی کوردی شتیان نووسیوە، کتێبی ئایینی سەرئەنجام، بارگە بارگە (گلیم وەکوڵ) و وردە سەر ئەنجام هەموو بە زاراوەی گۆرانی کوردی نووسراوەتەوە.

---

١ - ئەگەر ئێمە لە هەورامیێک بپرسین دەزانن زاراوەی گۆرانی، کوتومتی زاراوەی هەورامی نیە .

ز – هەرچەند ئەو دابەش کردنانەی مـامۆستایانی بـەڕێز کـە لە لاپەڕەکانی پێشودا نووسراوە جێگای رەخنە بوون (وە ئـەم دابـەش کردنەی دوایی)بەلاّم نیشاندەری چەند خالّێکی گرینگ بوون.

١ - زبانی کوردی خۆی زبانێکی دەوڵمەند و پاراو و سەر بە خۆیە وە چەندین زاراوەی هەیە کە پەرتوکی زۆری پێ نووسراوە کە بـڕواری بڕێکیان زیادتر لە هەزار ساڵە وە ئەو کـەسانەی کـە وتـویانە زبـانی کوردی زاراوەیە کە لە زبانی فارسی بەڕاستی هەڵە و وڕاوە دەکەن وە ئەو هەموو نووسراوانە نیشانەی دورو دەلەسەو دوژمنی یا نەزانـینی ئەو کەسانەیە.

٢ - لەم دابەش کردنەدا نیشانی ئـەوەیە کـە کـوردەکـان لە مـەودای جوغرافیای پان و بەرینێکا دەژین وە جوغرافیای پـێکەوە لکـاویان هەیە وە بەو هەموو دوور خستنەوە و زەبر و سەختیە و ئاستەنگە کە خستویانەتە سەریان نەیانتوانیوە کە جوغرافیاکەیان لە سەر زەویندا بسڕنەوە یانێ ژینوسایدی مرۆڤی و فـیزیکی و ئـابووری و رەوانـی دەوری لەوانا (یانێ بۆ نەتەوەی کورد) کاریگەر نەبوە.

٣ - هەروەها لەم دابەش کردنانەدا،کۆنترین شارەکانی جیهان وەکوو کەرکووک، کـرماشان هـەنگمادای و هـەولێر و ورمـێ [1] و کـۆیە،

---

١ - ئورمیە یانێ ئاووری مە ئاگری مێدیاکان وە نیشاندەری ئەوەیە کە هەرێمی ورمی

ئامیدی، بەتلیس و جەزیرە و ئورفە و ئیلام و .. دەبینین یانێ کورد خـۆی دارای شـارسانیەتی لە مـێژینەیە و فـەرهەنگێکی لە دوایـی نەهاتوویە کە ئەو فەرهەنگ و زبانە بەرامبەرە لەگەڵ ئوقیانوسەکـانی گویٚ زەوی سەرگەردانندا وە ئەگەر ئەم زبـانەی ئـێمە پـارێزەرێکی هەبوایە و پەرەی پێ بدرابایە ئێستا یەکێ لە زبانە هەرە گرینگەکانی جیهان و زبانی رەسمی نێونەتەوەیی بوو.

هەڵبەت لە کاتی هەڵسەنگاندنی لە تەک زبانەکـانی جـیهاندا بـۆ بوودوی وشە دەزانین، کە لە هیچ بار و بوارێکا زبانی کوردی کەمی نیە وە لە باری چۆنایەتی مانا و چەندایەتی وشەکان بە تایبەت لە وشەکانی دەنگدا بێ وێنەیە، وەکوو هاژە بۆ ئاو و تاڤگە، گڤە بۆ با، خوڕە بۆ شێر و ئاو، گرمە بۆ هەور و لافاو، خوشە بۆ شیر، باڕە بۆ مەڕ، بۆڕە بۆ گا و ورچ، قالە بۆ بزن و گێسک، سەڕە بۆ گوێرێژ (گوێدرێژ = کەر = ولاّخ)، نەڕە بۆ شێر حیلە بۆ ئەسپ، وەڕە بۆ سەگ، قوولە بۆ مرۆڤی گەورە و کەڵە شێر، قیژە بۆ منداڵ و ژن هاسکەهاسک و گەفەگەف بۆ سـەگ، جیکە بۆ مەلیچک، گارە بۆ مریشک (مر، مامر) خوڕە بۆ باران، میزە

نەوتی تێدا بوە کە ساڵیانی درێژ ئاگری گرتوە وە بۆتە هۆی ئاوردانەوەی یونانیەکان کە هاتون بۆ ناوچەی ژێر دەسەلاّتی مێدیاکان بۆ ئـەوەی سـەر لەو ئـاگـرە و زەردەشت فیلسوفی ئێران دەر بێرن و بیزانن کە چیە.

میز بۆ دەنگی کەم کە لە پیاو و ژن دێتە دەرێ و قسە دەخواتەوە، تەقە بۆ گشتی دەنگ «دەنگی، چێو، دار، بەرد، پێی مرۆڤ یا گیان لەبەر) گرمە دیسانەوە بۆ دەوڵ «ئامرازی مووسیقا» خشە دەنگی گشـتی بـۆ پـێ مرۆڤ، مشک، قاقەز و ..

لوورە، بۆ گورگ و سەگ، واقە بۆ ریوی و منداڵی مەلۆتکە. ناڵە بۆ مرۆڤی جەرگ سووتاو وەگشتی دەنگ، تلْپە، قلْپە، بۆ شتێک بخرێتە نێو ئاو یا گۆمی ئاوەوە، جزە بۆ دەنگی برژاندنی گۆشت، هاڕە بۆ دەنگی هاڕەی ئاش. و هاتووچوی زۆر وە سەدان دەنگی تایبەتی لە زبـانی کوردیدا هەیە کە ئەم هەموو دەنگانە کەمتر لە زبانەکانی دیکەدا هەیە، هەروەها وتم زبانی کوردی لەم بابەتەوە بێ وێنەیە.

بەشی سێهەم

پێویستی زبان و زبانی کوردی بە تایبەت بۆ ئێمە و نووسینی کوردی، وە بۆچی ئێستا کوردەکان بەم شێوە خەتە دەنـووسن وە بـۆچی زبـانی کـوردی سەرەرای ئەوەی کە زبانێکی گرنگە رەسمیەتی نیە. وە هۆکاری چ بووە کە زبانی کـوردی کـەوشەن و مەحدودکراوە کە هەڵبەت ئەو بەشەی کە لە بازنەی کەوشەندا ماوە رەسەنی هەیە.

١ - لە پێشان دەبێ بڵێن: زبان و کۆمەڵگا پێکەوە پێوەندیان هەیە وە بەڕاستی کە ئەگەر زبان لە کۆمەڵگای مرۆڤ دا هەڵگیرڕی بزوتنەوەی کۆمەڵ لە هەموو بارێکەوە دەوەستێ وە کۆمەڵگای مرۆڤ لە یەکـتر دەبچڕرێ، بۆ ئەوەی مرۆڤ ملیونان ساڵ خەبات و تێکۆشانی هەبوە تا گەیشتوەتە دۆزینەوەی ئامرازە پێشکەوتوەکان وە نێوی بۆ داناوە وە هەروەها ئامرازی پێوەندکانی جیهانی. کۆمەڵی ئاگاو وریای مرۆڤ بە بیاشی دەزانێ کە زبان چەندە گرینگە، هەرچەند کە دەزانین زبانی زۆر داران لە درێژای مێژوودا برەوی زۆرتری هەبوە وە ئەو حکومەتانە و ئەو کەسانەی کە لە ئاسەواری هێزی زۆری ئابووری زۆریان هەبوە و

بۆته هۆی دەسەڵاتیان، زبانی خـۆیان بـه سـەر خـەڵکانی جـیهاندا سەپاندوه وه زۆر جاریش بۆته هۆی له نێو چوونی زبان و فەرهەنگی نەتەوییێک وەکوو زۆربەی بوومیان و دانیشتوانی رەسەنی ئوسترالیا وه زۆر کاتیش فەرهەنگ و زبانی دەسەڵاتدار له نێوی فەرهەنگی خەڵکی ژێر دەستەدا که فەرهەنگێکی بتەویان هەبوه تواوەتەوه وه دەسـەڵاتی عارەبەکان و مەغولەکان له ئێران وه به تایبەت له کوردستان دا که له ئاکامدا بۆته هۆی ئەوەی زبان و فەرهەنگی کوردی و یا ئێرانی به سەر زبان و فەرهەنگی دەسەڵاتدار دا پیرۆز بێت. لەم وێنەیه که هـەڵبەت زبانی فارسی زۆر کەوتۆته ژێری ئاسەواری زبانی عارەبی و روداوی هێرشی عارەبەکان له سەرەتاوه به کوردستان وه به تایبەت به پاوه که تەنانەت منداڵی نێری نێو لانکەیان نەهێشتوه بەڵام ئێستا خەڵکی پاوه هەموو به زاراوەی هەورامی کوردی قسه دەکەن، نمونەی ئەم جۆره له جێگاکانیترا وەکوو نەهاوەند، ئاواز و بروجرد، شـوشتر و شـوش، بەندەر عەبباس و بەندەر بۆ شار بۆته هـۆی بـور و شکسـتی زبـانی کوردی که ئیستا لەوێدا خەڵک به تەواوی به زبانی کوردی نادوێن.

هەروەها له دوای فراژی تـوندی کـۆمەڵایەتی‌دا دیکـه مـانەوەی مرۆڤ به پێویستی پیوەندی به ئاڵ وگۆڕی ساختمانی ژینی نەبووه وه نیازی به ئاڵ وگۆڕی ساختمانی ژینی نیه، ئیستا مرۆڤ دەزانێ که به جێگای ئاڵ وگۆڕی ساختمانی ژینی خۆی هەل‌ومەرجەکانی دەوری

بەو جۆرەی بگۆڕێت کە لە گەڵ هەل و مەرج و نیازی لەش و بەدەنی وی سازگار بێ وەکوو کاربەری پەنکە بۆ فێنک کردنەوەی و شوڤاژ و بوخاری و سۆبا بۆ گەرم کردنەوەی جێگای ژیانی هەر وەها وترا، دۆزینەوە و دوروست کردنی ئامراز و ئامێری پێ ویست بۆ خەڵک بۆتە هۆی ئەوەی کە وەکوو خولەکانی پێشوو، مرۆڤ لە ژێر ئاسەواری سروشتدا نەبێ وە لە ژێر ئەو بارە قورسەدا بێتە دەرەوە وە لە جێگاکانی ساردا سەرمای نەبێ وە لە جێگاکانی زۆر گەرمداگەرمای نەبێ بەلاّم دەبێ بڵێین ئەم باسە چ پێوەندیەکی هەیە لە گەڵ زباندا؟.
وەلاّمی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە تەکامولّ و فراژی ژینی مرۆڤ لە ڕێگای وارگری و و ڕاسەتەوە بە زوم و وەچەکانی داهاتوو وەرگێری دەبێت یانێ گۆڕانکاری ژینی ساختمانی بەدەنی (لەشی) مرۆڤ کە بۆ مانەوەی ئەو جۆرترە لە ڕێگای ژن وە لە ڕێگای پێک هاتنی زاوزێ لە باوک و دایک بە مندالاّن وەردەگێررێ بەلاّم تەکامولّی کۆمەلاّیەتی مرۆڤ لە ڕێگای کۆمەڵگاوە گۆسە و وەرگێڕی دەکرێ وە تەنێ ئامرازێک کە کۆمەڵگای مرۆڤ لە بژاری دایە کە بۆ ئەم وەرگێرانە بە کاری بێنی (بهێنی) زبانە وە زبانە دەبێتە فراژی کۆمەڵگای مرۆڤ وە ئەو شتەی کە بە نێوی شارسانیەت و وێژیات و فەرهەنگ و داب و نەریتی نەتەوەیەک هێشتا هەیە لە ئاکام و سەرئەنجام و ئاسەواری هەزاران سەدەی خەبات و تێکۆشانی مرۆڤ دایە کە ئێمە لە چەرخی

ئیستادا لەو شتانە کەڵک وەردەگرین وە ئاشکرایە لە کۆمەڵگادا ئەم دارایی و سەرمایە گەورەیە لە ڕێگای بارهێنان و فێر کردن چ بە شێوە ڕەسمی وە چ بە شێوەی نارسمی وەرگێڕاوە وە ئێمەش ڕۆژ بە ڕۆژ بەو سەرمایە و تۆشە زیاد دەکەین: زۆر ئاشکرایە لێرەدا زبان تەنێ ئامراز و ئامێرێکی شوێن دانەرە لە ڕەوشی فێر کردن و بار هێنان دا، وە ئەگەر زبان نەبێ و نەبوایە کۆمەڵگا دەبێتە کۆمەڵگای ئێستاتێکی (وێستاوی)، ئەگەر زبان نەبێ پێوەندی ئەوتۆ پێک نایێت کە پێویستی کۆمەڵگای ئەمڕۆیە، زبان ئاوێنەی فەرهەنگی خەڵکێکە کە بەو زبانە قسە دەکەن، زبانی کوردی بە هەموو زاراوەکانیەوە چ لە نووسینی پەخشان دا وە چ لە وتنی زبانی شیعریدا نیشانەی ئوقیانوسی دەوڵەمەندی ئەو فەرهەنگ و وێژیات و ئەدەبەیە کە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی نووسراوەی کوردی دوای هاتنی ئایینی ئیسلام کە هەروەها وترا زیاتر لە هەزار ساڵ لەمەو پێش بووە و تا ئێستا لە مەیدانی زانایی فەرهەنگی دا خولێکی زۆر گەورەی گێڕاوە وە نووسراوەکانی عەلی حەریری و هەڵبەست و نووسراوەکانی مەلای جەزیری کە لە پێشان وتم وێنەی ئەمەیە (ئوقیانووسی لە دوایی نەهاتوی فەرهەنگی کوردی».

٢ - دوای ئەوەی حکومەتی ساسانیەکان بە دەستی عارەب روخێنراوە وە عارەبەکان بە بیر و بڕوای دینی خۆیان بە سەر گەلانی

ئێراندا زاڵ کرد شێوەی خەتی خۆیان و ئەلف و بێیان بە جێگای پیتی ماسی سوراتی و مێخی و ئارامی و یونانی کە لە ئێراندا باو بووە داناوە، لەو کاتە نیزامی دەسەڵات داری ناوچەکان، دەرەبەگـایەتی بـووە وە هەموو لە ژێر ئاڵای ئایینی ئیسلامدا هەموو شتێکیان بە شێوەی خەتی عارەبی نووسیوە وە دوای چەند سەدە کە ئـیمپراتـوری عـوسمانی روخێنراوە وە بەش کردنی جوغرافیای کوردستان بوو بە رەسـمی و کوردستان بەش بـەش کـرا، ئـەو کـات حکـومەتانی دەسـەڵاتدار و سەپێنراو بە سەر کوردستاندا چ تـورکیە، چ سـوریە، چ عـیراق و چ سەردەمی پاشایی بە شێوە خەتی عارەبی دەیـانووسی وە چـەندینساڵیش بوو کە ئەو شێوە خەتانەی کە لە ئێرانـدا بـاو بـووە و کـتێبی ئاوێستای ئایین زەردەشـتی کـورد کـە ئـایینی رەسـمی سـەردەمی ساسانیەکان بوو، ساسانیەکانیش کە دیسان خۆیان کورد بوونە لەبیر چووبووەوە و خوێندەواریش لەو حکـومەتانەدا بـە تـایبەت لە نـێو کوردەواریدا زۆر کەمتر بوو، ناچار دەبوایە بە شێوەی خەتی عارەبی بنووسن هەرچەند بۆ ماوەیێکی زۆر لە تورکیا و سوریادا شێوە خەتی لاتین بۆ زبانی کوردی باو بووە، هەرچەند حکومەتانی دەسـەڵاتدار دژی ئەوە بوون کە کورد بە زبانی خۆی بخوێنێ وە بە زبانی خۆشی بنووسی، تەنانەت لە دوای دەسەڵاتی نگریسی کەماڵ ئاتاتورک قسە کردن بەزبانی کوردی لە جێگا ئیداری و گشتیەکاندا قەدەخە و قورخ

بووه وه له ئێرانی سەردەمی شایی و سوریاشدا نەیان هێشتوه خەڵک بە زبانی خۆی بخوێنێ وه تەنیا زبانی عارەبی لە سوریەدا و فارسی تێکەڵاو بە عارەبی لە ئێراندا زبانی رەسمی و خوێندن بووه، هەرچەند دوای شۆڕشی ئێران لەساڵی ۱۳۵۷ کۆچی خۆری‌دا: هەندێک خوێندن و نووسینی زبانی کوردی ئازاد بووه بەلاّم هێشتا له وانگەکاندا زبانی کوردی ئیزنی خوێندن و نووسینی نیه وه تەنیا دوو واحد (دوتاکە) زبانی کوردی ئیزن دراوه کە له فێرگەکان (زانکۆکان‌دا) بیخوێنرێ وه ئەمەش له سەردەمی رێژیمی پێشویش‌دا وەها بووه وه لەرێژیمی پێشودا رۆژنامەیک بەزبانی کوردی له شەقامی صفی‌علیشاه له تاران‌دا بە نێوی رۆژنامەی کوردستان دەر نەچوو.

هەڵبەت ئێستا له ئێراندا زۆر فەرقی کردوه کە نووسین بە زبانی کوردی وه چاپ کردنی کتێبی کوردی ئازاد بووه (بەلاّم ...) وه بەلاّم بار و دۆخی حکومەتی عێراق لە گەڵ حکومەتانی ئێران و تورکیا و سوریادا زۆر جیاوازی هەبووه کە لە کوردستانی عێراقدا دوای پێک هاتنی رێژیمی پاوشایی کە دوای بۆڕی تورکانی عوسمانی بووه، زبانی کوردی لە وانگەکانی سەرەتایی‌دا لە کوردستانی عێراقدا بە رەسمی دەخوێنرا وه لە لایەنی شالیاری فێر کردن و بار هێنانەوه کتێبی بۆ چاپ دەکرا وه تەنانەت لە دوای بۆڕی شۆڕشی کوردستانی عێراق لە ساڵی ۱۹۷۵ی زایینی‌دا زبانی کوردی لە زانستگاکانیشدا، (بەلاّم

کەوشەن و مەحدود) دەخوێنرا وە هەروەها بار و دۆخی کوردەکانی ئەرمەنستان کە لە بەشەکانی داهاتودا ئاماژەی پێ دەکەم زۆر باشتر لە عێراقیش بووە کە ئەدەبیاتی کوردی کرێکاری زۆر پێشکەوتوو بووە، سەرئەنجام هۆی رەسمی نەبوونی زبانی کوردی لە ناوچە کوردنشینەکاندا ترس و دوژمنایەتی حکومەتانی دەسەڵاتدار بە سەر کورددا بووە و هەروەها سودی ئابووری و رامیاری و تاکەخوازی حکومەتانی دەسەڵاتدار بۆتە هۆی ئەوەی کە زبانی کوردی لە فێرگەکاندا نەخوێنرێ.

بۆ ئەوەی زبانی کوردی لە بەرامبەری ئەو زبانانەوە زۆر دەوڵەمەندتر و پتەوترە وە باشتر دەتوانێ لە بەرامبەری فەرهەنگی بێگانەوە بەربەرەکانێ بکات وە ئەو دەسەڵاتدارانەش زۆربەی خۆیان نۆکەری بیگانەن وە حەز ناکەن بە فەرهەنگی دەوڵەمەند و پتەو کە بتوانێ بەری هێرشی فەرهەنگی بێگانە بگرێ وە بە وتەی ناڕاستی خۆیان ئەڵێن دەبێتە هۆی بەش بەش کردنی حکومەتانی دەسەڵاتدار بە سەرکوردستاندا، سەرەڕای ئەوەی کە لەشی نیشتمانی ئەوکوردانەیان لە یەک جوێ کردوەتەوە وە جیاوازیان خستۆنە نێوان برا و خوشک و دایک و باوکەوە وە ئەمەش تاوانێکی زۆر گەورەیە وە لە بابەتی خۆ خەدەیی، کۆمەڵایەتی و رامیاریە وە ئەو دەسەڵاتدارانە خۆیان لەم بارەوە تاوانبارن وە من ئەڵێم: ئەوە بۆچی لە هینددا زیاتر لە سێسەد

زبان ڕەسمیەتیان هەیە بەڵام هیندوستان بەش بەش نەکراوە، ئاشکرایە مەبەستیان چیە؟!!

٣ - هۆکاری چ بووە کە زبانی کوردی کەوشەن کراوە کە هەڵبەت ئەو بەشەی کە ماوەتەوە ڕەسەنی هەیە.

هەروەها لە بەشی هەوەڵدا وتم زبانی کوردی لە شەش هەزار ساڵ لەمەوپێشەوە تا بوڕی حکومەتی ساسانیان ڕەسمیەتی بووە وە لە ڕۆباری هالیس «قزل ئیرماقی ئێستا» تاروباری سەند و دەریای کاسپین کە بە ناوی هۆزی کاسی یەوە نێو نراوە «یانێ دەریای مەزندەران» وە لە ڕۆباری ئاراس و نەخجەوان و قەرەباغ و قەو قاز و کێوەکانی ئارارات و توروس و ئانتی توروس لە ئاوورسەلیم (ئورشەلیم) و گولان (جولان)ی سوریە و دەریای عەممان ڕەوش و ڕەواجی هەبووە تا گەیشتۆتە دەسەڵاتی هەخامەنشیەکان (کورش) «یانێ کوڕەکەی پاوشای مێدیا» کە کچەزای بووە بەلام بۆ ئەوەی کچە زاو کوڕەزا لە نێو کورد و مێدیادا یەکێ بوون وە وەکوو عارەب جیاوازی لە نێوان کچ و کوڕدا نەبووە وتویانە کورش کە شینە کە نیشانەی کەسی سێهەمە یانێ کوڕی ئەو وە ئەو دەبێتە ئاستیاگ کە دوایترین پاوشای مێدیایە کە کورش هەر لە سەر بنچینەی داب و نەریتی باوای حکومەتی کردوە وە جل و بەرگ و داب و نەریتی زبانی مێدیاکانی نەگۆڕداوە وە هەموو داب و نەریتی کوردی پاراستوەوە

کەمبوجیەی کوڕی کوڕش هەروەها بوە، بەلاّم لە سەردەمی داریوشی گەورەدا «کە بە دەنگ و حیلەی ئەسپەکەی بۆتە پاوشا وە خـۆی لە نووسراوە بەردیەکاندا ئەلێ من وامووی مەیتەرە کەو ئەسپەکەمم، کە داستانی ئەم رووداوە درێژە»وە لە سەر بابەتی حکومەتی گـۆمەتە و پاتی زیتی برای گۆمەتەو وە دوای بۆڕی لاینگرانی دەسەلاّتی میدیا و کـوشتنی هـەزاران مـوغی کـورد و فـەوەرتیش و چـتران و دیکـەی خەباتکارانی کورد، داریوشی هەوەڵ دەسـتی کـرد بـە ژیـنوسایدی فیزیکی و فەرهەنگی لە کوردان وە هەموو ئـاسەواری مـێدیاکـان و ئەدەبی وان کە لە بەر دەستدا بوو پاک کردوە وە ئـەمەش لە کـتێبە و نووسراوەی بەردی بێستوندا دیارەکە داریوشی هەوەڵ پێ دادەگرێ لە سەر ئەوەی کەئەم بەردە نووسراوەی ئەویش پاک نەکەنەو وە ئەم بار و دۆخە بەردەوام دەبێ تا هێرشی ئەسکەندەر کـە لەم هـێرشەدا دوای بۆڕی دارای سێهەم لە مەمفیس و گۆگەمل دا ١٢ هەزار پەرتوک یا ١۴ میلیون هەڵبەست و شیعر لە کـۆشکی داریـۆش‌دا دەسـووتێنرێ کـە زۆربەی ئەم نووسراوانە بەزبانی کوردی بووە بۆ ئەوەی سەراسەری ئێرانیش لەم سەردەمە دا بە زبانی کوردی قسەیان کردوە، ئـاتروپات نەچووە هاواری داریوشەوە وە ئەوە بووکە ئەسکەندەر نـەی‌وێرا بـە ئاتروپاتکان هێرش بـەرێ وە دەیـزانـی کـە کـوردەکـان لەم نـاوچە شاخاویانەدا شکست و بوڕیان دەدەنێ وە لە دوایی‌داکە ئەسکەندەر لە

گەڵ ئاتروپاتن دا ئاشتی کردوە ئەوی کردە حەسێو داری خۆی و ئاتروپاتیش کچەکەی دا بە پردیکا کە یەکێ بوو لە سەردارە هەرە گرینگەکانی و نیزیکانی ئەسکەندەر وە دەگونجێ داستانی دەریاچە زرێواری مەریوان و فەیلەقوس لەم کاتە دا دروست کرابێ بۆ ئەوەی فەیلەقوس باوای ئەسکەندەر بووە بە وتەی فیردەوسی ئەسکەندەر و دارای سێهەم هەردوکیان برا بوونە وە کوڕی دارابی کوڕی بەهمەن و هومای کچی بووە، نێوی دایکی ئەسکەندەر ناهید بووە کە چۆن ناهیدی کچی فەیلەقوسی یونانی بۆی دەمی هاتوە بە فەرمانی دارابی کوڕی بەهمەن پزیشکەگیایەکانی ئەو سەردەمە گیاییێک بە نێوی ئەسکەندەر کە بۆی دەم و زار لادەبا لە هیندوستانە وە بۆ ناهید دەهێنن بەڵام داراب سەرەڕای ئەوەش لە ژنەکەی جیا دەبێتەوە و ئەوەش بڵێم کە تەنیا وڵاتێکە لە سەردەمی ئەسکەندەر لە ئاسیادا هێرشی پێ نەکرا و بەش بەش نەبوو وڵاتی کوردستانی ئاتروپاتکان بووە (هەمووی کوردستانی ئێستا و ئازەربایجان).

بەڕاستی دوای هێرشی ئەسکەندەر وە لە دوایی‌دا لە سەردەمی ساسانیەکاندا دیسانەوە کتێبی ئاوێستا کە بەشێک لەوە گاتەکان و یەسناکان بوو رونوسوو کرایەوە وە هەڵبەت لەم کاتەشدا زۆر پەرتۆکی‌تر و ئاوێستا هێشتا لە لادێیەکانی کوردستان و ئەو جێگایانەی کە لە ئاتروپاتەکان دا دەستی ئەسکەندەری پێ نەگەیشتبوو

مابوونەوە و بەڵام بەداخەوە ئەم جار لە هێرشی عارەب دا لە هەموو کون و قوژبن دا کە نووسراوەکان مابوونە وە سووتێنران وە ئەم جار کتێبە دینیەکانی ئایین پیرۆزی ئیسلام جێگای کتێبە لە مێژینەکانی کوردەواری گرتوە و تا سەردەمی سامانیەکان کە وتم زبانی دەری یان کرد بە زبان رەسمی، زۆربەی ئەپۆوری خەڵکی ئێران بە زبانی کوردی قسەیان دەکرد بەڵام زانایانی کورد و فارس لە کاتی دەسەڵاتی عارەب بە سەر ئێراندا بە زبانی عارەبی شتیان دەنووسی کە لە پێشان ئاماژەم پێ کردوە جگ لە شاعیری پایەبەرزی نەتەوایەتی ئێران ماموٚستا ابوالقاسمی فیردەوسی کە بە زبانی فارسی شیعری وتوە و بەڕاستی لەو شەست هەزار هەڵبەستەی خۆیدا فەرهەنگی عەجەمی زیندوو کردۆتەوە وە لە بابەتی کورد و نەتەوەی کورد زۆر باسی کردوە وە ئەوەش بە چاکەوە و هەروەها لە پێشاندا وتم زۆربەی خەڵکی کوردستان دوای دەسەڵاتی شاکانی دوای ئیسلام لە ناوچەکانی خۆیاندا ئیزنی خوێندن و نووسینیان بە زبانی کوردی نەبووە ئەم بابەتانە کە نووسیم و چەند بابەتێ تر کە جێگای نووسینی نیە بۆتە هۆی مەحدود و کەوشەن کردنی زبانی کوردی یانێ ئەم هۆیانە لەم بەشەدا و ئەو هۆیانە کە لە پێشاندا وتومە و نووسیومە بونەتە هۆی کەوشەن و مەحدود کردنی زبانی کوردی کە هەموو ئەم بابەتانە وە مەبەستانە وەکوو زەنجیرەیەک پێکەوە گرێ دراون.

بەشی چوارەم

ڕێزمان و ڕێنووسی کوردی بە شـێوەی ڕاڤـاوتر وە فـەرهەنگ و وێژیاتی کوردی، ڕۆژنامەنووسی لە چ کاتێکەوە لە نێو کوردەواریـدا باو بووە وە نێوی ئەو ڕۆژنامە نووسانەی کە خزمەتێکی زۆر گەورەیان بە فەرهەنگ و وێژی کوردی کردوە وە نێوی بڕێک لە شارە کۆنە کانی کوردستان.

١ - پێش لەوەی دەست بە نووسینی بڕێک لە ڕێزمان و فـەرهەنگی کوردی بکەم ئەڵێم: لە بەر ئـەوەی کـە لە فـەرهەنگی کـوردەواریـدا جیاوازی لە نێوانی ژن و پیاو، کچ و کوڕ (نێر و مێ) دا نیە لە ڕاناو، هاوەڵ ناو، کردارەکان بە هەموو جۆریە وە چ تاک و چە گـەل، چ لە بەرچاو و چ نالەبەر چاو هەمووی نێر و مێ بەرامبەرن.

ڕاناوەکانی جیا وەکوو:

من، (بۆ وێـژەری تـاک) تـۆ، (بـۆ لەبـەر چـاوی تـاک) ئـەو، (بـۆ نالەبەرچاوی تاک) ئێمە، (بۆگەلی ویژەر) ئێوە، (بۆگەلی لەبەر چاو) ئەوان (بۆ گەلی نالەبەرچاو)

ڕاناوەکانی لکاو بە کرداری ڕابردوی سادە وەکوو:

م، ت، ی، مان، تان، یان.

بردم: بردت، بردی، بردمان، بردتان، بردیان

بەڵام هەروەها دەزانین لە زبانی عارەبیدا بۆ ژن و بۆ پیاو (نێر و مێ

راناوەکانی جیا وەکوو :

من	تۆ	ئەو	ئێمە	ئێوە	ئەوان
بۆ وێژەری	بۆلەبەر	بۆنالەبەر	بۆگەلی	بۆگەلی	بۆگەلی
تاک	چاوی تاک	چاوی تاک	وێژەر	لە بەرچاو	نالەبەرچاو

= مذكر و مؤنّث) چ له کرداره‌کان، چ راناوه‌کان یا جێ ناوه‌کان و ئاوه‌ڵناوه‌کان جیاوازن له‌م رووه راناوه‌کانی زبانی عاره‌بی زۆرترن وه له زبانی ئینگلیزیش‌دا له راناوی تاکه‌دا بۆ نێر و مێ جیاوازه وه‌کوو، He بۆ نێر و She بۆ مێ هه‌رچه‌ند له زاراوه‌ی بادینانی‌دا وی بۆ نێر ووێ بۆ مێیه یا کاتی خستنه پاڵدا وه‌کوو خوشکا من و برای من جیاوازه بۆ نێر و مێ له‌م بابه‌ته‌وه فه‌رهه‌نگی کوردی و فارسی پێکه‌وه‌ن، چونکوو هه‌ردووکیان ئارین.

ئێستا کار یا کرداره‌کان و راناوه‌کانی لکاوی کارتێکه‌ر یا کارا له ساده و ساکار و هه‌رۆی رابوردودا.

١ - دانیشتم، دانیشتی، دانیشت، دانیشتین، دانیشتن، دانیشتن

من ، تۆ، ئه‌و، ئێمه، ئێوه، ئه‌وان

که لێره‌دا کرداره‌که بۆ که‌سانی گه‌ل له به‌ر چاو و گه‌لی ناله‌بار چاویه‌کێکه. که‌چی ئه‌گه‌ر ئه‌م کرداره له زبانی عاره‌بی‌دا سه‌رف و ده‌مکاتی که‌ین ده‌بێته ١۴ ده‌مکات (صیغه)

٢ - نووسیم، نووسیت، نووسی، نووسیمان، نووسیتان، نووسیان.

من، تۆ، ئه‌و، ئێمه، ئێوه، ئه‌وان

که ریزی ١ و ٢ هه‌ر شه‌ش هێنانه‌وه‌که‌ی یا ده‌مکاتی کرداری رابووردی هه‌رۆ و ساده‌یه وه سه‌رچاوه‌کانیان دانیشتن، نووسین وه بردن بۆ هه‌وه‌ڵه‌که، که نێوی کرداره‌که‌یان به شێوه‌ی کارکه‌ر (کارایی) یا کارتێ‌که‌ر ده‌بێته دانیشتوو نووسه‌ر و برده‌ر یا بردینه‌ر وه به شێوه‌ی

کار پێ‌کراو یا کارتێ‌کراو و یا بەر کار دەبێتە دانیشنراو، نووسرا، یـا نووسراو و براو.

کار یا کرداری تێپەڕ، کار یا کرداری لێکدراوی و لە گەڵ راناوی لکاو و چەسپاو (رابوردوی تێنەپەڕی سادەی لازم) و تێپەڕ «متعدی» وەکوو:

١ - رام کرد، رات کرد، رای کرد، رامان کرد، راتان کرد، رایـان کـرد تێ‌نەپەر (لازم).

٢ - ئازادم کرد، ئازادت کرد، ئازادی کرد، ئازادمان کرد، ئازادتان کرد، ئازادیان کرد کە سەرچاوگەکانیان دەبێتە راکردن و ئازاد کردن.

ب - کار یا کرداری رابوردووی دور لە گەڵ راناوی جیاواز و لکـاو (ماضی بعید لە تەک ضمیری منفصل و متصل) من نووسیبووم، تۆ نووسیبوت، ئەو نووسیبووی، ئێمە نووسیبومان، ئـێوە نـووسیبوتان، ئەوان نووسیبوویان.

ج - کار یا کرداری رابووردوی وەرگێڕاوی (فعل ماضی نقلی) تێنەپەڕ: چووم، چوویت، چوو، چـووین، چـوون، چـوون تـێنەپەڕ (لازم) یا لە زاراوەی ئەردەلانیدا لە سنە دەبێتە:

بردگمە، بردگتە، بردگیە، بردگمانە، بردگتانە، بردگیانە تێپەڕ یا تەرازەر کە سادەی هەوەڵ دەبێتە چوم، چوی، چو، چۆین، چون

وە لە سۆرانی موکریانی و بابانیدا دەبێتە بردومە بـردوتوتە، بـردویە، بردومانە، بردوتانە، بردویانە.. کە سادەکەی دەبێتە بردم هەروەها:

رویشـــتووم، رویشـــتووی، ڕۆیشـــتووه، ڕۆیشـــتوین، رویشـــتوون، رویشتوون وه. بردومه، بردۆته، بردویه، بردومانه، بردوتانه، بردویانه. (کرداری رابردوی وەرگێڕاوەیە).

د – کار یا کرداری رابووردوی بەردەوام (ماضی استمراری)

دەیا ئـەڕویشتم، ئـەڕۆیشتی، ئـەڕۆیشت، ئـەڕۆیشتین، ئـەڕۆیشتن، ئەڕۆیشتن.

ئەم برد، ئەت برد، ئەی برد، ئەمان برد ، ئەتان برد، ئەیان برد ، یا دەم برد، دەت برد، دەی برد، دەمان برد، دەتان برد، دەیان برد.

هـ – کار و کرداری رابوردوی گومانی «ماضی التزامی»

وتبێتم، وتبێتت، وتبێتی، وتبێتمان، وتبێتان، وتبێتیان

نـــووسیبێتم، نـــووسیبێتت، نـوسیبێتی، نـووسێبیمان، نـووسیبێتان، نووسیبێتیان. هاتبێتم، هاتبێتی، هاتبێت، هاتبێتین، هاتبێتن، هاتبێتن.

و – کار یا کرداری رابوردوی وەرگێڕی بەردەوام (فعلی ماضی نقلی مستمر یا استمراری)

وەکوو دەم نووسیبا، دەت نووسیبا، دەی نوسیبا، دەمان نووسیبا، دەتان نووسیبا، دەیان نووسیبا

دەرویشتبام یا ئەرویشتبامایە.

ئەم هێنابا یا دەم هینابایە

یادئاوەری

١ - کار یا کردارەکانی کومەگ لە زبانی کوردیدا وەکوو بوون، بوو، هەس، هەیە، هەنە و...

٢ - کار یا کردار لە باری دێرەوە (شمول) دەبێتە گشتی و تـایبەتی، گشتی وەکوو بەندی یەک وە تایبەتی وەکوو چو، رو، رۆیی، بیستم، وتم، بردی، بردم، بردیان،

خوێندم، خوێندت، خوێندی، خوێندمان، خوێندتان، خوێندیان

٣ - کار یا کرداری ئاشکرا و بزر وەکوو کوشتی، بردی، خـواردی، ئازادی کرد ئاشکرا (فعل معلوم) یا زانراو.

کوژرا، برا، خورا، لێدرا، ئازاد کرا، ریشـی بـرا، چـاوی کـوێر کـرا، کرداری بزر یا نەزانراوە.

٤ - کار یا کردار: برێتیە لە وشەییێک کە نیشاندەری کارێکە لە رابوردو یا ئێستا و یا لە داهاتودا چ بە شێوەی ئەدار و چ بە شێوەی نادار ئەنجام درابێ و یا ئەنجام بدرێ.

ئەلیف – کرداری هاتوو یا ئێستا وە کرداری ئـاینده و ئـێستا دەبێتە دوو جۆر:

١ - ئاگاداری یا گوزارشتی وەکوو ئـەیا دەڕۆم، ئـەرۆی، ئـەروات، ئەڕۆێن، ئەڕۆن، ئەڕۆن.

دەچم، دەچی، دەچێ، دەچین، دەچن، دەچن.

که دەمکاتەکانی (صیغەکانی) گەل لە بەرچاو وە نالەبەر بەرچاو یەکن.
٢ - کرداری داهاتوی گومانی (التزامی) وەکوو بتوانم، بتوانی، بتوانێ بتوانین، بتوانن، بتوانن.
بخوێنم، بخوێنی، بخوێنێ، بخوێنین، بخوێنن، بخوێنن.
نادارەکانیان دەبێتە:

ناڕۆم
نادارى گوزارشتی ئاگادار

نەڕۆم
نادارى گومانی

ناچم
گوزارشتی (ئاگاداری) نادار

نەچم
گومانی نادار

یانێ ئەو کردارانە (کارانە) وەکوو ناڕۆم و ناچم لایەنی ئنشایی و وێژەی هەیە.

کە هەڵبەت کار یا (کرداری) هاتوو بە وشەکانی کات نیشان دەدرێ کە ئەوکردارە بۆ ئێستایە یا داهاتوویە وەکوو دەنووسم، دەڕۆم، ئازاد دەکەم سەربەستی دەهێنم، سەرکوتی ئەکەم یانێ بە شێوەی هەرۆ بەیان بکرێ بۆ هەر دوو لایەن وە بۆ هەر دوو کات: (ئێستا و هاتو) دەبێ وە ئەتوانین بڵێن دەمەوێ بڕۆم بۆ هاتوو بەڵام ئەگەر کاتی لە تەک دابێ وەکوو ئێستا دەڕۆم، سبەینێ دەڕۆم، ساڵی داهاتوو کۆچ دەکات بۆ ئوروپا، ئەوە کاتەکەی دابین کراوە.

ب – کار یا کرداری فەرمانی ئێستا و ئامادە و حازیر (Imperative mood) بڕۆ، بڕۆن، بنووسە، بنووسن. ئازاد کە، ئازاد کەن، بۆ تاک، بۆ دووان و گەل لەبەر ئەوەی لە فەرهەنگی کوردی‌دا لە نێوانی مێ و نێردا جیاوازی نییە بەم بوونەوە بە جێگای شەش دەمکات کە لە عارەبیدا هەیە تەنێ دو دەمکاتی لە زبانی کوردیدا هەیە.

بەلاّم ئەم فەرمانانە بە هۆی راناوەوە زیاد دەکرێ

تۆ بڕۆ (فەرمانی تاکی لە بەر چاو) ئێوە دوو کەس بڕۆن، ئێوە گەل بڕۆن، ئەو بروێ و بڕوات، (فەرمانی نالەبار چاوی تاک) ئەوان بڕۆن، (فەرمانی نالەبەر چاوی گەل).

پ - بە جۆرێکتر کردار دەبێتە دوو بەشەوە.

١ - کرداری پێویست یا تێنەپەڕ Intrasitive = «لازم» وەکوو: خەوت، دانیشت، [١] هەستا، رویشت.

٢ - کردار یا کاری تەرازەر یا تێپەڕ Transitive = (متعدی) وێنە بۆ ئەم جۆرەکرداره وەکوو ئیسماعیل میسالەکانی گۆڕیوە، کاک عەزیز کتێبی زۆری نووسیوە، خولە تماشای کتێب دەکات، حەمە چاوەڕوانی هاتنی براکەی دەکات، پیغەمبەری ئیسلام ئایینی چاکی هێناوە.

ت – ناو و ئاوەڵناو پێکەوە.

کتێبی خاوێن، کوڕی باش، کوڕی زیت، جل و بەرگی خاوێن پیاوی

---

١ - کە لە پێشان وتراوە.

هەڵکەوتوو، شۆڕەژن، پیاوی زانا، ژنی نەبەز، کوڕی خوێڕی، پیاوی نانەلەم، مرۆڤی چەرمەسەرێ دیو، پیاوی خەباتکار، ژنی زانا، کچی دلێر، ژنی جوان، پیاوی باڵا بەرز، لە وشەکانی سەرەوە خاوێن، باش، زیت، هەڵکەوتوو، شوڕە، زانا، نەبەز، خوێڕی، نانەلەم، چەرمەسەری دیو، خەباتکار، دلێر، جوان وە باڵا بەرز دەبێتە ئاوەڵناو.

ت - سەرچاوگە Infinitive (مـصدر) دەبـێتە دوو جـۆر: سـادە و لێکدراو.

١ - سادە دەبێتە پێنج جۆر [١]! (١) ئەلفی (٢) تائی (٣) دالی (٤) واوی (٥) یائی.

ئەلفی وەکوو برژان ، بێژان، پێچان، سووتان، کـوڵان، تـائی وەکـوو نووستن، کوشتن، گرتن، کەوتن، خەوتن، وتن.

دالی وەکوو: کردن، بردن، خواردن، مردن، خوێندن

واوی وەکوو: بوون، چوون، دورون، گورووون [٢]

یائی وەکوو: زانین، وانین، دڕین، بڕین، نووسین.

٢ - سەرچاوگەی لێکدراوی وەکوو: هەڵماڵین، داماڵین، راماڵین، پیا هەڵگەڕان، چاو لێقوچان هەڵپەڕین، هەڵوەرین، هەڵکەوتن، هەڵخستن، هەڵچون، پێ کەنین ئازادکردن، هەڵقوڵین.

---

١ - فەرهەنگی خاڵ.   ٢ - پێست گرتنەوەی گیاندار.

ج - رستەی لێکدان

١ - من دەڕوانمە کتێبە مێژوویەکاندا،

من راناوی جیاواز بۆ کەسی هەوەڵ، دەڕوانمە، کرداری گـوزارشـتی (ئاگاداری)، هاتو ریژ دراوەتە پـاڵ، مـن (مسـندالیـە)، کـتێبە، کـار پێ کراوە (بەرکار) بۆ کرداری دەڕوانمە وە (ە) لە دەڕوانمە ئامرازی پێوەستە بۆ بەردەوام.

مێژوو دەبێتە ئاوەڵناو بۆ کتێبە (هـ)، پیتی پێوەند، کان ئاوەڵ کرداری گەلدا، پیتی پێوەستە.

٢ - من و تۆ پێکەوە بڕوێن بۆ فێرگە.

راهێنان

٣ - فیردەوسی سەبارەت بە فریدونی کورد کە بە کۆمەگ و یاریدەی کاوەی ئاسنگەر بۆتە پاوشای ئێران ئەڵێ:

از تهمورث کورد بودش نژاد　　پدر بر پدر همی داشت یاد

یانێ فریدونیش وەکوو تەموورس کورد بووە وە تەموورس ئەسپی رام کردوە وە ئـەمە بـۆتە هـۆی سـرنج راکـێشانی زۆر، تـەموورس دیوەکانی کوشتوە(لاپەڕەی ٥٨) زندگی و مهاجرت نژاد ئاریا.

راهێنان بە شێوەی کوردی

٤ - وشەی سادە و لێکدراوی لەگەڵ ریژ لە پاڵ دراو و ئاوەڵ کردار.

بارام دەچێت بۆ هەورامان.

خولە تۆم دەوەشێنێ

بلە خەوی پیاکەوتوە رستەکانی سەرەوە بۆ راهێنان

چ - ئاوەڵ کردارەکان وەکوو پار، هەورامان، رۆژی شەموو، هەینی وە رۆژانی هەفتە، سنە، کێو، خانو، دوینێ، سبەینێ، ئەمڕۆ وە...

بۆ پشوودان

به وەرگێڕان له کـتێبی کـورد و کـوردستان واسـیلی نـیکیتین کـه پێوەندی هەیه بەم بابەتەوە کوردەکانی ئەرمەنستان و ئازەربایجان و هەرێمەکانی دیکەی سوڤێتی پێشوو له شەبەکەی فێربوونی بەس‌دا بۆ خۆیان کەڵک وەر دەگرن که فێرگەی سەرەتایی و زانکۆ و ڕۆژنامەیەک به زبانی کوردی وه چەندین کتێو که ژمارەیان [1] زیادتر له سەد بووە، هەیانه بەڕاستی ئەم کوردانه بوونەته پێش ئاهەنگی فەرهەنگی کوردی که لەوێدا کونگەرەی ئێرەوان یەکێ له تیشکدارترین نـیشانەی ئـەم فەرهەنگەیەکەیەکێ له کرێکارانی پێشووی کشت وکاڵ له کوردستانی ئەرمەنستاندا به نێوی ئاگرەژەکه خۆی ئێستا مامۆستای ئەو زانکۆیه به عونوانی قسه بێژی کونگەرە، سەری قسەی گرته دەست و وتارێکی چڕ و پڕی بەیان کرد. هەروەها وەرگێڕاوی دیکه له زاناییکی دیکه: کەسایەتی، خو و خەدەکان و وێژیات و داب و نـەریت و بـەهروی ڕەسەن وه تەنانەت کەم و کوڕیەکان که دەبێته هۆی جیاوازی نەتەویەک

---

١ - لاپەڕەی ٨٩ مێژووی کورد و کوردستان وەرگـێڕاوی مـحمدی قـازی له سـاڵی ١٣٦٣ که واسیلی نیکیتین ئەم کتێبەی له ساڵەکانی ١٩١٥ تا ١٩١٨ زاینی دا نووسیوە یانێ ٨٤ ساڵ لەمەوپێش. کوردەکانی ئەرمەنستان لەو بار و دۆخەدا بوون (ئێستا ٢٧٠٢ ک. یه).

له نەتەوەیێکیتر خۆی بە بلیمە تایتی ئەو نەتەوە نێو دەبرێ. (ولتر لە کتێبی فەرهەنگی پیتولێدا).

ح ـ لە زبانی کوردیدا وەکوو زبانی عـارەبی وشـە دەبـێتە سـێ بەشەوە!

ئەلیف – نێو یا ناو (Name) : ئەوەیە کە نـیشانەیە بـۆ کـەسێک یـا گیانلەبەرێک یا شتێک کە مانای سەربەخۆیی هەیە وە بە تەنیایی بەیان دەکرێ وەکوو ئەردەشێر. خەبات، هەڵمەت، نەبەز، شلێر، دلێر، مار، قالاو، قشقەڕە ،کەو، ئاسک، بزنە کێوی، کەر، بزن، بەرد، دار،کێو، کەژ، ئاڵتون، زیو، زێڕ، کە نێوی گشتی بێ یا تایبەتی، گشتی وەکوو، پیاو، ژن، ئاسک، مانگا، گوێرەکە، گـوێرێژ، کـەر، نـێوی تـایبەتی وەکـوو ئەردەشێر، خەبات، میدیا، دیـاکـۆ، پـوریا، ئـاروین، سـوشیانت، و کوردەوان دیسان نێو دەبێتە دوو جۆر، تاک وەکوو ئـاسکە، پـوران، شلێر، خەبات و هەڵمەت و نەریمان کە ئەمانە نێوی تاکی زانراوون. نیوی گەل (جمع یا ئیسمی جەمع) نیوی جەم یا گەل وەکوو پیاوان، ژنان کوڕان، کچان، کێوان، داران کە بە (ان) بۆتە گەل.

یا نێوی گەل (اسمی جەم) کە یانێ گەل لە مانادا هەیە، هەرچەند نیشانەی گەلی پێوە نیە وەکوو، هۆز، دەستە، سپا، لک، گەلە.

نێو دیسان دەبێتە دوو جۆر،

١ – ذات وەکوو ئەوانە کە وترا.

٢ - نێوی مانا وەکوو زانست، بیر، هۆش، دیسان نێو لە بابەت سازەوە دەبێتە دوو بەش : پێژوو (مشتق) وەکـوو: نـاڵە، لێبـور وە نـاپێژوو (جامێد) وەکوو دەشت، ئەردەشێر و ...

نێو دیسانەوە دەبێتە نیوی ناسراو وەکوو ئەحمەد و فاتیمە و شێردڵ و ئاسکە و میدیا، پوریا، ئاروین، سوشیان، کوردەوان وە نێوی نەناسراو وەکوو پیاو و ژن و منداڵ و کێو و دار و بەرد.

ب – کار یا کردار: وشەیەکە مانای سەربەخۆی هەیە وە بەیانی کار و ئیشێک دەکات (لە یەکێ لە کاتەکاندا: ئێستا، هاتو، رابوردو، مـانای ئینشایی و ویژی فەرمانی هەبێ یا ئاگادار و گوزارشتی،

١ – دەمکاتی فەرمانی (imperative Mood) وەکوو دانیشە، بڕۆ، بخۆ، بخەوە، هەستە، ئازادکە، بمرە،

٢ – کار یا کرداری رانـەبووردوی ئـامادە (فـعل مـضارع حـاضر) (Presenttense) وەکوو دەنووسم، ئەڕۆم، یادەڕۆم، ئاشتیم دەوێ کتێب دەخوێنم، مێژووی نەتەوەکەم دەنووسم، رێزمان و زبـان نـاسی بـۆ نەتەوەکەم دەنووسم کە کردار یا کار لەم بابەتەوە چ رابـوورد و چـە داهاتوو دەبێتە دوو جۆر: ١ – کاری زانراو (Activevoice) وەکوو ئـەو کردارانەی لە سەرەوە وتم.

٢ – دەمکـــاتی نـــەزانـــراو (بـــزر) لە کـاری رابـووردو و داهـاتوو (Passivevoice) دا وە کارە زانراوەکان وەکوو رۆیشتم، چـوم، بـووم،

نووسیم، خواردم کاری رابوردووه داهاتووەکەی وەکوو ئەڕۆم، ئەچم، دەبـــم، ئـــەنووسم (Fture tonse) کـــرداری داهـــاتوی زانـــراوه وه نەزانراوەکەی دەبێته: نووسرا، خورا، که کاری تێپەڕ نەزانراوی هـەیە بەڵام کاری تێ نەپەڕ وەکوو ڕۆیشتم، چوم و بووم، نەزانـراوی نـیە. (فیعلی مەجهولی نیە) وە کار و کرداری دەنـووسرێ، دەخـوێنرێ، کاری نەزانراوی هاتوه بەڵام ئەڕۆم، ئەچم، وه دەبم که خۆیان کاری زانراوون کاری نەزانراویان نیه، هەروەها وترا ئەگـەر کـاری تـێنەپەڕ (لازم) بێ نەزانراوی نیه، زبانی کوردی لەم بابەتەوە وەکـوو زبـانی عارەبی یه، ئێستا ڕستەی لێکدراوی نیوی وەکوو:

نابمه ژێر دەستەی پیاوی تەرەس، کەری باری گوێ لەق له پیاوی ژێر چەپۆکی نەزان چاکتره.

کەر، هەر ئەو کەرەیە و کورتانی گۆڕیوه، بله جوکەی له چۆلەکـه بڕیوه، که ئەو ڕستانه که دەمکاتی کار یا کردار له سەرەتاوه بێت دەبێته ڕستەی کاری وەکوو ئەو ڕستانەی که له پێشان نووسراوه وه وەکوو وتم، نووسیم، ڕوانیم، دەڕوانم.

ج – پیت: وشەیەکه به تەنیایی مانای نیه وه له تەک نێو و یا کاردا مانای هەیە، وەکوو: له، به، بۆ، ە، ی، وەک ، وەکوو: لای، تا، هەتا، که به مانه دەوترێ ئامرازی پێوەندی (Preposition) یـا (حـروف جـار، یـا اضافه) (پیتی زێد.)

وەکوو من دەڕۆم بۆ هەنگما دای، تۆ لە کوێوە هاتوی؟

یا ئامرازی پێوەستی (اداة العطف) وەکوو، و، بەڵام، یا، نەک چونکە،
وەکوو: سنە و سلەیمانی دوو شاری کوردەوارین، من سڵاو لە هەموو
کەس دەکەم نەک لە پیاوی خۆ فرۆش، ئەو کەسانەی خەباتکار بوون
ڕۆیشتن بەڵام نیوی ژیادانیان بۆ خۆیان بە جێ هێشتوە.

یادئاوەری

١ - لە روانگەی نووسەرەوە هەموو ئەو وشانەی کردار و ئاوڵناو و جێ ناو یارانا و کە لە زبانی عارەبی دا هەیە لە زبانی کوردیدا نیە بۆ ئەوەی کە وتم سازەی زبانی کوردی زۆر جیاوازی هەیە لە تەک زبانی عارەبیدا چونکو نێر و مێ جگ لە ساختمانی لەشدا جیاوازیان لە باری کۆمەلاّیەتی و ئابوری و رامیاریەوە لە نێوی کوردەواریدا نیە وە فەرهەنگی کۆمەڵیش پاشۆیکە لە نیزامی کۆمەلاّیەتی، لەم رووەوە راناوەکان (جێ ناوەکان جگ لە کەسی سێهەمی تاک لە برێک زاراوەکانی کوردی وەکوو وی بۆ نێر وە وێ بۆ مێ) وە کردارەکان(چ رابووردو چ رانەبوردوو) وە ئاوەڵناوەکان لە جۆرەکانی هەموودا کە هەر وەها وترا بۆ نێر و مێ جیاوازیان نیە کە لە لاپەڕەکانی ئایندەدا (هاتوودا) بە شێوەی کورت ئاماژەی پێ دەکەم. ئەوەش بلێم لە زبانی عارەبیشدا لە جێ ناوەکان دا بۆ دوان و لە کردارەکانی هاتو لە بەر چاو بۆ دوان جیاوازی لە نێوان نێر و مێ دانیە وەکوو: هُمٰا و انتما و تَجْلِسٰانِ و تَضْرِبٰانِ بۆ هەردوو نێر و مێ یەکن.

١/خ - پیتەکانی بانگ کردن: وەکوو: ئەی، ئەرێ، ێ، هۆ، ها،ینە کە دەوترێ کوردینە، مەردینە، ئەی کابرای شێت وەرە، هۆ کاکەی رێبوار، رێم لە بەر ناچێ، ها کاکەی جوتیار کارت بە پیت بێ

ئەرێ پیاوی پیر ژنی جوانت بۆچی یە. منداڵینە گوێ گرن لە مامۆستای ویژی کوردی، ئەری مامۆستای ئازادی لە کوێ؟

۲- ئامرازەکانی جۆراوجۆر: (قیود)
خ

۱ - جێ نیوەکانی نیشانە (ضمیرالاشارە = Demonstrative pronoun) لە زاراوەی سۆرانیدا ئەوە، ئەمە، هۆ هاها - ئەوە وە لە زاراوەی هەورامیدا ئینە، ئانە، ئونە، هونە.

بۆ نیزیک، دوور، دوورتر، دوورترین، گەردانی ئامرازی وەکاو لە گەڵ جێ نیوی نیشانە لە سۆرانیدا وەکوو: ئەوە، وەکوو: ئەمە، وەکوو: هۆ، ئەو، وە یا هۆ، ئەوە، وە لە زاراوەی هەورامیدا ئامرازی وەکاو بە تەنیایی «پێسە، پاسە، پوسە، پەوسە» چینە، چانە، چونە، یانێ وەک لەمە، لەوە، لە هووئەوە.

۲ - ئاوەڵ کردارەکان (ظرف) وەکوو بەیانی، هەنووکە، نیوەرۆ، هاوین یا ئاوەڵ دوخیەکان.

شەو، رۆژ، مزگەوت، شەقام، سەر ، خوار، ژێر، ژوور، راست، چەپ، دوا، پێش، لێرە، لەوێ، نێوەڕاست و... کە لە پێشان ئاماژەی پێ کرا وە ئەم وشانە لە زبانی فارسیدا پێیان ئەڵێن (قیود اسمی) کە لە زاراوەی سۆرانی بابانیدا کە لە قوتابخانەکاندا وانەی دەوترێتەوە بە نێوی ئاوەڵ کردار بەنێوبانگن (سیفەتی فیعل) بەلای نووسەرەوە پێیان بوترێ ئاوەڵ دۆخ یا ئاوەڵ چونیەتی باشترە.

٣ - ئاوەڵناو: ووشەیەکە وەسفی ناوێ یا راناوێ (جێ ناوێ) دەکات بە بۆنەی ئامرازی (ی) کە ئامرازی پێوەندە وەکوو دەردی بێدەرمان، کەری کورتان دڕاو، پیاوی ئابەستە، مرۆڤی قاڵتاخ کە بە بۆنەی (ی) وشەکانی دەرد، کەر، پیاو، مرۆڤ، بە وشەکانی بێ دەرمان، کورتان دڕاو ئابەستە، وە قاڵتاخ وەسف کراوە.

٤ - راناوی (جێ ناوی) جیاواز کە لە پێشان دا وتم وەکوو من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان کە ئەگەر لە هەوەڵی رستەدا بین وە بە ئاوەڵناو وەسف بکرێن دەبنە، (من)ی هەژار (تۆ)ی خەباتکار (ئەو)ی رێوی سفەت (ئێمە)ی خوێندەوار، (ئێوە)ی تێکۆشەر یا وشیار، (ئەوان)ی سەر بار بەڵام هەر ئەم جێ ناوانە دەبنە رێژ لە پاڵدراوی (مسندالیه) کارو لە هەوەڵ رستەوە دەبن وەکوو ئەو رۆیشت، ئەوان خواردیان.

$\frac{1}{4}$ راناوی لکاو یا نووساو کە بە کردارەوە دەچەسپێ وەکوو: م، ت، ی، مان، تان، یان کە دەوترێ وتم، وتت، وتمان، وتتان، وتیان، کە بمانە جێ ناوی کارایی یا کارتێکەر یا سەرکار دەوترێ [1].

٥ - هاوەڵکارەکانی ئەندازەی هەرۆ وەکوو زۆر، کەم، پاک، سەرانسەر، چەند، بەرفراوان.

٦ - هاوەڵکاری داکۆکی ئەدار کە لە فارسی دا پێ ئەڵێن (قیود تاکیدی

---

١ - سەرکار، نووسەر ئەڵێ هەروەها بە مەفعول ئەڵێن بەرکار باش وایە بە جێگای کارا یانێ فاعیل بوترێ سەرکار، سەرکار = فاعیل وە مەفعول = بەرکار.

ئیجاب) وەکوو هەڵبەت، پێویست، ناچار، بێ گوفتوگو، بێ گـومان، بەڕاستی، دەبێ، دەبوایە.

٧ - هاوەڵکاری لە شـوێن یـەک: وەکـوو: پـەیتا پـەیتا، سـەرەتایی، هەوەڵین، یا هەوەڵ، دووەم، دووهەمین، سەرئەنجام، دەستەدەستە، تا ئەوەی هەموو ژمارەکان چ لێکدراوی و چ سادەکە (م) وە (ین) بـە دوایانەوەبێ وەکوو هەزارم، دەهەزارەمین وە ژمارەکان دەبـنە چـوار بەشەوە.

١ - ئەسڵی وەکوو یەک، دوو ، سێ

٢ - لە شوێن یەک و نیشانۆ وەک دووەم، سێهەم و...

٣ - ژمارەی کەم کراو ، نیم، سێ چوارم، دوو سێووم و...

٤ - ژمارەی بەش کراو وەکوو چوار چوار و پـێنج پـێنج و حـەوت حەوت.

٨ - هـاوەڵکارەکـانی نـادار (قـیودی نـفی) نـە، هـیچ، هـیچکات، هیچوەخت، هیچ ڕێگا، هیچ شوێن، نانا (داکۆکی نادار)،نابێ، ناوێ، ناکرێ، ناشێ وە لە زاراوەی هەورامیدا (نیەن، نەبیەن، نەمەبۆ).

٩ - هاوەڵکارەکانی وەسفی: سوارە، پیادە، شەلەشەل، شادان، شل شل، نەرمەنەرم، ئارام ئارام، وردە وردە، تون تون ، خرمە خرم، کرمە کرم، زرمە زرم، تۆزە تۆزە، نەختە نەختە، کوڵەکوڵ، گرمە گرم، و...

١٠ - هاوەڵ کرداری گومانی - وەکوو: گۆیا، مەگەر، ئەڵێ، ئەیژێ،

بێژێ، دەبێژێ وە دەگونجێ.

١١ - هاوەڵکاری پرسیار:

وەکوو:کام،کێ، چەندە، چونە، چۆن، بۆچی، پەی چی، چلۆن، پەچی و ...

١٢ - کاراوەڵی جوێ کردنە: وەکوو: سەرەڕای، جگە، جگ، بێجگە، مەگەر وێڕای و...

١٣ - کاراوەڵی وێنەیی یا وەکاو: وەکوو: وێنەی، وێنە، هاو وێنە، وەنە یەکە لە زاراوەی هەورامیدا ئەڵێن، پیسە، پاسە، پۆسە، پەوسە، کە شێوە ئاماژەشیان هەیە. وەکوو لە پێشاندا وتم (لە ریزی یەکدا).

١۴ - وشەکانی (مترادف) هاو وات وە (متضاد) یەکدژ، (متشابە) وە کاو یا هاوگوت.

وشەی هاو وات وەکوو کەژ و کێو، یاکەژ و مەژ،کێو و سێو، دەشت و مەشت، ساراو مارا، تۆ وموو، لێو و مێو کە لە شێوە دا جیان بەڵام یەک مانایان هەیە. هەروەهایە خەڵات و مەڵات وورِ و مرِ کاس و ماس، و ورد و مرد و گێژ و مێژ، خوێری و موێری و نانە لەم و مانە لەم.

وشەی دژ یەک وشەیەکە، لە شێوە دا جیاوازن وە لە ماناشدا دژ یەکن وەکوو سارد و گەرم، هاوین و زستان، چاکی و خراپی، هاتن و چون زەوین و ئاسمان و ئاسمان و رێسمان، هاتوو چوو، هەوراز و دەشت، گورگ و مێش، یا گورگ و مەڕ یا گورگ و مێ و ...

هاوگوت: وشەیەکە لە بێژەدا یەکن بەڵام لە نووسیندا جیاوازن، ئەم جۆرە وشە لە زبان و نووسینی کوردیدا نیە بۆ ئەوەی کە لە زبانی کوردیدا هەرچەند بێژەی بکرێ دەنووسرێ وە ئەم وشە لە زبانی فارسی وەکوو خوار و خار کە هەردوو خار دەخوێنرێنەوە

١٥ - وشەکانی بزر (مبهم) وەکوو هەر، هەر کەس، هەرچ، هیچ، چەند، ئەمە، ئەوە، هیچکەس، هیچەکسێ، هیچکام، لە کوێ، بۆ کوێ هەموو کەس، هەموو شت کە بڕێک لەم ووشانە شێوەی کاراوەڵی ئەدار و بڕێک شێوە کاروەڵی ناداری هەیە: هەر کەس، ئەمە، ئەوە، (ئەدار). هیچکەس، هیچکام، (نادار) کە هەرکام لەمانە جێ نێوی نیشانەی پێ ئەڵێن وەکوو ئەمە، ئەوەوە...

١٦ - وشەکانی دۆخ (حال)

وشەی دۆخ وشەیەکە دۆخی کارایی (سەرکار) یا بەرکار یا کارتێ کراو) وەسف دەکات وەکوو ئێران دەنووسێ بە سەر پێوە، دەخوێنم بە دانیشتنەوە و وێستا بووم پێنووس بە دەست، دەرۆیشتم دەم بە گۆرانی، پیاوێکم دیت بە جل و بەرگی نوێوە. رێویکم گرت پێ بە تەڵەوە، هاوارم دەکرد لە نیشتمانی داگیر کراو. شەڕی دەکرد بۆ نیشتمانی لە خوێندا گەوزاو، کوژراوم بە تیغی زبانی دوژمن بە سەر پێوە،

بە دانیشتنەوە، پێ نووس بە دەست: دەم بە گۆرانی، بە جل و بەرگی

نوێوه، پێ بەتەڵوه، داگیر کراو، له خوێندا گەوزاو که هەموو دوخن که برێکیان دۆخن له کارایی (سەرکار) وەکوو ئێران وەم وه (م) له بووم‌و.. که خۆیان کارایین و سەرکار وه پێ بە تەڵەوه، داگیرکراو.. دۆخن بۆ له بەر کار کەلەو رستەیاندا بوو.

٣/خ - راناوی خو Reflexivepronoun جێی ناوی هاوبەش وەکوو خۆم،خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆیان.

٢ - له ریزی ٢ بەشی ح دا برێک له جۆرەکانی نێو نووسراوه بەڵام نێوی لێکدراوم نەنووسیبوو وه نێوی لێکدراو دەگونجێ: دروست کرابێ.

١ - له دوو نێو وەکوو گوڵاو، گاوەرۆ، ژاوەرۆ،

٢ - له نێو و ئاوەڵناو وەکوو: جوانرۆ قۆرەتوو، دیاکۆ، رۆژباش، بەیانی باش، دەست کوچ.

٣ - له نێو و نێوی خاوەن کردار وەکوو دڵبەر، دڵدار، دڵپیس، بیر چەوت، دڵرون.

٤ - له نێو و ئامراز وەکوو باخەوان، نێچیروان، گوڵسان، گوڵزار، بەرقوڕوو.

٥ - له دوو سەرچاوگەی پاش لابراو: بوونه بو، دار و نەدار، وتووێژ.

٦ - له دوو کردار: گیرودار، هەس و نیس و ..

٧ - له نێو و ژوماره وەکوو چوار رێگان، سێوەر، چوار چێوه، چوار

سەر، دووسەر، دووبەر، دوگریّ، یەکدەست، یەک چـاو، هـەزارپـا، هەزار چاو، هەزار گویّ.

٨ - لە دوو نیّو و ژومارەیەک وەکوو سەراو دووکەڵ (نیّوی ئاواییّکە لە بەشی دیّ گولان).

- ئیّستا هیّند نەی و ئاویّتە کردن (تجزیە و تـرکیب) لەم رسـتانەی خوارەوە لە شیّعری ماموّستا هەژار:

چەپ گەردی گەردوون گەڕان کوشتمی

نـــەزان پـــەرستی بـــوّ نـــان کـــوشتمی

هـــەر چـــەوسانەوەی بـــیّ حـــەسانەوە

ئـەی مـردن لە کـوییّ ژیـان کـوشتمی

چەپ گەرد ئاوەڵناوی لیّکدراو لە پیّش، بوّ گەردوون کە نیّوی زاتە (ی) پیّوەندە لە نیّوان ئاوەڵناو و نیّودا کە بانگ لیّ کراوە یـانیّ ئـەی گەردوون وە ئەی لابراوە، گەڕان = گەڕیان ئاوەڵناوە و ریّژ لە پاڵ دراوە (مسندالیە) وە خاوەن کرداری کوشت کە کاری (کرداری) رابوردوی سادە ریّژدراوە بە گەڕان (مسند)،م راناوی کەسی هـەوەڵ، ویّـژەری تاک بەرکار (کار پیّ کراو) کە کوشتنی بە سەرداهاتوە، نەزان پەرەستی ئاوەڵناوی لیّکدراوە، (بوّ) کە پیتی پیّوەندە، (نان) نیّوی زاتە گشتیە، نەزان پەرستی بوّ نان دەبیّتە ریّژ لە پاڵ دراو یا خاوەن کردار (کارایی = سەرکار) بوّ کوشت، کوشت کرداری رابردوو بوّ سیّهەم کە سـە (م)

جێ ناوە بۆ کەسی هەوەڵی وێژەری تاک، بەرکارە، (ی) پیتی پێوەندە. هەر وشەی بزرە چەوسانەوە ئاوەڵناوە و ڕێژ لە پاڵ دراوە بۆ کردارێکی لابراوە وەکوو هەیە، (ی) پیتی پێوەندە، بێ پیتی نەدار، حەسانەوە ئاوەڵناوی دووەم بۆ نێوێکی لابراو وەکوو ڕاناوی من یانێ بۆ من، ئەی پیتی بانگ کردن، مردن نێوی مانا گشتی، نەناسراو بانگ لێ کراو، ڕێژ لە پاڵ دراو بۆ هەی یاهای لابراو کە لە مانای وشەی لە کوێ دەزانرێ، لە پیتی پێوەند، کوێ وشەی بزر (مبهم) یانێ لە کوێ هەی ڕێژ دراوە بۆ مردن، ژیان وشەی ئاوەڵناوە، گشتی، مانا، سەرچاوگە ڕێژ لە پاڵ دراو (مسندالیە) یا خاوەن کار بۆ کرداری کوشت وە کوشت کاری رابردووی سادە و هەر و ڕێژ دراوە بە ژیان کە موسنەدالیە (مسندالیە) وە (م) جێ ناوی بەر کار بۆ کەسی هەوەڵ وێژەری تاک (ی) پیتی پێوەندە ئەم هەڵبەستەی خوارەوە بۆ ڕاهێنان.

٢ - هەڵبەستی مامۆستا قانیع:

قەڵەم! من و تۆ و ژیان مەزلومین
هەر سێ وێنەی یەک بەند و مەحکومین
من مەحکومی چەرخ تۆ مەحکومی من
ژیان گیرودەی دۆستی دڵ دوژمن
هەر سێ باخەوان باخی بێبەرین
هەرسێ مەلەوان گێژی خەتەرین

یادئاوەری

ئاوەڵناو و ئاوەڵ کردار جیاوازیان لەوەیە کە ئاوەڵناو وەسفی خاوەنی ئاوەڵناو دەکات وە ئاوەڵ کردار وەسفی کارێک دەکات کە لە کاتێ یا لە جێگا و شوێنێکدا ئەنجام دراوە، هەوەڵ وەکوو کچی زیت، ژنی نووسەر، پیاوی زانا، ژنی شاتاڵ تون، ژنی نهێنی کار، ژنی خەباتکار ...

دووەم وەکوو: هورموز لە نێو وانگەدا خەوتوە، برزویە پلەی لیسانسی لەساڵی ٧٩دا گرتوە، موحەممەد لە قوتابخانە دا قورئان دەخوێنێ.

هەڵمەت رۆژی هەینی دەچێ بۆ مزگەوت، دلێر رۆژی شەمۆ کار دەکات. سەلاح لە کۆڵان دانیشتوە.

٢ - ئاوەڵناوی بتر (بەرتر) وەکوو گەورەتر، جوانتر، باشتر کە بە پیتی (لە) بەیان دەکرێ وەکوو، برزویە لە گەلاوێژ گەورەترە، میدیا لە پوریا بەرزترە، سەلاح لە کاری وێنەگری دا لە رۆستەم باشترە.

پیاوی تاکە خواز لە گەوج گەوجترە، رۆژی روون لە شەوی تار باشترە.

پیاوی کۆسە لە ماسی کۆسە (کۆسەماسی» پڕ مەترسی ترە،

گاو و کەرانی باربەر چاکترن لە مرۆڤی مەردم ئازار.

٣ - ئەوەڵناوی بەرز و باڵا وەکوو گەورەترین، جوانترین، شیرینترین،

تـــورشترین، ســـوێرترین، گــەوجترین، کــوچکترین، بــەخەوشترین، لاژوترین، ریش درێژ ترین، چاو زاق ترین، ستەمکارترین، درێژ ترین، کوڵترین.

٤ - ئاوەڵناوی رێژیی (نسبی) ســـنەیی، لادیـــی، تـــارانـــی، بـارانـــی، زستانی، کرماشانی، هەرسینی، قامیشلەیی، دیاربەکری، ئامێدیەیی، بیجاڕی، سەقزی، مەهابادی، بـۆکـانی، ســەردەشتی، ســلەیمانەیی، گەڕووسی، هەورامی، ژاوەرۆیی، گاوەرۆیی، مەریوانـــی، لەیـلاخی، بایزیدی.

٥ - ئاوەڵناوی کارایی (فاعل وصفی) (کارتێکەر) یا سەر کار کـە دەبێتە دژی بەرکار (مفعول وەصفی) وەکوو ، وێژەر، بێژەر، بیسەر، بینەر، کارکەر، دانەر، توێژەر، رێژەر، تەونەر، بەرگر، فێرکەر، وێنەگر، دروست کەر کە نیشانەگر، کەر، وەور، وە.. دەبێتە ئاوڵناوی کارایی یا سەرکار (صفت فاعلی) ئەمەش خۆی دەبێتە چەند بەشەوە.

ئەلیف ـ ئەگەر ئاوەڵناوی کارایی یا سەرکار مانای زۆری کردارێک.

بـێ ـ دەبێتە دەمکاتی (صیغە مبالغە) هاش و هووش یا زیادە وەکوو ستەمکار، پەروەردگار.

پ ـ وە ئەگەر مانایی بەردەوام بـێ ئـەوە ئـاوەڵناوی وەکـاو کـراوە (سیفەتی مشبهەیە) وەکوو لاو، مامۆستا، جوان و زانا.

٦ - نێوی کارایی یا سەرکار چەند نیشانەی هەیە وەکوو (ار) و (کار)

و (گەر) (ار) وەکوو خوازیار، جووتیار، (کار) وەکـوو سـتەمکار، جەفاکار، کرێکار (گەر) وەکوو دادگەر، ستەمگەر وە جۆرەکانی تری کارایی وەکوو دادپەروەر، سەرسوورِ هێنەر، سـووتێنەر، دەرهـێنەر، وەرگێرەر، کۆڵنەدەر، راپەڕێنەر، راوکەر، شێوکەر، چڵکاو خۆر، یانێ زۆر ئابەستەیە چڵکاوی زۆر دەخوا و کوڵە دەگرێ و فت فت دەکات.

٧ - ئاوڵناوی بەرکار (سیفەتی مەفعولی) وەکوو براو، دڕاو، کوژراو، خوراو ، سووتاو، چەورکراو، روتو کراو، لێدراو، بیسراو، بینراو، فێر کراو، ورد کراو، گەورە کراو، بچوک‌کراو، لێ‌قەوماو:

دەبێ بزانین نێوی کارایی (سەرکار) وە نێوی بەرکار (اسم فاعل و اسم مفعول) لە گەڵ سەر کار و بەرکاردا جیاوازیان هەیە:

سەرکار و بەرکار وەکوو لەم رستانەی خوارەوەیە.

خوسرەو رۆییشت بۆ سلەیمانی وەکتێبی زۆری هێناوە.

مێدیا هەرچی رۆژە جگە لە هەینی دەچێ بۆ وانگە.

پوریا ئاوی خواردەوە، ئاروین لاسایی فیلم دەکاتەوە.

٨ - ئاوەڵناوی ناپێژو (سیفەتی جامد) وە ئاوەڵناوی پێژو (سیفەتی مشتق).

ئاوەڵناوی ناپێژو لە هەوەڵەوە ئاوەڵناو بووە وە لە وشـەیەکـی تـەنێ دروست دەبێ وەکوو سارد و گەرم، باش، چـاک، خـراپ، تـورش، شـیرین، سـەوز، زەرد، سـپی، چـەرموو، رەش و ئـاوەڵناوی پـێژو (سـیفەتی مـوشتەق) لە وشـەی سـەرچـاوگە یـا کـردار گـیراوە وە

ئاوەڵناوێکە لە بناغەدا ئاوەڵناو نەبووە وە لە کار یا سەرچاوگە گیراوە وەکوو زانا، بێژەر، وێژەر، کە لە زانستن، بـێژەی و وێـژەی دروست بووە، هەروەهایە هێنەر، سووتێنەر هەڵپەڕکێ کەر لە هێنان، سووتان وە هەڵپەڕکێ کردن دروست بووە.

٩ - ئاوەڵناوی لێکدراوی: ئاوەڵناوێکە لە دوو وشە یـا بـتر دروست کـراوە و لێکـدراوە وەکـوو دڵ لە دەست دەرچـوو، بـێ ئـامانج، هونەرمەند، ناخۆینەوار، هەڵسورێنەر، هەوڵدەر، نرکەکـەر، کـوتەک وەشێن، نان خۆر، هەڵمەت بەرو.

١٠ - ئاوەڵناوی سادە و ساکار: وشەیەکی تەنێ و بـێ هـیندە (بـێ جوزئە) وەکوو باش و خراپ، ئاوی رەش و سپی کە لە ریـزی ٨ لە باسی ئاوەڵناوی ناپێژودا وترا.

بەلاّم بەشەکانی ئاوەڵناوی لێکدراوی بەم جۆرەی خوارەوەیە. وە لە مانەی خوارەوە دروست دەبێ:

١ - لە نێو و نێوی بەرکار وەکوو خواداو، بەغداد، سەرگەردان، سەر لێ شێواو، ژن براو، پیاو سووتاو، خەرمان دزراو، رەنج بابراو.

٢ - لە نێو و نێوی کارایی (سەرکار) وەکوو دوردی، کارزان، قسە بێژ، نەزان کار.

٣ - لە زیدەی هەڵگەڕاو وەکوو: مانگ رو، سێو رومەت، ئەستێرە چاو، دزەرێ، تەوری‌وەر، دلْدار.

٤ – لە خاوەن ئاوەڵناو و ئاوەڵناو، وەکوو دڵ تەنگ، دڵسەرد، دڵپڕ، دڵتەڕ، دڵدار.

٥ – لە دوو نێو وەکوو کۆڵەبار، کۆڵە سار، کۆتر چاو، گورگەڕێ کە ئەمە بۆ ریزی سێهەمیش دەبێ.

٦ – لە نێو و پیتی پێوەست یا پێوەند یا نێو و جێ‌نێو وەکوو هاوکار، هاوڕێ، خودرای، سەربەخۆ وە سەرخۆ، سەر وەقۆر، سەر وە ناز، لە سەرکەل، لە سەر چڵ، بڵ لە بڵ ، شل و شل، خۆگر،
بەرپەڵ، سەرچڵ بۆ نێوێک و پیتی زێدە.

٧ – لە دوو نێو و پیتێ یا لە نێویک و پیتی زیدە وەکوو گوڵ بەدەست، کڵاو بە سەر، دڵ لە دەست دەرچوو، گوڵ لەبان سەر، تاقیلە لە سەر.

٨ – لە نێو و ژومارە یا ژمارە و نێوی گەل وەچەند نێو وەکوو دوو دڵ، یەکزمان، یەکدڵ، دورەنگ، هەزار چاو، هەزار گوێ، دوو گوێ، دوو پێ، چوار پێ، چوار دۆڵی، هەزارکانیان، دوو ژنە، چوار ژنـە، یـەک پیاوە، لۆتی دوزەلە ژەن.

٩ – لە نێو و پێشکۆی (بێ) وەکوو بێ‌سەر، بێ کڵاو، بێ ئاوڕو، بێ هۆش، بێ ئەدەب، بێ شواڵ، بێ هونەر، بێ‌سەر و بەرە، وە لە پێشکۆی نا وەکوو: ناپیاو، نامرۆڤ، نامەرد و ناچی و ناچی.

وە دە یا (دا) وەکوو دەسان، داماو، دامرکاو، دادڕاو، داکراو، دابڕاو.
یا (لێ) وەکوو لێ قەوماو، لێ سەندراو، لێ بڕاو، لێ چڕاو، لێ‌نرکاو،

لێ فەوتاو، لێ سووتاو، یا (پێ) وەکوو پێ چۆڵ کراو، پێ پینە کراو، پێ لە دەست چوو، پێ پەتی.

یا (نە) وەکوو نەفام، نەزان، نەوان، نەچان، نەڕان، نەسان.

١٠ - لە نێو و پاشکۆ (پاشگر)ی (مەن) وەکوو دەردمەن، هۆش مەن، دەوڵەمەن، یا (وان) وەکوو پاسەوان، باخەوان، نێچیروان، پاڵەوان یا (مان) وەکوو شادمان، ئارمان، نارمان (نێوی مێژوویی هەڵەبجە)، هاڵمان (نێوی مێژوویی هەڵەبجە یا خورماڵ).

د - شێوەکانی کار یا کردار لە زبانی کوردیدا، جۆری ڕەستەکان، جۆری زێدەکان.

ئەلیف ـ

١ - کار بە شێوەی ئاگاداری و گوزارشتی وەکوو دوێنێ ڕۆیشتم بۆ ماڵی دیاکۆ، سبەینێ دەچم بۆ پەرتوک خانە چ بە شێوەی ئەدار و چ نەدار، نەچوم، نەچووم، ناچم، ناڕۆم و ..

٢ - کار بە شێوەی گومانی (التزامی) ئەوەیە کە کارەکە بە جۆری گومان و ئارەزوو بێ وەکوو دەمەوی بچم بۆ وڵاتی هەندەران، دەگونجێ باران بباریێ، دەگونجێ پەرتوکێکی مێژوویی سەبارەت بە نەتەوەکەم بنووسم، گومانم وایە نووسینی فەرهەنگ و وێژی کوردی لەم سەردەمەدا بێوێنەیە و ...

٣ - کار بە شێوەی مەرجی وەکوو: ئەگەر بزانی کوڕی چاکی، ئەگەر نەخوێنی زیان دەکەی.

ئەگەر ببێتە پیاوی بێگانە لە دەستت دەچێ هەر دوو هەمانە، ئەگەر دەتەوێ کارێ بگرە هەناریێ، ئەگەر نیشتمانت خۆش نەوێ ئاینیت نیە. (مەرج و وەلامی مەرج).

٤ - کار بە شێوەی فەرمانی، بڕۆ، بخەوە، دانیشە، ڕاکێشە، ڕاکشە. بنوو، بنووە، بخوێنە، بووانە، بووانە وانە، بنوێنە، بستێنە، ئازاد کەرە، لابەرە، لاوە، کەرمەبە، ئاوڕوی خۆت مەبە.

٥ - کار یا کردار بە شێوەی نیشانوو (وەصفی) ئەوەیە کە کردار بە شێوەی ئاوەڵناو بە کار دەبرێ وە مانای کردار دەدات وەکوو: پوران

هەستاوە سەر پێ و چوو بۆ وانگە.
- پەرتۆکەکەم لە دیاکۆ سەند بە سەر پێوە و دام بە بیژەن، بلە لە مەناردا هەستاوە سەر پێ بۆ بانگ دان، کیژۆڵەی راکرد و خەبات دەکات، پیاوی برامردوو قورئان دەخوێنێ، پیاوی ریش بڕاو سەر هەڵدەتەکێنێ.
بە سەر پێوە سەر بدە لە باوکت. مێدیا بە سەر پێوە کتێبی داستان دەخوێنێ.
٦ - کار بە شێوەی سەر چاوگەیی: وەکوو، ئەو کتێبە بۆ خوێندن نابێ، بۆ وتن نابێ، بۆ دیتن نابێ، بۆ لێدان نابێ، بۆ کوشتن نابێ
٧ - کار بە شێوەی پرسیار یا داخوازی زانین (استفهامی) ئەوەیە کە کردار بە شێوەی پرسیار بە یان بکرێ وەکوو: بۆ کوێ چوو ئەوەی لە تەکمانا بوو؟ بۆ کوێ دەچێ،؟ لە کوێ دەخوێنێ،؟ لە کوێ نان دەخۆی،؟ کام کتێبە لە بارەی مێژووی کورد بە باشی نووسراوە،؟
١/ب - رستەیەک کە بەکردار دوایی پێ بێت چوار بونیات (پایە)ی هەیە.
١ - رێژ لە پاڵ دراو (مسندالیە).
٢ - رێژدراو (مسند).
٣ - پێوەند (رابطە).
٤ - رێژ (اسناد)،رێژ لە پاڵ دراو، وشەییکە دەبێتە کارایی بە ئەدار یا نەدار وە زۆربە لە هەوەڵی رستەوە دەبێ وەکوو میدیا رۆیشت،

سیامەک هات، ئەم دوو رستەیە بە کردار دوایی‌یان پێ هاتوە.
دیاکۆ ویژەری چاکە. (رستەی نێوی)

ڕێژ دراو (مسند) وشەییێکە دەبێتە ڕێژ دراو وە پێوەند وشەیێکە کە ڕێژ لە پاڵ دراو و ڕێژدراو پێکەوە پێوەند دەدات، وە ڕێژ لە نێوانی ڕێژ لە پاڵ دراو و ڕێژ دراو دەبێ وەکوو خودا زانایە، شارەکانی کرماشان، دیاربەکر، هەولێر، سلەیمانی، سنە، مەهاباد، کەرکووک، بەشێکن لە کوردستان کە لێرەدا (ە) وە (لە) ئامرازی پێوەندن .

$\frac{٢}{ب}$- تەواوکەر متمّم وشەییێکە لە دوای ڕێژ لە پاڵ دراویا ڕێژ دراو یا هەردووکیان بەیان دەکرێت وەکوو گورگەکە بێچوەکەی برد، ریویەکە دووی لە درگا گیری کرد، ریویەکە خەریکە راو دەکات، پوریا هات بۆ لای باوای. ئاروین چوو بۆ لای باوکی.

$\frac{٣}{ب}$- نێو وەکوو ئاماژەم پێ کرد چوار شێوەی هەیە:

١ - کارایی (سەرکار).

٢ - بەرکار یا کار تێ کراو

٣ - زێدە

٤ - بانگ لێ کراو

- کارایی وەکوو برزویە هات، میدیا رۆیشت و کوردەوان خەوت، سوشیان نەهات.

- بەرکار وەکوو پوریا گورگەکەی کوشت و کەوڵی کەن، ئاروین پیاوە

ئاسنگەرەکەی گرت.

- بانگ لێ کراو: بانگ لێ کراو نێویێکە بە کومەگ پیتی بانگ کردن بەیان دەکرێ وەکوو: ئەی براکەم، ئەی کوردینە، ئەی مەردینە، یا کوڕینە، کوردینە، مەردینە ، هۆمامەی رێبوار رێم ون کردوە، هۆ شۆڕەژن با لە سەر تۆ بمکوژن.

هۆ ستەمکار گۆڕت ون کە، هۆ ئابەستەی خویێڕی نـە وەرەی تـوش دەگات.

- زێدە وەکوو کتێوی من، باڵی مەل ـگوێچکەی کەر، دوچکەی ریوی. بەردی لای دێی، کڵاوی رەپەڵکار، دوچکەی رەپەڵکار.

زێد (اضافه) زێدە (مضاف)، زێداو (مضاف الیه)، بەشەکانی زێـد: (اضافه).

١ - زێدی خاوەنی، ملْکی) وەکوو باخی سمایل، پەرتوکی سمکۆ، مێژووی کوردەواری، فەرهەنگی کورد، فەرهەنگی خاڵ، فـەرهەنگی هەژار، فەرهەنگی مەردۆخ، (کوردی، فارسی، عارەبی)یە

٢ - زێدی تایبەتی کە ئەوەیە تەنێ تایبەت بە زێداو بێ وەکوو چرای خەو، جلی ئەسب کەوڵی ریوی، پێستی سەری.

٣ - زێدی بەیانی، زێدی بەیانی ئەوەیەکە زێدا و جۆری زێدەکە بەیان دەکات وەکوو رۆژی هەینی رۆژی رەش، داری سێو، ئەنگوسیلەی زێڕ ئەنگوسیلەی زێو، ملوانکەی شین.

٤ - زێدی وەکاوی (تشبیهی) ئەوەیە کە لە زێد مـانای وەکـاوی (تەشبیهی هەبێ) کە ئەمیش سێ بونیات و پایەی هەیە:

١ - وێنە کراو (مشبه).

٢ - وێنە پێ کراو (مشبه به).

٣ - شێوەی وێنەیی (وجه شبه) وەکوو لێوی ئاڵ، برۆی کـەوانـی، مەمکی هەناری، شێری مەیدان، روی مانگە شەو، دەم رێـوی، ددان کەروێشکی.

٥ - زێدی پونجی (اضافۀ استعاری) ئەوەیە کە جگ لە مانای راسەڵی خۆیدا بەکار بهێنرێ وەکوو روی قسە، دەستی رۆژگار، گوێ هۆش، گوێ دڵ. شمشێری برۆ، تیغی زوان، کەری بار، (مەبەست مرۆڤێ بێ) پشتی ملی پان. (بۆ پیاوی نەزان).

٦ - زێدی باوکوو فەرزەندی: وەکوو کوڕی سەلام، کوڕی بلە، کوڕی خولە، کوڕی جەمیلە، کچی جەلیلە. حەمەی کوڕی ئەحە، ئەحە کوڕی حەمە، نوشیروانی باوکی دیاکۆ، دیاکۆ کوڕی سالار، سالاری ساکار، نەبەزی هەڵمەت، دلێری خەبات و ...

جـــیاوازی لە نـــێوان ئـاوەڵناو و زێـد دا ئـەوەیە کـە ئـاوەڵناو و خاوەنەکەی یەکێکن بەڵام لە زێددا لە هەموو بارەوە وانیە وەکوو وتمان کە برێک جاریش زێدە و زیدا و یەکـن وەکـوو لە زێـدی بـەیانیدا، ئەنگوسیلەی زیو. کە هەر دوو یەکن.

- نێو دەگونجێ ئاشکرا بێ وەکوو ئەو ناوانەی کە وتراوە دەگونجێ راناو بێ وەکوو وتم، وتت، وتی، کە (م) و (ت) و (ی) دەبنە کارایی (سەرکار)

- رستە دوو جۆرە: یەکەم رستەی تەواو کە ئەوەیە بە تەنێ مانا بگەینێت وە بیسەر بە تەمای وشەیەکی تر نەبێ وەکوو هەڵمەت رۆیشت، نەبەز ئاشتی کرد. مرۆڤی ئابەستە ناپیاوە، ئەو کەسانەی کە بێبەهرۆ خوێڕین دەبنە ئابەستەی بێگانە.

ئەمانە رستەی نێوین، رستەی کاری وەکوو وتم. وتت، وتی، وتمان، وتان، وتیان.

دووهەم رستەی کەم و کوڕ (ناتەواو) رستەیەکە کە بیسەر بە تەمای رستەییکی تریا وشەییکی تر دەبێ وەکوو بترسە، یانێ لە گای هوڤ یا لە مرۆڤی نەزان بترسە. وەرە بۆ ماڵی پیاوی زانا کە وشەی فەرمانانی بترسە، وەرە، بە تەنیایی لە کاتی تایەتی دا تەواو نابێ

٧ - نێوی چەسپێنراو (موصول) وەکوو ، ئەوتو، واتا، کە، و...

٨ - نێوی بچووک کراو (تصغیر) وەکوو براڵە، ئاسیاو لە، کیژۆلە و بەرخۆلە، بچکۆلە. مەمکۆڵە..

٩ - نێوی سادە و لێکدراو، سادە وەکوو ژن و پیاو و دڵ، لێکدراو وەکوو پلاو، شاپور، پورشەسپ، کەوکوژ، راوچی، چایچی.

۱۰ - [1] نێوی گشتی کە نیشانەی انبێ وەکوو کچان، کوڕان، پیاوان، ژنان، نێوی گشتی بیستراو وەکوو، کارەسات، دێهات، بسات.

ر - گۆڕانکاری لە بڕێک لە وشەکانی کوردی وە وشەکانی باو لە نێوانی توێژ و چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگادا، وشەکانی رامیاری و شەڕ و ئاشتی بە هاتنی دەسەڵاتدارێ بە جێگای دەسەڵاتدارێکی تر زۆر لە وشەکانی باوی لە نێوی خەڵکدا دەگوڕرێ.

۱ - هەروەها دەزانین: لە وشەکانی کوردیدا گۆڕانکاری زۆریان (لە درێژای مێژوودا) پێک هێناوە و بوونەتە هۆی ئەوەی کە ئێستا زۆر کەس مانای ئەو وشە کوردیانە نەزانێ وە هۆی ئەوەش چەند شتە کە هەڵبەت لە پێشان بەم بابەتە ئاماژە کراوە.

ئەلیف - نەبوونی پیتێک لەو زبانەی بیگانەدا دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لەو وشەدا کە لە بنج و بناغەدا هەرکات ئەو نەتەوە، وشەی نەتەوییکی تر بە کار دەهێنن پیتی باوی خۆیان یا نێوی باوی خۆیان بە کار دەهێنین بۆ وێنە عارەبەکان بە ژاپون ئەڵێن یا بان، ئینگلیزیەکان بە میسر ئەڵێن ئیجبت و.. وە لە زبانی عارەبی دا پیتی گاف وە پیتی پ وە ژ نیە هەرکات وشەییک بە کار بەرن کە «گ» یا «پ» یا «ژ»ی تێدا بێ بە

---

۱ - لە دەستوور زبانی فارسی لاپەڕەی ۱۳ لە نووسینی حەسەنی ناظمی بۆ چەند جۆری نێو کەڵک وەرگیراوە.

جێگای «گ» ج ،«پ» ب وە بە جێگای «ژ» ج بەکار دەهێنن، دەگونجێ کە گۆڕانکارییێکی دیکەی تێدا بدەن.

وەکوو وشە گوتی کە لە بناغەدا وشەییێکی کوردیە وە نێوی کێوێکە لە ئارارات دایە کە گەمیەکەی حەزرەتی نوح (ع) لە سەر کێوی گوتی نیشتۆتە وە دوای بۆتە نێوی هۆزێک یا چەندین هۆزی کوردی کە سەدان ساڵ لە جیهانی لە مێژینەدا حکومەتیان کردوە، بەڵام کاتێکە دەڕوانین بە زبانی عارەبیدا ئەم وشە بۆتە جودی کە لە قورئانی پیرۆزدا هەیە! واَ ستْوَتْ عَلَی الْجوُدیّ یانێ گەمیەکەی حەزرەتی نوح (ع) لە سەر کێوی جودی یانێ گوتی نیشتۆتەوە بۆ ئەوەی لە زبانی عارەبیدا پیتی «گ» نیە وە بە جێگای ئەو «ج»ی داناوە وە پیتی (ت) کەشی بە «د» گۆڕیەوە. هەروەها وشەی گوندی شاپور کە نێوی شارێکی لە مێژینەیە لە ئێراندا وە لە سەردەمی شاپوری ساسانیدا ئاوەدان کراوەتەوە کە شاپوری ساسانیش کورد بوە، وە لە بڕێک زاراواکانی زبانی کوردی ئێستاشدا بە ئاوایی ئەڵێن گوند، گوندی شاپور یانێ شاری شاپور، ئاوایی شاپور کە چی عارەب کردویەتی بە جندی شاپور یانێ سەروازی شاپور لێرەدابەم جۆرە زۆر بێمانایە، بە داخەوە فارسەکان ئەم نێوەیان لە عارەب قەبوڵ و وەری کردوە بەڵام نێوی گوندیشاپور کە لە ئامۆزای خۆیانە و وە لە ئێرانیە ڕەسەکانن وە نێوی ئێرانیش لەوانە، دوور خستۆتەوە. وە هەروەهایە بەرزایەکانی

جَوُلان له سوریه‌داگولاّنه وه شاری گورگانیان کردوّته جرجان. وه زوّر وشه له‌م بابه‌ته‌وه.

ب - هوّکاریّتر ئه‌وه‌یه که ئه‌و که‌سانه‌ی که نووسه‌ر بوونه و وشه‌یان توّمار کردوه وشه‌کانیان له که‌سانیّ بیّستوه باش نه‌یانزانیوه وه ئاوه‌زیان نه‌کردوه که وه‌کوو خوّی بیلّیّن و بینووسن وه ئیّستاش زوّر که‌س هه‌ن که بیّژه و کرکه‌ی وشه‌ییّک ده‌که‌ن که به‌و وشه شاره‌زاییان نیه وه‌ناتوانن بیّژه‌ی دروستی بکه‌ن.

یا توّمارکه‌ره‌که باش نه‌ی بیستوه و توّژینه‌که‌ی به مانای راسه‌لّی و واقیعی نه‌بووه و نیه وه ده‌گونجیّ نووسینه‌که‌ش ببته هوّی گوّرانکاری له وشه‌ییّکدا وه‌کوو له ئاویّستادا هه‌یه برِیّک پیت که شیّوه‌که‌یان نزیک به یه‌که و ئیّستا نازانن به کام پیت بیلّیّن ته‌نانه‌ت ئیّستاش له پیته‌کانی باوی زبانی عاره‌بی و کوردی و فارسیشدا وه‌هایه بوّ ویّنه پیتی ج، ح، خ، ب و پ و گ ، ک زوّر له یه‌ک ده‌چن که ئه‌گه‌ر وشه‌ییّک ببیّت وه‌کوو حه‌یان کیّ ده‌زانیّ ئه‌مه جه‌یان یا خه‌یان نیه که ئه‌گه‌ر خاڵه‌که‌یان بکه‌ویّ مه‌گه‌ر که‌سیّ زانا وه شاره‌زا به‌زبان و مانای رسته بیّ بوّ ویّنه هه‌موو یا زوّربه‌ی پیته‌کانی «ک» له شانامه‌ی فیرده‌وسی داکه خوّی کورد بووه کراوه به «گ» وه له جیّگای کورد گوردیان نووسیوه که‌چی له برِیّک جیّگادا بوّ ئه‌وه‌ی بلّیّن کورد چیه و چی ده‌ستیان لیّ نه‌داوه. وه هه‌روه‌ها زوّر له وشه‌کانی کورد له بوستان و گلستانی شیّخ

سەعدی داکراوە بە گورد جگ لە چەند هەڵبەستی نەبێ وەکوو داستانی شبی کوردی از درد پهلو نخفت، طبیبی در آن ناحیت بود و گفت تا دوایی ئەڵێ قضا را طبیب اندر آن شب بمرد، چهل سال از این رفت و زنده است کردیانی سعدی خۆشی کورد بووە یـا هـەڵبەستێکی تری هەیە ئەڵێ!

چو سیلاب خواب آمد و مرد بُرد
چه بر تخت سلطان چه بر دشت کُرد

واباشە زۆر پەراوێز نەچم وە مەبەستم لە هێنانەوەی ئـەو قسـانە ئەوەیە کە هەر کەس بۆی چەلیاگە و رێگا دەستی بوە گۆڕان کاری لە وشەکانی ئێمە دا پێک هێناوە وە لە رێگای ئـەمانەتداری لای داوە، هەروەها وشەی [1] ئورمیە، ئور، ئورشەلیم گۆڕانکاری تێدا کراوە کە ئورمیە یانێ ئاوور، ئاگری ماد، مێدیا دەگـونجێ بـەشی دووهـەمی یونانیەکان مێدی یان نووسی بێ کە لە دوای خـوێنراوەتـەوە مـیە بـە جێگای میدی کە ئەو دوو وشە یانێ میە و مێدی زۆر وێدەچـن وە جێگای لە دایکبوونی حەزرەتی ئیبراهـیم (ع) کـە بـڕێک وتـویانە شاری (ئوور)ە کەچی مسعودی ئەڵێ ئوور یانێ ئاتەش یانێ وشەی

---

١ ـ کاک عومەری خەسرەوی زانای دڵسۆزی نـەتەوەکـەمان لەم بـابەتەوە تـۆژینەی کردوە.

ئاوور و ئاگر كراوه به ئوور كه زۆر كەسی وەكوو نووسەر له پێشان ئەو وشەیه نەزانیوه وه هـەروەها وشـەی ئـورشەلیم ئـاور سـەلیم یـانێ ئاگرگای زەردەشت كه دووكەڵی نەبوه لەوێدا بووه.

وه دوایی كراوه به ئورشەلیم كه كەس بەلای ماناكـەیدا نـەچێ وه له بارەی ئورمیەوه دەتوانین بڵێن چونكو قەراخی دەریاچەی ئاورمیدی نەوتی هەبووه وه ساڵانی درێژ ئاگری گرتوه و روون بوه، لەو كاتەدا بڕێک له زانایانی یونان وەكوو ئەرەستو و ئەفلاتون وه دیكەی زانایان هاتون بۆ ئێران بۆ چەند مەبەست .

١ - ئەوەی بیر و بڕوای فیسلوفی گەوره كورد یانێ زەردەشت بزانن.

٢ - سەر له ئاگری هەموو كات رووناكی ئەو جێگایه دەركـەن. كـه هەڵبەت زەردەشتەكان سیانن.

١ - زەردەشتی مەهابات.

٢ - زەردەشتی ئازەر هووشەنگ.

٣ - زەردەشـــتی پـــورشەسپ. كـه هـەڵبەت بـه زەردەشت وتـراوه زەراتشترا، زەرتەشت وه زەراتشت. (١)

---

١ ـ فەرهەنگ شاهنامەی فـیردوسی پـیتی «ز» لاپـەڕەی ٦٠٠ چـاپ چـاپخانه سـپهر تهران ١٣٥۴ و لاپەڕەی ١٧ كتێبی زەردەشت و جیهانی غەرب نووسراوەی ژ، دوشن گیمن ترجمه مسعود رجب‌نیا و لاپەڕەكانی ۴٧ و ۴٨ و ۴٩ كتێوی مـیراث بـاستانی ئێران نووسراوەی ریچار، ن، فرای ترجمه مسعود رجب‌نیا «شركت انتشارات عـلمی و

هەروەها وتراوە کە حەزرەتی ئیبراهیم نـێوی ئـەپرام بـووە کـە لە تەوراتدا بە نێوی ئەبرام [1] هاتوە وتـویانە کـە ئـیبراهـیم یـەکـێ لە زەردەشتەکانە وە تەورات ئەڵێ کە حـەزرەتی ئـیبراهـیم (ع) لە ٩٩ ساڵییدا نێوی لە ئەبرامە، وە گۆڕاوە وە بۆتە ئیبراهیم یانێ پیتی پ کە لە ئەپرام بوە بۆتە ئەبرام لە تەوراتدا وە لە دواییدا ئەبرام‌یش بۆتە ئیبراهیم کە زۆربەی ئەم گۆڕانکاریانە بۆ نیوە کوردیەکان و وشەکانی کوردی پێک هاتوە.

هەروەها لە مورفولوژی دا زاراواکانی خزمایەتی لە زبانی کوردیدا دەبێتە دوو بەشەوە.

١ - بونیاتی.

٢ - لێکدراوی.

بونیاتی ساکار ئاوەڵ ناوێکە وەکـوو بـاوک، بـاوا، دایک، نـەنە،

فرهنگی ژمارەی ٢٢٣» هەوەها بڕوانـە لاپـەڕەکـانی ١٨٩، ٢٨٣، ٢٨٤، ٢٨٥ و ٢٨٦ لە کتێبی انتقال علوم یونانی بە عالم اسلام لە نووسینی دُلیسی اولیری وەرگێڕاوی احمد آرام چاپ دوم دی ماه ١٣٥٥ سازمان انتشارات جـاویدان. هـەروەها ئـوور لە زمانی کوردیدا یانێ ئاگر و مسعودیش وتویە توور جێگای لە دایک بوونی حەزرەتی ئیبراهیم یانێ آتش (ئاتەش).

١ ـ بابی ٢٢ و ٢٣ کتێبی تەورات وە لاپـەڕەی ٢٦ و ٢٧ کـتاب زردشت و جـهان غرب. لە نووسینی ژ، دوشن، گیمن. ترجمە مسعود رجب‌نیا. چاپ دوم سال ١٣٦٣.

خەزور، یا خەزورە وە خەسوو.

بەلاّم لێکدراوی وەکوو کچی کوڕ، کوڕی کچ، باوکی دایک، دایکی دایک یا دایە گەورە، خەسووی کوڕ یا خەسووی کچ، خەزوری کچ یا خەزوری کوڕ، دوشی کەنیشک (کچ) برای باوک، برای زاوا، زاوای زاوا، ئامۆزا، پورزا، کچەزا، کوڕەزا، میمکەزا و ..

وشەکانی ئاشتی و برایەتی و نیشتمان پەروەری، دەستگیری لە هەژاران وە کۆمەگ بە ستەم لێ کراوان لە زبانی کوردیدا لە وشەکانی شەڕ و ناسازگاری و جیاوازی زۆرترە وەکوو پیاوەتی، جوانمێری، رێزنان لە میوان، رێزنان لە پیاوی ریش سپی، ژنی پۆپ چەرموو لە ئاوەڵناوی هەر کوردێکی رەسەنە.

وشەی دین وشەی کوردیە یانێ دیسان دیتن (رۆژی دوایی) دینکرت کە بەشێکە لە ئاوێستا، دینی کوردە وە زەردەشتیش کوردە.

هەروەها ئەو وشانەی کە مانای زۆر، قورس، سووک یان هەیە وە ئەو وشانەی کەبۆ ژمارەی زۆری مرۆڤ، گیان لە بەران وە هەموو شتێک کە ژمارە بکرێ و بکێشرێ.

هەروەها وشەی سووک بۆ ئەوانەی کە وتم دەوترێ.

ج ـ لە رێزمان و زبان ناسیدا [1] دەتوانین زبانی هەر نەتەوییک لە

---

١ ـ لاپەڕەی ١٢٦ زبان ناسی رضا باطنی.

سێ روانگەوە بخەینە ژێر باسەوە، هەرچەند لە بەشەکانی پـێشوودا باسی ڕێزمان و ڕێنووس و زبان ناسی کرا بەڵام بـۆ ئـەوەی بـاشتر مەبەستەکە ڕاڤاو بکرێ) بەم مەبەستانەی خوارەوە ئاماژە دەکەم.

١ - ڕێزمان (Syntactic) .

٢ - مانایی (Senantic)

٣ - کاری و عەمەلی (Pragmatic)

یاد ئاوەری:

١ - ڕێزمان ئەوەیە کە بزانرێ ئەو وشە کـە لە ڕستـەیێک دا بـە کـار دەهێنرێ، کردارە، نـیوە، پـیتی پـێوەندە، پـێوەستە، خـاوەن کـردارە (کارایی)، بەرکارە، ئاوەڵناوە، جۆرێ ئاوەڵناوەکان و جۆری کارەکان و ... چیە؟!

وە هەروەها دگونجێ وشەیەک ڕێژ دراو یا ڕێژ لە پاڵ دراو یا زێدە و یا زێداو، ڕستە، ڕستەی ئاگاداری بێ یا فەرمانی وەکرداری بێ یا نێوی و .. ٢ - مانایی ئەوەیە کە بزانرێ کە ئەم نیشانانە و پەیامانە چ مانایێکی هەیە وە بە چ شتێک لە جیهانی دەورو بەردا ئاماژە دەکات.

٣ - کار و عەمەلی: تاوتوێ کردنی ئەو وشانە و نیشانانە لە کار و ئیشدا کە چ ئاکامێکی هەیە وەکوو چرای ڕێنوێنی لێخوڕینی مـاشین کـە چرای ڕەنگی زەرد، لە کاردا چیە، چرای سوور و سەوز بۆچیە؟

هەروەها چرای چاوپرتەک یانێ چی؟ ئاووردانەوەی پیاو و ژن لە یەک

مانای چیە، ئەنگوست کێشان بۆ کەسێ یا کێوێک یا جێگاێیک و ... چ مانایێکی هەیە.

کۆکەی پیاوی پیر نیشانەی چیە، شێخ رەزا ئەڵێ و وردە ئاهەنگی دوای کۆکەی پیاوی پیر نیشانەی ئەجەلە، زەردەخەنەی پیاوی سیاسی مانای چیە؟

کەری کورتان دڕاو یانێ چی؟

ئەو کابرای لاژوە وا بیر دەکاتەوە کەخەڵک وەکوو خۆیە یانێ چ؟.

کەر بێرە و تورِ وەتی بارکەیانی چی؟ هەرچ کۆنۀوەکوو پەڕۆکۆنە وایە یانێ چی؟ وە هەمووی ئەم شتانە لە رێزمان و زبان ناسی دا باس دەکرێ هەر وەهایە وشەکانی شادی وەکوو زەماوەن، ساز و دەوڵ دوزەلە، شمشاڵ، گۆرانی، هەڵپەڕکێ، بووک، دوو چۆپی، سەر چۆپی وە جۆرەکانی هەڵپەڕکێ و مۆسیقا وە وشەگەلی شیوەن وەکوو، مردن، مەرگ، مردوو، ئەی هاوار، رۆرۆ، ئوی ئوی، قوڕم بە سەر، ماڵی وێرانم، خاکم بە سەر، چی بکەم، فاتیحە خوانی، ماتەمینی، باوک، دایک، برای خاسی یا باشی لە دەست دەرچوو، دەنگی خەڵک بۆ پرسە و ... وە چەمەری و یاسای چەمەری وە.ە. کە وشەکانی بووکە بارانی، لە کاتێکا باران نابارێ، هەمووی ئەم وشانە وە وشەکانی‌تر جێگای کاربەری تایبەتمەندی خۆیان هەیە وە پێویستە لە جێگای خۆیدا بەکار بهێنرێ کە ئەگەر بێت و وشەکان لە جێگای بەهروی

خۆیدا بە کار نەهێنرێن دەبێتە هۆی ئـەشەڤ و بـوحرانـی رسـتە وە تەنانەت شەڕ و لێدان و سوکی و.. کە لە خوارەوە بەو مەبەستانە ئاماژە دەکەم.

هەروەهایە وشەکانی تایبەتی کۆڕی رامیاری وەکوو باڵوێز خانە، باڵوێز، نوێنەر، نوێنەری سەرۆک کۆمار یا نوێنەری شـا، شـالیاری، جۆرەکانی شالیاری، هەڵبژاردن، نێو نەتەوەیی، مافی مرۆڤ، پەیمان نامەی ژینۆ، پەیمانەکانی نێونەتەوەیی، بڕیاری دادگای لاهە، لاینگری لە خەڵک (بە درۆ یا راست، مسوگەری مافەکـانی خـەڵک (درۆ یـا راست) لاینگری لە هەژاران، کرێکاران، نهێنی، نهێنی کاری، زرنەی (ئیفشا)، خەباتی رامیاری، خەباتی چەکدارانە، سـتەمکار، تـیرور، تیروریست، ئابەستە، پارتی، دیموکراسی، ئازادی، ئاریستو کراسی، (دەسەڵاتی شایستەترینی خەڵک) ئاژانسـی نـێو نـەتەوەیی، هـێزی کاکڵەیی، سەرە رۆیی، گەڕانەوە، تاوانبارانی جیهانی، سەربەخۆیی، دوو فاکتو، (ناسینی حکومەتێک کە خۆی سەربەخۆیە) دادگای لاهە، سـایونیزم، فـاشیزم، ئـوپورتونیزم، ریـویزیونیزم، بـونیات گـرایـی، تاکەخوازی و ..

ـ وە وشەکانی باو لە نێوانی لێ خورەری مـاشینەکـاندا بـە تـایبەت ئەوانەی هاتوو چوی بیاوان و جێگاکانی سەخت دەکەن جیاوازییان هەیە لە گەڵ ئەو وشانەی کە لە نێوان مامۆستایان و خـوێندەواران و

قوتابیان و بازاریان دا هەیە (بە هەموو جۆرەکانیەوە) کە هەر کـام لە توێژەکانی نێو کۆمەڵ، وشەی تایبەتی بە خۆیان هەیە کە لە توێژیٚ‌تر دا ئەو وشانە یا نیە یا جۆریٚ‌تر بەکار دەهێنریٚن وەکوو میتر بوو ئەندازیار و بۆ بەزاز.

کەوش بۆ ژن و کەوش بۆ پیاو کە هەرچەند هەردوو میتر و کەوشن بەلاّم پیٚکەوە کاربەری و جوریٚ ئەو متر و کەوشانە جیاوازیان هەیە. کە گەزی بەزاز جیاوازە لە گەڵ میتری ئەندازیاردا، وشەکانی ئـابوری، بەرهەم و تواز ئەشەڤی ئابوری، ئاوسانی ئابووری، ئابووری کەلاّن، ئابووری ورد، بۆری ئابووری، نەوت، ئـەسکەناس و پـارە و پـوڵ، پشتوانە، بیکاری، کار، سەوداو مامەڵە خەڵەتاندن، زیان کردن، سوود بردن، نیزامی ئابوری دەرەبەگایەتی، نیزامی ئابوری، سەرمایەداری، نیزامی ئابووری هاوبەشی، نیزامی بانکی، جۆری بـانکەکـان، وام و وامو، نیزامی فیزیوکراتی (سورشتی) نـیزامـی مـیرکانتی لیسـتی وە جۆرەکانی نیزامی کوێلایەتی و .. هەموو جیٚگای تایبەتی خۆیان هەیە کە ئەگەر بیٚت و وشەییٚک لە جیٚگای تایبەتی خۆیدا و لە کۆمەڵگای تایبەتمەندی خۆیدا بەکار نەهێنریٚ دەبیٚتە هۆی ئەشەڤ و بـچرانـی رستە و تیٚکدانی و تەنانەت دەبیٚتە هۆی شەڕ و ناکۆکی لە نیٚوان خەڵکدا و لادان لە مانای رەسەنی بۆ ویٚنە ئەگەر لە کـاتی زەمـاوەندا کـەسیٚ وشەی ئەی رۆ یا ئەی هاوار بە کاری بەریٚ، دەبیٚتە هۆی تیٚک‌دانی ئەو

نەزم و یاسایە و یا لە کاتی شێوەندا وشەی گۆرانی وە گۆرانی وتن و هەڵپەڕکێ بەکار بهێنرێ دەبێتە هۆی تێک چوونی ئەو نەزم و یاسایە بۆ ئەوەی هەموو ووشەکان جێگای کاربەریان جیایە وە زۆر بە بۆکار و ئیش و نیوی بوودوی دەرەوە لە بیری مرۆڤ دا دانراوە وە هەرچەند وشەکانی زەینی و بیریش جێگای تایبەتی خۆیان هەیە کە ئەگەر ئەو وشانە نەزانرێ وە یا لە جێگای خۆی دا بەکار نەهێنرێ، دەبێتە مایەی دەردی سەر و پێ نەگەیشتن بە مەبەست وەکوو ئەو داستانەی کە نووسەر لە کاتی منداڵیدا زۆر بیستویەتی:

داستان: (چیرۆک)

ئەڵێن کابرایەک هەبوو جۆرە ژنێکی هەبوو کە بیانوی زۆری پێ دەگرت وە یەکێ لە وانە ئەمە بوو کە ئەیوت: پیاوەکە دەبێ بۆ ماڵی باوکی ژنەکە بچێ و تەغارێ گەنم (سی مەن) بهێنە بۆ ژیانی رۆژانەیان، کابرایش نێوی ئەحمەد دەبێ وە ناچار دەچێ و فەرمانی ژنەکەی فزەی دەکات. بەڵام کاتێکە دەچێتە ماڵی خەزوری لە بیری دەچێتەوە کەبۆچی هاتوە (وە بۆ چەندە مەنی گەنم) بۆ ماڵی خەزووری هاتوە، ماڵی خەزووری پێ دەڵێن بەم ولاخەوە بۆچی هاتوی؟ کابرا نازانێ بۆچی هاتوە وە ئەوانیش هەموو شتێک هەیان بێ نێوی دەبەن وە سەر ئەنجام ئەڵێن بۆ گەنم هاتویی کابرا لە ناکاو دەکەوێتە بیری و ئەڵێ بەڵێ گەنم،گەنم،گەنم وە دوپاتە و چەند پاتەی ئەم وشانە بۆ ئەوەیە کە دیسان لە بیری نەچێتەوە بەڵام ئەم جار لە سەر ئەندازەی گەنمەکە داکۆکی دەکەن و ئەڵێن ئێستا کە بۆ گەنم هاتوویی چەندەت دەوێ؟ هەر لە دە مەن تا ٢٠ مەن و ٣٠و ٣٥و ٤٠ مەن وزیاتر نێوی دەبەن وە ئەڵێن لەمانە کامت دەوێ؟ کابراش ئەڵێ هیچکام بەڵام کوتوپڕ و لە ناکاو یەکێ لەو کوڕانەی ماڵی خەزووری ئەڵێ بۆ تەغارێ هاتویی؟ کابرا لە پڕ دەڵێ! تەغارە،تەغارە،ئای تەغار (ئەمەش بڵێم) کە لە داستانەکە دا وتراوە: بۆچی کابرا ئەم وشانەی لە بیرەو چوو بوو؟ لە

کاتێکدا بە سواری و ولاٚخەکە دەچێت بۆ ماڵی خەزووری لە قەراخی ئاواییدا سەگەکانی ئاواییەکە پێ دەوەڕن و ئەویش لە ترساندا هەمووی لە بیر دەچێتەوە (ئێستاش ئێمەش نابێ وابین کە هەر کات سەگێ پێمان بوەڕێ هەموو مەبەستی خۆمان لە بیر بەرینەوە) گریمان وابوو چ کەسێ زیان دەکات؟) وە دوای ئەوەی کە گەنمەکەشیان پێ داو کەوتەڕێ و هاتەوە بۆ ماڵی خۆیان ، چەند کەسێ یارم باز و جەردە زانیان کەئەم کابرایە نەزان و پەخمەیە و کەوتنە شوێنی تا ئەوەی کابراو کەرو بارەکەی دایان لە هەورازێک کە لەوێدا کابرا خۆی ماندوو بووبوو، بارەکەی داخست و وتی ئیتر ئەمجار نۆگەی منە کە سوار بەم جەردەکان کە لە دویو بوون بارەکەیان برد و رفاندیان وکابراش کە زۆر رۆشت، هەر چ بە تەمابوو کە بارەکە خۆی بە شۆنیا بێت بەلاٚم بارەکە نەهات وە ئەو کابرا لە ولاٚخەکەی داخوزی و وتی بە ولاٚخ تۆ لێرە دا بێستە تا بڕۆم بزانم ئەو بارەی چی و چی لێ‌هاتو بۆچی نەهات، کاتێ کە گەیشتە شوێنی بارەکە دیتی بار نەماوە و سەرگەردان و قوڕ بە سەر هاتەوە بۆ لای ولاٚخەکەی، کاتێکە دیتی ولاٚخیش نەماوە ئەمجار زیاتر قوڕ بە سەر بوو، لە رقدا بە. زۆر نیگرانیەوە کەوتە ڕێگا، بەلاٚم لە لای ڕێگا کە داچاوی کەوت بە حەسێلکی پڕ لە قەوزە قورواق و قورواق، قوڕ واقەکان «بۆقەکان» دەیا خوێند و قوڕ قوڕیان بوو، واق واقیان دەکرد کابرا بیری کردەوە وتی: هەموو ئەم کارانە خەتای ئەمانەیە و

هەموو شتێک وا لە ژێر سەری ئـەمانەدا و لەو کـاتەدا خـۆی رووت کردەوە و چوە نێوی حەسێڵەکەوە بۆکوشتنی قورواقەکـان وە تـۆڵە لێسەندیان، هەر چێکی کرد کردی بەڵام کاتێکە روانـی (نـوارِی = تماشای کرد) کە قەوزە قورواقی زۆر پلکاوە بە.. یەوە کە ئەمەی چاو پێ کەوت وتی سڵاو هەزار سڵاو بۆ تۆ.. لەم کاتەدا کابرایێک هات و سواری چارۆیک بوو وە خۆی لەو وێنەیە ... بوو. وتی: ئەرێ کابرای نەزان ئەوە چیتە بۆ چی.. سوکی دەکەی، کابرا وتی نەخێر مـن ریـز دادەنێم بۆ.. وە رووداوەکەی بۆ گێڕایەوە و کابرای سـواری چـارۆێ دیتی کە ئەوکابرایە وەهایە، زۆری لێ داو وتی لەمەودواکار لە جێگای خۆیدا بکەی و قسە لە جێگای خۆی دا بڵێ،.

کابرای تەغار وتی: باشە ئیتر چی بکەم؟ سوارەکە وتی: هەر بڕۆ بۆ خۆت گۆرانـی بـڵێ، کـابراش وای کـرد تـا گـەیشتە کـوێستانێ کـە کابرایێکی راوچی داوی بۆکەو دانا بوو وە خۆی حەشار دا بوو بـۆ گرتنی کەوەکە، بەڵام کابرای تەغاریش هەر دەهات و بە دەنگی بەرز گۆرانی دەوت: ئەم جار راوچـی (نـێچیروان) بـە ئـاماژەی دەست هەرچەند وتی دەنگ مەکە (ووس بە)، کابرای تەغاریش گۆی نەدایە وە کەوەکەی هەڵفڕاند، نێچیروانیش بە داخی دڵەوە هاتە خوارەوە و ئەوەندەی لێ دا تا خوا بڵێ بەسە، ئەمجار کابرای تەغار وتی بەسە ئیتر لێم مەدە، نەمزانی، دەتۆ بڵێ چیبکەم کە خەتانەکەم، نێچیروان وتی:

لەمەولاکە دەچێتە ڕێوە بەکومەوە کڵاوەکەت بگرە دەمۆ و پسکە پسک ڕێگا ببڕە، کابرای تەغاریش وای کرد تا گەیشتە کابرایێک کە سواری نوماێیکی ئاڵی توخوس بوو، هەرچەند سوارەکە وتی: بـرام هـەستە سەر پێ وامەکە، نۆماکەم شێتە، تازە سواریـە، کـابرای تـەغار گـوێ نەدایێ، ئەمجار نۆماکە ترسا و هەڵی خستەوە و کـابرای داخست و خواو ڕاسان کابرا هیچی پێ نەهات، کابرای قین لە دڵ هەر جۆرێ بوو هەستاو کوتەکێ باشیدا لە کـابرا و تـابڵێ کـوتای. ئـەمجار کـابرای سوارەکە کە نۆماکەشی ڕای کرد بوو، وتی کابرای نەزان، دەبێ لە مەولا کڵاوەکەت بنێتە پوپەی سەر تەوە و هەر بە دەم ڕێگاوە هۆرەکەی و گۆرانی بڵێ، کابرای تەغاریش گوێ بیستی ئەمە بوو وە وای کرد بەڵام لە نێو چاوی بەد تووشی بوو لە کۆڕێک کە لە ئاواییکەوە دەچوون بۆ گۆڕستان وە مردویان مرد بوو وە خەڵک شیوەنیان دەکرد و کابراش هەر هەڵدەپەڕێ و گۆران و هۆرەی دەچڕی، خەڵکیش لەم کردەوە و کارە زۆر قەڵس بوو بوون، هەرچەندیان وت کابرا و ووس بە، بڕوانە، ئەمە چیە، ئەم بار و دۆخە جێگای شێوەنە، جـێگای گـۆرانـی نـیە، کابرای تەغار وەکوو بەرد قسە نەدەچوو بە گوێیاو بەردەوام لە سـەر ئاش و باری خۆی بوو تا ئەوەی چەند کەس، هەرزەکار هاتن بۆی و گرتیان و تا خوا بڵێ بەسە، کوتایان، ئەمجار مردوو مردووەکان وتیان پێ لە مەودوا هەرچەند دەچێ بە ڕێگادا خوڵ بکە بە سەردا و شیوەن

کە، کابرای تەغاریش کە هێشتا هەر تەنبێ نەبوو بوو وەنەی دەزانی کە چی بکات؟ وتەی هەرزەکاری کردە ئاڵقەی گوێ و ئەمجاریش وای کرد تا گەیشتە ئاواییێکی تر کە ئەوان زەماوەنیان بوو وە خەڵک لە گەرمای هەڵپەڕکێدا بوون و سەمایان دەکرد وە خۆشی و شادی پڕ بوو لە دلاّن، کچ و کوڕ و پیاو و ژن رەش بەڵەک هەڵدەپەڕین وە ئاوات لە دلاّن بۆ یەکیان دەڕوانێ، رۆژ رۆژی شادی بوو خەمرەوێن، وانینەی جل و بەرگی رەنگاو رەنگ، خەشەی کراسی زەردو شین، هەڵبرینی چاوی رەش و شین، هاڕەی گۆارەی زێڕ و زیو و نیشان دانی لووتەوانەی ئاڵتون بوو، دەنگی ساز و دەهۆڵ بوو، تەنانەت پیرە پیاوان و پیرە ژنان و پوپ چەرموان هاتبوونە سەما بۆ دیتنی سەما، کچان و کوڕان بە پێکەنین هەڵدەپەڕین بە چاو قرتکە دەیان روانی بۆ دڵدارەکەی خۆیان لە ناکاو سەر و بەچکی کابراییێک وە دەرکەوت کە قوڕی دەپێوا و خۆڵی دەکرد بە سەریا کە خەڵکی شادی لە دڵ ئەمەیان دیت هەموو نەزم و یاسای خۆشی و زەماوەن تێک چوو وە خەڵک بە تێکڕایی و تاکە و تاکە و سەر لێشێواوی رویان کردە کابرای نەزان و بزانن چی قەوماوە، ئەم کابرا بۆچی خۆڵ دەکات بە سەردا، دوای ووس و ووس و پسە پس و وت وت لە مەو لەو تا بڕێک گەیشتنە کابرای تەغار و وتیان ئەرێ خاڵە بۆچی وادەکەی وە چی قەوماوە، تەغاریش هەموو روداوەکانی لەسەرەتاوە تادوایی بۆ وتن.

ئیتر خەڵکی لە زەماوەن و هەڵپەڕکێ و سەماکەر لێیان نەداو و مۆچیاریان کرد و وتیان لەمەو لا دەبێ خۆت بیر کەیتەوە و بار و دۆخ لە بەر چاوگری، خۆت نەکەیتە کوتەکی نێو چلپاو وە دەبێ کار و وشەکانت لە گەڵ بار و دۆخ و جێگادا جۆرکەی وریٚ نوێنیان کرد کە بڕواتەوە بۆ ماڵی خۆیان ئەمە بوو داستانی تەغار (کە هەڵبەت بڕێک لە داستانەکەش ماوەبەڵام ئەم بەشەی کە مەبەستی نووسەر بوو نووسرا. سەرئەنجام هەرچەند دەگونجێ ئەم داستانە هەڵبەستن پیاوێکی ژیر بێ و راسەڵی نەبێ بەڵام زۆر راستە وە مانای ئەوە دەدا کە هەر قسەو وتەیەک جێگا و هەر نوختەیێک مەکانێکی هەیە،

ئەگەر من و تۆ برای هاو دەردم وانەکەین توشی ئەو رووداوەی دەبین کە ئەحمەدی تەغار تووشی بووە، وە ئەم داستانە نیشان دەرێ مانای سازش و هاوڕایی لە گەڵ دەور و بەردایە وە مرۆڤ نابێ بە وتەی هەرکەس گوێ بیست بێ، دەبێ بە وتەی کەسێ زانا، دڵسۆزو پسپۆڕ عەمەڵ و فزەی بکرێ، لەم داستانەدا دەر ئەکەوێ کە:

١ - ئەگەر کار و وشەیێک لە جێگای خۆی بە کار نەهێنرێ مایەی دەردی سەرە.


٢ - نەزانینی وشە و ماناکەی زۆر مایەی دەردی سەرە وەکوو داستانی خاوەن خانوو و کرێنشینێ لە سنەدا کە خاوەن خانوەکە بە کرێنشینەکەی دەڵێ دەبێ بگۆزێ بە جێگای بگوازێتەوە وە ئەمە

دەبێتە هۆی شەڕ و لێدان لە یەک‌تر وە کارگەیشتە ناوەندی پۆلیس وە من خۆم رووداوەکەم بە چاوی خۆم دی کە کابرای خـاوەن خـانوو نەیتوانی‌بوو وشەی بگوازێتەوە باش بڵێ وە وای دەزانێ گواستنەوە لە فارسی‌دا دەبێتە گۆزاندن.

٣ - خەڵکی کە لە شیوەن دابن قین لە دڵن و بڕێکیان کوتەک وەشێنن، خەڵکێ کە لە شادی‌دا بن هەرچەند نەزم و یـاسا کـەیان تـێک بـچێ دیسان ڕێنوێنی دەکەن، کە وایە، دەبێ تێکۆشین کە خـەڵکەکـەمان شادبن و لە یەکتر کوتەک نەوەشێنن.

٤ - هەرکەس و هەر توێژێ لە کاتێکا جۆرە کردەوەییێکی هەیە وە بۆ ئەو وشە و کارە ڕێز دادەنێ کە هەر ئەو کەسە و توێژە لە کاتێکی دیکەدا جۆرێ‌تر بیر دەکاتەوە کە وایە مرۆڤ دەبێ بۆ کار و ئیشی خـۆی و سازگاری لە گەڵ کۆمەڵداکات ناس و جێگە ناس بێ تازیان و زەرەری زۆری (وەکوو کابرای تەغار) پێ نەگات.

نموداری وشه



له دوای ئەم داستانە و نیشاندانی نموونەداری وشە بە پێویست دەزانم کە ئاماژە بە چەند مەبەستی گرینگ لە زبانی کوردی‌دا بکەم:

١ - هەرچەند وتراوە وە مێژوونووسان نووسیویانە کە زانایانێ وەکوو بوعەلی سینا، بەلعەمی، سەعدی، حەوت زانای شارەزووری، دینەوەریەکان، ئیبن خەلەکان، محمد جریری تەبەری، ئیبن الاثیر الکامل) و فیردەوسی وە سەدان زانای دیکە لە سەدەی هەوەڵی کۆچی تا سەدەی دەی کۆچی هەموویان کورد بوون، بەڵام بەداخەوە نووسراوەکانیان بە زبانی زکماکی خۆیان نیە وە بە زبانی عارەبی وە یا زبانێکی دیکە نووسیویانە وە تەنانەت بە راشکاوی نەیان وێرا وە بڵێن ئێمە کوردین وە ئەو کات عارەبی نووسین و ئیدەکانی تر باو بووە.

ئێمەش ئەمڕۆ لە مێژووە لە مێژینەکانداو وە بڕێک لە هەڵبەستەکانی خۆیان و جێگای لە دایک بوونیاندا دەزانین و ئاوەز دەکەین کە ئەو زانا پایەبەرزانە کورد بوونە کە ئێستاش زۆربەی زانایان و سینما گەڕانی تورکیە وە تەنانەت سەرۆکی پارتی لاوانی تورکیە «بەرامبەر بەو نووسراوانەی دوایی» کوردن.

هەروەها داستان و نووسراوەکانی مەسنەوی مەولەوی (مەولا ناجەلالەددین) لە کوردستان و فەرهەنگی کوردەواری گیراوە بەڵام بە زبان فارسی نووسراوە، هەروەها هەموو وشەکانی کورد (کُرد) لە شانامەی فیردەوسی دا جگ لە چەند جێگادا نەبێ بە هۆی ناحەزان و

بەرچاوتەنگان و ئەوانەی کە دەستیان لە دزی و ساخت و جەعل دا ئاواڵەکراوە بەگورد (گُرد) وەکابرای دز نەیزانیوەگوردیش هەرکوردە وەکوردیش هەر (گورد)ە گۆڕاوە.

زبانی کوردی سەرەرای ئەوەی کەئێستا بە شێوەی خەتی عارەبی دەنووسرێ کە خەتی فارسیش هەر بەم شێوەیەیە وە زۆر لە وشەکانی باو لە زبانی فارسی دا لە بنج و بناغەدا (بە وتەی فەرهەنگی پڕمانای کوردی فارسی عارەبی مەردۆخ وشەی کوردین وە زۆر لە وشەکانی زاراوەی کوردی هەورامیش بوونەتە شێوەی زاراوەی سۆرانی و یا زاراوەکانی دیکە (بۆ ئەوەی وا دیارە زاراوەی هەورامی کوردی زۆر کۆن بووبێ بۆ ئەوەی لەو جێگایانەدا کە دەبێ پیتی (خ) بوترێ زۆر لە منداڵەکان کە تازە قسە فێر دەبن ئەڵێن: ئەوەم (ئەخۆم)، وەم (خۆم)، کە لە هەورامیشدا ئەڵێن وێم (خۆم)، وێت (خۆت)، وێش (خۆی)، وار خوار وە ئەوەی کە ماوەتەوە بە هۆی کێوە بەرزەکان وە شاخ و داخەکانکە سەر لە ئاسمان دەساون پارێزراون، بەرامبەر بە نێوی ئەو جێگایانە کە دیتراوە هێشتا زۆر لەکانیەکان و نێوی ئاوایەکان کە ئێستا خەڵکەکە بە زاراوەی سۆرانی ئەردەڵانی قسە دەکەن بە زاراوەی هەورامین وەکوو ئاوایی دەگایران و ئاساوڵە (نزیکی شاری سنە) وە زۆر لەکانیەکانی ئاوایی حەسەن ئاواکە بە نێو هانە فلان .. یانێ، کانی ماونەتەوە وە بەشی هەوەڵی وشەی سانان دژ لە سنە و بەشی دوم کانی

وارا[1] و له ئاوایی قەڵاگا بەشی کامیاران وە نێو گرگر بەشی کامیاران بە شێوەی ئاوێستائی ماوەتەوە بێجگە لەوەش خوێندەوارانی شاری سنە بە داخەوە وشەی کوردیان لە بیر خۆیان بردۆتەوە یا لە بـیریان چوەتەوە‌وە ئەگەر وشەکانی بووگە، نەوگە، ئێمەگەل، ئێوەگەل لە نێوان وتاری خوێندەوارانی شاری سنەدا لابەرین وەکوو زبانی فارسی یـا عارەبی لێ دێ کە مانای رستەیەکیش ناگەینێ وە یا ئەگەر وشەکانی عارەبی کە چۆتە نێوی زبانی فارسیەوە وە بۆتە کـۆمەڵایەتیەکـان لە ئەدەبیات و فەرهەنگدا (ئیجتیماعات لە ئەدەبیات) لاچێ لە زاراوەی برێک لە خوێندەوارانی ئەم شارەتەنێ هەس و نیس و بووگەو نەوگە و ...ی دەمێنێتەوەکە ئەوەش مانا ناگەیێنێ بۆ ئەوەی ئەو وشە عارەبی‌یانە لە هەوەڵەوە هاتونەتە نێوی زبانی فارسی وە لە دواییدا هاتونەتە نێوی زاراوەی خوێندەوارانی سنەیی بەڵام ئەپۆرۆی خەڵک و هێدی خەڵک لە شاری سنەدا کە ئافەرینیان لێ بێ‌هێشتا زبانی خۆیان پاراستوە وە بۆ ئەم مەبەستە دەتوانین بڕوانین بە قسە بێژەکانی دەنگ و ڕەنگی بە ناوی کوردستان لە سنەداکە لەکاتی وت و وێژ لە تەک خەڵکداکە چۆن خەڵکەکە بە زاراوەی ڕەسەنی خۆیان قسە دەکەن بەڵام نوێنەری دەنگ

---

١ ـ وار لە زاراوەی هەورامیدا خوار و بەراستی بە ڕێژی زەویە کە ئـەم کـانی‌یە وا لە خوارەوە.

و ڕەنگ وشەکانی چیە؟

هەروەها لە بەشێکی تر ئەم کورتە باسەدا وتـومە زۆربـەی نـاوی ڕووناکبیران و مامۆستایانی ئایینی جگ لە ئەو مامۆستایانی ئایینی یە کە خۆم دەمناسین وەکوو خوالێ خۆشبوو پیتۆڵ و مێژوو نووسی ڕۆژ هەڵاتی نێوەڕاست موحەمەدی مەردۆخ، مەلا مەجیدی ئوسولی، مەلا حەبیبی ئوسولیان، شێخ مەزهەر، مەلا عەلی سەببار، مەلا حوسەینی گورجی، شێخ ئەحمەدی شێخ سەلیم، شێخ جەمیل و چەند مەلای تر نەبێ لە سنەدا زۆربەی مامۆستایانی دیکە وشەی کوردیان نەدەزانی وە تێدەکۆشین کە بە وشەی عارەبی و تەنانەت ئینگلیزی خـۆیان زانـا نشان بدەن وە هەروەها دەبێ بڵێن وشەگەلێکە لە لادێکاندا بـەکـار دەبرێن ڕەسەن ترن وە بۆ ئەوەی کە بتوانین وشەی ڕەسەنی کوردی لەو ناوچانانەی کە کەوتونەتە بەر هێرشی فەرهەنگی بێگانە بدۆزینەوە رو دەکەینە لادێکان وە لە نێو ئەو لادیانەدا دەچین بۆ ئاوایێک کە دور لە جادە و شار و شارۆچکە و هاتووچوی خەڵک کەمتر بـێ وە لە نـێو ئەوانیشدا رو دەکەینە.

کەژ و کێو یانێ ئەو کەسانەی کە زۆربەی ژیانیان لە کەژ و کێو دا ڕادەبوێرن وە لە نێو ئەوانیشداکەسانێکە پیرە پیاو و پیرە ژن وە لە نێوان ئەمانەشداکەسانێکە تەمەنی زۆریان هەیە و گوێیان قورسە (یانێ دێر شت حاڵی دەبن) هەڵدەبژێرن وە لەوێدا دەبینین کە گەنجینەی وشـە

کۆنەکانی کوردی لای وانە وە ئەگەر خودای مەزن کارمان ڕێک خات، دەبێ هەموو ئەو کارانەی کە پێوەندی هەیە بە وشەی زبانی کوردی یا مەتەڵەکانی کوردی بکەین.

٢ - زۆربەی ووشەکانی زبان فارسی کە لە ئێراندا ڕەسمیەتی هەیە و باوە لە عارەبی گیراوە وە بڕێکی وشەی کوردیشی تێکەڵ بووە وە بۆتە زبانی فارسی کە هەڵبەت دەبێ زانای گەورەی ئەدەبی فارسی کە خۆی کوردە «مامۆستا ئەبولقاسمی فیردەوسی» لەم دەسوورە جۆی کەینەوە کە ئەو بەڕاستی لە شێست هەزار هەڵبەستی خۆیدا عەجەمی زیندوو کردۆتە.

هەروەها لە دوای ئەم قسانە باش وایە بە چەند مەبەست ئاماژە کەم (کە ئێستا) شەوی ٢٨ی ڕەشەمەی ساڵی ٢٧٠١ی کوردیە بەرامبەر بە ١٣٨٠/١٢/٢٨ی کۆچی هەتاوی).

١ - لە دوایی هاتنی ئەم نامیلکەدا روانیم بە کتێبی ئاواشناسی وە دستور زبانی کردی لە نووسینی دۆستی زانا و بەڕێزم جەنابی دوکتور روخزادی وە دیتم کە لە باری ڕێزمانەوە هەر چێکم نووسیوە زۆر کەم و کۆڕیم هەیە وە دیتم کە ڕێزمان و ڕێنووسە کوردیەکەی من وەکوو جۆگاییکی باریکە بە ڕێژی ئوقیانوسە بەربلاو و قوڵەکەی ئارام؛ هەرچەند شێوەی کاری نووسەر لەم کورتە باسەدا لە بابەت زبان ناسی کۆمەڵایەتی و مرۆڤ ناسی و کاربەری وشەکان و تایبەتمەندی

وشەکان و رستەکان کە بۆ چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و جێگا و کاتی کاربەری وشە، جیاوازی زۆری هەیە لەتەک کاری ئەواندا بەڵام دەبێ ئەوە بڵێم کە لەم دوایەدا زۆر پەڕتوکی بە نێوی دەستور زبان و رێزمان و رێنووسی کوردی نووسراوە وە تەنانەت بڕێک لە سەر جەڵدی کتێبەکانیان نووسیویانە دوکتور فلاّن و دەستور کامل زبان کردی، کاتێکە مرۆڤی خوێندەوار دەڕوانێ بە لاپەرەکانی ئەو جۆرە نووسراوانە دا بە راستی دڵی دەگیرێ کە چۆن ئەو مامۆستا نووسەرانە بە خۆیان ئیزنیان داوە کە بنووسن دەستور کامل زبان کردی!! کە زبانی کوردی هەموو کەس دەزانێ وەکوو دەریای بێ پەڕ و بێ بن وەهایە چۆن بە چەند لاپەڕە دەستوری کامیل دەنووسرێتەوە.

٣ - لەم رۆژانەدا لاوێکی کوردی دەور و بەری شاری سنەم دیت بە وتەی خۆی دەیوت من لە فەرهەنگ و وێژ و ئەدەبیاتی کوردیدا پسپۆڕم وە تا ئێستا چەند وتارم لە زانکۆی سنەدا خوێندوەتەوە وە چیم کردوە و چیم کردوە وە وتارێکی سەبارەت بە سیاچەمانەش نووسیبوو، هەڵبەت زۆر زەحمەتی کێشا بوو بەڵام ... وە هەروەها چەند پرسیارم لێ کرد: لە بارەی ئەو وشانەوە کە لە وتارەکەیدا نووسیبوو، بۆ وێنە وشەی فولکلۆر؟ وتم ئەم وشە یانێ چی؟ وتی: یانێ فۆلکلۆر وە زۆر سەری سوڕما کە چۆنە من ئەم وشە دەپرسم، دیسانەوە دوپاتم کردوە کە مانای ئەم وشە چیە وتی فۆلکلۆر یانێ فۆلکلۆر وە لە چەند کەسی

ترم پرسی که له وێدا بوون یەکێ له وانه بەڕاستی مانای کردو وتــی: یانی فەرهەنگی گشتی خەڵک که راست وەهایه) وتم ئاخر جەناب، تۆشتیک دەنووسی دەبێ ماناکەی بزانێ وه دەمــزانــی تــەنانەت ئــەم جەنابه نازانێ له رستەیەکەدا کار یا سەر کار و بەر کار و... له یەک جیا کاتەوه وه ئەمانەشی نەخوێندوه تا بزانێ وەهاش دەکات که دەزانێ وه نازانێ که نازانێ؟!! ئەم جەنابه و بڕێکیتر وەکوو ئەو چۆن بــوونەته پسپۆڕی ئەدەبیات و وێژی کوردی، هەڵبەت ئەدەبیاتی کــوردی زۆر هاسان نیه بەلاّم بۆ زانــینی ئــەدەبیاتی کــوردی له ئــێران و تــورکیا و سوریادا دەبێ له پێشان ئەدەبیاتی عارەبی و یا فارسی و یا هــەر دو بزانین و ئەو کات زبانی کــوردیش فــێر بــین و لاگــوێلێ له دەریــای فەرهەنگی کوردی هەڵ گرین.

هەرچەند له ئاواشناسی و ڕێزمانی کوردی جەنابی دوکتور عەلی روخزادی وشەی کامیلی له سەر نــەنووسراوه بــەلاّم نــوسراوەکــەی وەکوو فەرهەنگ و وێژیاتی کوردی دەوڵەمەنده وه به لای نووسەرەوه تا ئەم کاته که من ئەو نووسراوانەم دیوه کەم وێــنەیه، ئــافەرین بــۆتۆ پیاوی زانا و دڵسۆز.

بەڕاستی کەسێ دەتوانی له بارەی ڕێزمانەوه بــاس بکــات لای کــەم شتێکی له ئەدەبیات و وێژ و فەرهەنگ خوێند بێ و زانیبێتی.

ئێستا پاش ماوەی بەشی چوارم.

ح – بڕواری نووسینی وێژیات و ئەدەبیاتی کوردی دوای هاتنی ئایین ئیسلام و نێوی بڕێک لە کەڵە شاعیرانی کۆنی کورد.

١ - فـۆلکلۆری کـــوردی (فـــەرهەنگی گشــتی خــەڵک) جـێگای ســـرنجدانـێکی گـرینگە بـۆ ئـەوەی کـەسایەتی و خـۆ و خـەدە و تایبەتمەندیەکانی نەتەوەکەمان هەموو لە ئاسەواری [1] فـۆلکلۆری گشتیدا نیشان دراوە، هەروەها لە لاپەڕەکانی پێشودا ئاماژەم پێ کرد توێژی سەروی کۆمەڵگای کوردی بە تایبەت لە ئێراندا بە جەخت لە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی فارسی و عارەبی کەڵکیان وەرگرتوە[2] بەم بۆنەوە کەوتونەتە ژێر ئاسەواری ئەم فەرهەنگانەوە.

دوای ئەو کارەساتەی کە لەم بەشەدا سەبارەت بە هێرشی بێگانەکان بە ئێران نووسیم وە زانرا کە پارێزەری فەرهەنگی کوردەواری ئەپوور و خەڵکی بوونە وە بە وشیاری تەواو وە توانیویانە هەڵگری فەرهەنگی گشتی بن وە لە بیری کەن، هەروەها لە پێشان وتــراو زورربــەی ئــەو کتێبانە کە لە کۆشکی دارای سێومدا بە هۆی هێرشی ئەسکەندەرەوە سوتێنران زۆربەی بە زمانی کوردی لە مێژینە بوون وە کتێبی ئاوێستا بە هەموو بەشەکانیەوە (گاتەکان، یەسناکان، دینکرت کە لە دینی کورد)ە

---

١ - (١) و (٢) لاپەڕەی ٥٨٠ واسیلی نیکیتین.

هەموو بە زبانی ناوچەیی (کوردی) نووسرا بوو کە لە سەردمی ساسانیەکاندا دیسانەوە کتێبەکان رونووسو کران بەلاّم ئەم جار لە هێرشی عارەبەکاندا هەموویان سووتێنران. تا ئەوەی لە سەدەی یانزدەی (١١) زایینی دا یانێ هەزار ساڵ لەمەو پێش «ئێستا ٢٧٠٢ کوردیە» مامۆستا عەلی حەریری لە شەمدینان بە زبانی کوردی شتی زۆری پڕ بایەخی نووسیوە و دیوانەکەی «تا ئەو کاتەی کە واسیلی نیکیتین کتێبەکەی تەواو کردوە» بە دەسنووسی ماوەتەوە وە دوا بە دوای ئەو شاعیر و نووسەری زۆر، پەیتا پەیتا لە سەدەی ١٢ تا ١٥ی زایینی هاتنە مەیدانەوە وە لە نێوی ئەم شاعیرانەدا مەلای جەزیری شاعیری پایە بەرزی کورد کە بە شێوەی ئەو پەڕی دەوڵەمەندی شیعری وتوە کە هەڵبەستەکانی لە ژماری شیعری شاعیرانی بێ وێنەیە وە دوای مامۆستای جەزیری فەقێ تەیران. کە هۆنراوەکەی یا چریکەی ئەسبی رەش پێوەندی بە ئەوەوە هەیە وە هەموو ئەم شاعیرانە بە جۆرێک زەمینەیان بۆ پەیدا بوونی شاعیری ئامادە کردوە کە بەڕاستی دەبێ بڵێن ئەحمەدی خانی فیردەوسی کوردە «هەرچەند فیردەوسی [1] خۆی کورد بووە بەلاّم بە زبانی فارسی شانامەی

---

١ - لاپەڕەی ٣٧٠ دوو دێڕی دوایی و ٣٧١ لە هەوەڵەوە لە کتێبی مێژووی زاگرس لە نووسینی رەشید شێخ عبدالرحمان (٢) لاپەڕەی ٥٨٠ واسیلی نیکیتین.

نووسیوه». که خانی لەباری هەستی نەتەوایەتی کوردی تەنێ سوارەی مەیدانی غارغارێنی شیعر وتنی ئەو کاتە بووە.

وە هەڵبەستە کانی ئەحمەدی خانی جوانترین و گۆیاترین بەیانە، ئەحمەدی خانی کە لە ساڵی ١٥٩١ی ز دا لە هەکاری هاتۆتە دونیاوە وە لە ساڵی ١٦٥٢ی زایینیدا لە شاری بایزید لە دونیا دەرچوە، ئەحمەدی خانی نەتەنێ بە سەر باسی وێژەری بەرزترین هۆنراوەی حەماسی یانێ مەم و زین لە نشینگە کانی ئەدەبی کوردیدا بە بەرزترین پلەی شاعیری ناوبانگی دەر کردوە، بەڵکوو یەکێ لە گەورەترین وێژەرانی هەڵبەستە کانی گۆرانیە کە ئاسەواری لەم زەمینەدا ئاشکرایە. لە برێک جێگادا لە گەڵ برێک لە غەزەڵیات (شیعری عاشقانە و گاڵتە و گەپ)ی دیوانی مەولانا جەلال‌الدین رومێ پێک هێنەری رێبەرایەتی عیرفانی قونیە بەربەرەکانێ دەکات و شانی لێ دەخشێنێ.

بە رواڵەت ئەحمەدی خانی بە خوازی خودی مەولانا جەلال الدین رۆمی (یانێ شاعیر و عارفی پایە بەرزی ئێرانی کە بە گومان هەڵبەستە کانی لە فۆلکلۆر دا دەوڵمەندییەکی یەکجار زۆری هەیە وە لە فۆلکلۆری دەوڵمەندی ئەپووری خەڵکی ئاسیای بچووک کە لە قووڵایی بن و بنچینە ریشەی کێشاوە لە مەولانا مایەی گرتوە وە کردویەتە سەر مەشقی خۆی بە جۆرێکی تر بڵێن یانێ هەڵبەستە کانی ئەحمەدی خانی لەو سەرچاوانە مایەی گرتوە کە باشترین

سەرچاوەکانی ئاسەواری دەوڵمەندی فۆلکلۆری کوردی پێک هێناوە وە شیعرەکانی مەولاناش لەو فەرهەنگە گشتیە سەر چاوەی گرتوە وە بۆتە جاویدانی بەر دەوام کە بە راستی شیعرەکانی ئەحمەدی خانیش [1] هەروەهایە، هەروەها واسیلی نیکیتین تۆژینەری روسیە لە بارەی ئاسەواری ئەحمەدی خانی ئەڵێ:

لە بارەی سەنعەتی شیعری وە بە تایبەت فەرهەنگی عەروز و قافیە (رسکۆ و پاشەنگ) تەنیا سەرچاوەی شیعری کوردیە وە تەنێ بەڵگەی لە بەر دەست دایە...

ئەحمەدی خانی بە عونوانی خۆشەویست ترین شاعیری کورد ناوبانگی دەر کردوە وە پەیڕەوانی ئەوکە لە هەڵبەستەکانی ئەو پەیڕەویان کردوە وە گرینگترین پەیڕەوانی ئەو ئیسماعیلی بایزیدی، شەرەف خانی جۆلامێرگی، موراد خانی بایزیدی کە هەموو ئەمانەو وە زۆربەی هاوچەرخانی ئەوان چ لە باری زبان و چ لە باری وێنە و شێواز و ماناوە جگ لە بەردەوام کردنی بنیات و رێگا و رەووشتی مەکتەبی خانی کاری تریان نەکردوە.

هەروەها پێشڕەوانی وێژیات و فەرهەنگی نووسراوەکانی کوردی لە سەدەی ١٦ و ١٨ی زایینی ژمارەیێک لە هەرێمی باشووری رۆژ

---

١ - لاپەڕەی ٥٨١ی کورد و کوردستان واسیلی نیکیتین.

هەلاّتی کوردستان پەیدا بوونە کە بە سورودی هەلبەستەکانی گۆرانی چ بە زبانی کوردی برەودار لەو هەرێمەدا (هەورامی و گۆرانی) وە چ بە پەیڕەوی لە رێگای و رەوشتی شاعیری سوننەت شکێن یانێ بابا تاهیری عوریان (کە شاعیری کوردی لوڕ زبانە یانێ شیعری بە زاراوەی لوڕی کوردی وتوە) شیعریان وتوە.

ئەم شاعیرانە کە وترا وەکوو ئەستێرە لە ئاسمانی ئەدەبدا درەوشاونەتەوە و رووناکیان خستۆتە دلّی فەرهەنگ و وێژیاتی کوردی کە ئەمڕۆ ئەوان بۆ ئێمە شەوی تاریان کردۆتە مانگە شەو وە رۆژی هەوریيان کردۆتە خۆرەتاوی تیشکدار.

هەروەها لە سەدەی ١٩ی زایینی دا شاعیرانێ ژیاون وەکوو نالی، مەولەوی تاوگۆزی، سەلیم، حاجی قادری کۆیی، ماهور کە لە ١٩٠٩ زایینیدا لە سولەیمانی لە دونیا دەرچوە وە شێخ رەزای تالّەبانی کە شیعرەکانی بە چەند زبانی عارەبی، تورکی، فارسی، وە کوردی کەم وێنەیە وە لە کەترەکاندا (هەجویات) لە روانگەی نووسەرەوو کەم وێنەیە، هەر وەها تاێربەگی جاف، کە لە ١٩٢٠ی زایینی دا فەوتی کردوە وە عبداللە بەگ میسباح عالی دیوان کە ناز ناوی ئەدەبە لە سەردەمی شەڕی گەورە جیهانیدا لە سابلّاخ لە دونیا دەرچوە وە نووسەران و شاعیرانی زۆر وەکوو عبدالقادر زەهاوی، عەلی کامل، وە ئوستۆلّ و زانای گەورەی کورد جەمیل صدقی زەهاوی، ئەحمەد بەگی

فەتاح صاحبقران ، مستەفا بەگی جاف، ئەحمەد بەگی جاف کوڕی عادڵەخانم بە ناوبانگ، قانیع، گۆران، بێ کەس، مەحوی، ناری، عبدالله پەشێو، گۆران، پیرەمێرد، وە نووسەرانی گەورە وەکوو شەرەفخانی بدلیسی، موحەممەدی مەردۆخ، محمد امین زەکی بەگ، مامۆستا هەژار، مامۆستا هێمن، گیو موکریانی وە سەدان نووسەر و پیتۆل و شاعیری زۆر گەورە وەکوو نووسەری مێژووی ئیبن الاثیر، شێخ شهاب‌الدین سورەوەردی و...

هەموو وێنەی ئاشکرای فەرهەنگی بتەوی ئوقیانوسی لە دوایی نەهاتوی کوردە وە هەموو ووشەیەکی کوردی و ناوێکی کوردی چەقڵی چاوی دوژمنانی فەرهەنگی ئێرانە ، ئەوانەی کە وا حەز ناکەن فەرهەنگی نەتەوەیی زیندو و بتەو بێ، بەری مانای ئەو ئایەتەی قورئانی پیرۆز دەکەوون کە فەرموی: تەنی کەسانێکە [1] لاژوو نەزانن لە میللەت و نەتەوەی حەزرەتی ئیبراهیم (ع) دووری دەکەن.

٢ - رۆژنامە نووسین و رۆژنامە نووسانی کورد.

لەم لاپەڕانەی داهاتودا بەرامبەر بە نووسراوەی گۆڤاری رۆژنامەڤانی ژمارەی ٣ بە نێوی بڕێک لە رۆژنامە نووسانی کورد ئاماژە دەکەم:

١ - میقداد بەدرخان یەکەمین رۆژنامە نووسی کوردی کە رۆژنامەی بە

---

١ - و مَنْ یرْغبْ عنْ مِلّة إبْرّاهیم اِلاّ مَنْ سَفِهِ نَفسَهُ الخ آیه ١٣٠ سوره البقره.

ناوی كوردستان بلاْو كردۆتەوە وە لە مێژووی رۆژنامە نووسی كوردی دا لە قاهیرەوە پێتەختی میسر لە ٢٢ نیسان ساڵی ١٨٩٨ تا ئێستا ١٢/١٢/٢٧٠١ و ٢٠٠٢ زایینی ١٠٤ ساڵە تۆمار كراوە.

٢ - عبدالرحمان بەدرخان لە بەردەوامی رۆژنامەی كوردستان بەشداری كردوە وە ژومارەی ٦ تا ١٩ی ئەو رۆژنامەی لە ژنیڤدا و ٢٠ و ٢٣ی لە قاهیرەوە ٢٤ی لە لەندەن وە ٢٥ و ٢٩ی لە فولكستون و ٣٠ و ٣١ی لە ژنیڤ دەركردوە وە بەشداری كردن ئەو لە دەرچوونی گۆڤاری ئیجتیهاد.

٣ - عەبدوڵلاْ جەودەت لە ٩ ئەیلولی ساڵی ١٨٦٩ لە توركیا لە ١٣٥ ساڵ لەمەو پێش لە دایك بوە وە لە ساڵی ١٨٩٨ی زایینی بەشداری لە دەرچوونی رۆژنامەی مەشوەرەتی كردوە.

٤ - ئیسحاق سكوتی لە ١٨٩٧ی زایینی بەشداری لە دەرچوونی رۆژنامەی بە ناوی كوردستان كردوە.

٥ - حاجی توفیقی مەحمود ئاغا (پیرەمێرد) لە سلێمانی لە دایك بووە و لە دوای ساڵی ١٩٠٥ رۆژنامە نووسی دەست پێ كردوە.

٦ - ئەحمەد جەمیل دییار بەكری، سەر نووسەری رۆژنامەی كوردی كە لە ساڵی ١٩٠٨ی زایینی لە ئەستەنبول دەرچوو بوو.

٧ - سەعید كورد (نەورەسی) نووسەری چالاكی رۆژنامەی كورد بووە.

٨ - ئیسماعیل حەقی بابان رۆژنامە نووسی کورد.

٩ - ئەحمەد شەریف هەر سەکی.

١٠ - بەدری مەلایتی ، ئیسماعیل هەر سەکی، ژەنراڵ پاشا، عبدالرزاق نەجیب بەدرخان، محمد ساڵح بەدرخان، ئیبراهیم کوردی، هەروەها رۆژنامەی نیشتمان ک.ژ.ک. لەساڵی ١٩٤٣ی ز لە مهابادا، هاواری کورد لە ١٩٤٥ی ز لە مەهاباد وە هەلاڵە لە ١٩٦٦ ز لە بووکان بە هۆی حەسەنی قزڵجی وە هاواری نیشتمان لە ١٩٤٦ی ز بە هۆی صدیقی رەنجبەر وە راوێژ بە زبانی کوردی لە سنەوە گروگاڵی منداڵی کورد لە ١٩٤٥ی ز نووسەر عبدالقادر مودرسی لە مەهاباد وە رێگای یەکیتی لە ١٩٧١ی ز لە مەهاباد وە رێگا لە ١٩٤٨ی ز لە مەهاباد لە حەسەن قزڵجی، زاگرۆس لە ١٣٣٠ی کۆچی خۆری ناصر ئازادپور سنە، سەدای کوردستان، (دەنگی کوردستان)، لە ساڵی ١٣٢٥ی ک.خ محمد کریم معمتمد وەزیری سنە، رۆژنامە کوردستان لە ساڵی ١٩٤٥ی ز P.D.K.I لە مهاباد، تمدن لە ١٢٨٢ی ک، خ ابوالقاسم سنندجی لە سنە، ئارارات لە ١٣٠٨ی ک.خ ناصر توانا سنە، ئابیدر لە ساڵی ١٣٢٤ عبدالمجید فریدونی سنە وە پەیکاری کورد لە سنە ١٣٢٩ی ک.خ غلامعلی ملکی وە پەیکی کورد ١٣٣٢ی ک. خ سنە مەنصوری ئەردەلانٌوە ئاریا لە ساڵی ١٣٢٦ی ک.خ (محمد علی محمدیان، کرماشان) وە ئینقلابی کاوە ١٣٣٠ سنە عبدالرحیم پور

ئازادی وە ئارمانی غەرب لە سالّی ١٣٢٠ ک.خ مظفر اقبال سـنه وە ابـلاغ لە ١٣١٢ی ک.خ ئـورمیه ئـەم بـەشەی دوایـی لە گـۆڤاری نووسراوەی فارسی کەڵکم وەرگرتوە. وەدەیان رۆژنامە نووسی دیکە کوردی خزمەتێکی گەورەیان بە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی کردوە وە نێوی هەموویان لە گۆڤاری رۆژنـامەڤانی ژمـارەی ٣ وە گـۆڤاری فارسی (وە ئەوەش بڵێم بەشی دوایی رۆژنـامەنووسان هـەر چـەند برێکیان بە فارسی نووسیویانە بەڵام مەبەستەکە کوردی بووە). داهاتوە.

٣ - نێوی شارە کۆنەکانی کـوردستان وە نـێوی بـرێک لە نـاوچە و جێگاکانی کورد.

ریز — ناوی کۆن — ناوی ئێستا

١ - گازار تا دورگەی بوتان یا بوهتان دورگەی کوری عومەر

٢ - ساریسا

٣ - ساتلکا فینیقیه یا فێنیکیه بەشێک لە تورکیا

٤ - پنیکا

٥ - کالیزو (ئیراکە) پایتەختی کورۆنیاش

٦ - ئارپا هەولێر

٧ - ئارپی و ئاراپخا، کەرخینە کەرکوک

٨ - طوروس (توروس) پایتەختی حەیسی (هیتی)

٩ - ئۆور جێگای لە دایکبوونی حەزرەتی ئیبراهیم (ع) ئاگر

١٠ - شاری لۆرگا، هیگاڵ دروستی کردوە

١١ -	بەڵخ	بەڵخ
١٢ -	بوخارا	بوخارا
١٣ -	بۆشار	بوشهر

١٤ - گوندی شاپور ئاوایی یا شاری شاپوری ساسانی

جندی شاپور

١٥ -	هارهار	هەڵەبجە یا خورماڵ	
١٦ -	نارمان	هەڵەوجە	
١٧ -	بروکورد، بەرەو کورد	بروجرد	
١٨ -	زیمری پایتەختی لولویان		
١٩ -	کویە	پایتەختی لولویان	کۆیە
٢٠ -	ئاوجاسیمە	پایتەختی لولویان	بەتلیس
٢١ -	مەساسر، ئورزانا، ئاورزانا	تۆپزاوا	
٢٢ -	ئاشنە	شنۆ	
٢٣ -	مهابات	(خوای خوایان)سابلاخ	مهاباد
٢٤ -	باراهش، یا پاراهش یا پاراشو	کرماشان	

٢٥ - بە سەقز و بۆکان، مهابات، نەغەدێ و ورمێ و سایین

قەڵا خاکی مینی وتراوە

٢٦ - تاينا، ئوتوانی تیکریت

٢٧ ـ تاوارا، نێزیکی ئاڵتوون کۆپری (کوردستانی عیراق)

٢٨ - دانوو، سوماراتی سامرا

٢٩ - ماکوریتی، کفتاتی جەلەولا

٣٠ - ئۆرماید، ئۆرمینی (ئاووری ماد) ورمێ

٣١ - خوبووشکیا -

٣٢ - گیلزان -

٣٣ - شالاٚخوانو ـ شالاٚخوان -

٣٤ - سیم گۆره -

٣٥ - کینگ‌برۆ -

٣٦ - کی‌نی خوان -

٣٧ - بابی‌تی دەربەندی بازیان

٣٨ - کەنگور کەنگاوەر [١]

٣٩ - کونکوبار: نێوی شارێک بووه کە ستایشگای گەوره خودای (ئاناهیتا)ی لێ بووه کە ئێستا نێوی دوو ناوچەی تەرگەوەڕ و

---

١ ـ لە ریزی ٢٩ تا ٣٨ بە لاپەڕەکانی ٢٢٣ تـا ٢٢٧ مـێژووی زاگـرۆس هـەولێر ٢٠٠١ وەزارەتی رۆشنبیری ژمارەی ١٣٦ لە نووسینی رشید شێخ عبدالرحمان مێژوو نووسی دڵسۆز بڕوانن.

مەرگەوەڕە کەوان لە نێوان دەریاچە، ورمێ و هەکاریداکە بە مەڵبەندی شکاک بە ناوبانگە.

٤٠ - ئاوور، ئورسەلیم ئورشەلیم

٤١ - شاری شریش یا شاری سوباری -

٤٢ - شاری ئاوورە دەرسیم

٤٣ - شاری توس باس یا توشباش یا رۆژباش یـا تـوس پاس وان بەشی زۆری کوردستانی تورکیە هەر وەها خاکی ئارانیشیان پێ وتوە کە ئەم شارە پێ تەختی روسو پاوشای ئورارتو بووە.

٤٤ - ئولخو برێک ئەڵێن: ئولخو پایتەختی ئورارتویان بـوە وە لە باکوری دەریاچەی ورمێدا بووە.لاپەڕە ٢٠٣ دیاکۆنۆف -

٤٥ - شاری کمیری -

٤٦ - شاری سارد یا ساریا (فێنک پایتەختی لیدی بووە -

٤٧ - ئیزیرتا یا سگرتوو، نێوی هۆزی چترانە، شاری سەقز، بـە نێوی سەکایانی کورد کە ماوەیێکی زۆر لە سەردەمی میدیاکاندا وە لە دوای ماناکان نێو نراوە وە سەکایان لەوێدا حکومەتیان کردوە.

٤٨ - زەڕین کەمەر بیجاڕ

٤٩ - ئورونئاوا، هارون ئاوا شاوا، ئیسلام ئاوای رۆژئاوا

٥٠ - هـەنگمادای (مـێدیایی) هـەنگمەتانە (هـەخامەنشی) ئیکباتان (ئەشکانی) هەمەدان

٥١ - شاری شیز بە ناوی حەزرەتی شیسە کە عارەبەکان وتویانە شیث (ع) شاری شیز تەختی سلێمان

٥٢ - شاری زیبیا یا ئوزبیا زیویە

٥٣ - سانان دژ، سنە سەنەندج، سنە

٥٤ - ئامێدی دیاربەکر

٥٥ - ئاتروپاتکان یا ئاتورپاتکان (نێوی جێگای دانشیتنی کوردەکان یانێ تەورێز و ئەردەبێڵ، مەراغە و ئوسکۆ و دیکەی شارەکانی مەڵبەندی ئازەربایجان ئازەربایجان کە ئاتروپات پاوشا و فەرماندەری کوردەکان بووە و ویستی کوردستان دیسانەوە بە نێوی مێدیا زیندو کاتەوە وە فەرمانەکانی دیاکۆ فزەی کات، خەڵک پێیان وت بە جێگای مێدیا کوردستان نێو بنێت بە ئاتروپاتەکان.

٥٦ - شاری سوزا یا سوسا یا شوشە یا شوشان شوش

٥٧ - میشتاتەپە میاندواو

٥٨ - شاری بۆشتۆ کە لە ٧٧٥ی پێش زایینی لە ژێر دەسەڵاتی ماناکاندا بووە وە لە نێزیکەی دەریاچەی ئورمیە دابووە نەماوە.

٥٩ - تارماکیس تەورێز، تەبریز

٦٠ - ئوشکایا، کە لە داوێنی خورئاوای کێوی سەهەند وە دیواری قەڵای ئوشکایا ۴ متر پان بووە ئوسکۆ

٦١ - هەرێمی سوبی،لە قەراخی گۆمی ورمێ دابوە

هەرێمی ورمێ

٦٢ - زیزی = ئوئاشدێرکا = بزغوش داغ سەبەلان داغ

٦٣ - ئوئائۆش سەهەند

٦٤ - سانگی بۆتۆ، نێزیکەی خۆی ئەمڕۆ بووە

٦٥ - خارخار لە ناوچەی کرماشان

٦٦ - دەرسیای کاسپین دەریای خەزەر، دەرسیای مازندەران، (مەزن دەران.

٦٧ - مون سوئارتا فەرمانفەرمای ئارازیاش نێوان هەمەدان و قەزوین سەرداری میدیا کە گەورەترین شەڕی لەگەڵ ئاشوردا کردوە.

٦٨ - ولاتی زێڕ رووئا تاران

٦٩ - شیکراکئی کێوی رووئا دەماوەندی تاران

٧٠- ئوشکاکان قەرەسوو

٧١ - مەڵبەندی زاموا بەشی ژووروی زابی بچوک

٧٢ - بێت خەمبان (کَامبادِن لە تەک مەڵبەندی رۆژ ئاوای کرماشان یەکن

٧٣ - ئەیالەتی نەمر بەشی نێوە راستی روباری دیالە و نیزیکی شاری ئێستای خانەقین

٧٤ - شاری سازان کە لە رۆژ ئاوای پاوەی ئێستا بووە، کە پزیشکی

گەورەی میدیا بە نێوی نەمری لە وێدا پزیشکی کردوە وە لەساڵی ٨٢٣ پێش زایینی ئاشوریەکان ئەم شارەیان خاپور کرد و نەمری لە تەک سەدان یەخسیری میدیادا برابۆ ئاشور .

٧٥ - هوریان (سوباریانی کورد لە هەزارەی دو پێش زایینی لە میز و پوتامیا (ئاوەدانی دەجلە و فورات وە بەشێک لە سوریای ئێستا و سەراسەری فلاتی ئەرمەنستان بڵاو بوونەتەوە وە لە تەک ئورارتویەکاندا خزم بوونە وە زبانیان وەکو ئورارتویان بووە .

٧٦ - ئەیران واچ ئێران، ایران

٧٧ - سێبەری (سێوەر) سیبری

٧٨ - هەرێمی نیشتا یا نیشا بیاوانی نیسە لە نووسراوەکانی عەهدی عەتیق کە ئەم دەشتە جێگای پەروەردەی پەنجاه هەزار ئەسبانی میدیا بووە. هەرێمی قەزوین

٧٩ - کەسوێن قەزوێن بە نێوی هۆزی کاسی بووە وە لە پێشان کەسوین وتراوە کە کاسیەکان یەکێ لە هۆزەکانی دەسەڵاتداری کورد بوونە وە هەروەها بە قەزوین کاسوێن و یا کاسپین وتراوە.

٨٠ - کرنتا کرند، کرن

٨١ - ئەسپ داناو جەی ئیسفەهان

ئەم کورتە نامیلکەیە تەواو بوو بەڵام تەواو نیە و هاشیش ناکەم کە کەم و

کۆڕی نیە، چیبکم هەر ئەوەندەم زانی خستمە بەر چاو. ئارەزوو دەکەم کە خوێندەوارانی گەلەکەم لەو کورتە باسە کەڵک وەرگرن.

نووسەر : سمکۆ ئەپرام = ئیسماعیل ئەیوبی

سنە، خاکەلێوەی ۲۷۰۲ ک.

ۆ نووسینی ئەم کورتە باسە سەبارەت بە ڕێزمان و ڕێنووسی زبانی کوردی لەم کتێبانەی خوارەوە کەڵکم وەرگرتووە:

ـە ۱۳۰ سورە بقرە قورئانی پیرۆز لە بابەت نەتەوەی حەزرەتی ئیبراهیم

- المطول علوم بلاغە «معان و بیان و بدیع» لە نووسینی سعدالدینی تفتازان بە زبانی عارەبی.

۱- آواشناسی و دستور زبان کردی (لە بابەت بەش کردنی زاراوەکانی زبانی کوردی) لە نووسینی دوکتور عەلی روخزادی

۲- دستور زبان فارسی عبدالعظیم قریب، ملک الشعراء بهار، بدیع الزمان فروزانفر، جلال همائی، رشید یاسمی، استادان دانشگاە. لە هەر دوو بەش.

٤- دستور نو زبان فارسی لە نووسینی حسن ناظمی لە بڵاوکردنەوەی مطبوعاتی شرق.

٥- زبان شناسی رضا باطنی.

٦- مقدمەای بر عروض فنی در زبان کردی لە نووسینی ئەکرەم صالحی (کە تەنێ ئەو رستەی کە سەبارەت بە زبانی کوردی و ئالمانی لە بابەت بێژە و نووسینەوە وەری گێڕا بوو کەڵکم لێ وەرگرتوە.

٧- شاهنامە ابوالقاسم فردوسی.

٨- مێژووی کورد و کوردستان واسیلی نیکیتین.

٩- فەرهەنگی شێخ محمد خاڵ جزمی هەوەڵ.

١٠-مێژووی محمد مەردۆخ جزمی هەوەڵ (خەتی ماسی سوراتی).

١١-فەرهەنگی ماد کردی، فارسی لە نووسینی دوکتور سەدیقی صفیزادە بۆرەکەیی (لە بابەت خەتی میخی کە ووتویە هەخامەنشیان ئەم خەتەیان لە مێدیاکان گرتوە وە

خەتی میخی پێوەندی هەیە بە مێدیاکانەوە و بەش کردنەکەی بۆ زاراوەکانی کوردی).

١٢-زمانی یەکگرتووی کوردی پرافیسۆر کاک جەمال نەبەز.

١٣-رێزمان و ریٚنووسی کوردی لە نووسینی لێژنەی دانانی رێزمانی کوردی (عێراق).

١٤-مێژووی زاگرۆس لە نووسینی رشید شیخ عبدالرحمان (لە بابەت شارە کۆنەکانی کوردستان).

١٥-دستور زبانی کوردی لە نووسینی دوکتور بهمن فریور (سوران) لە بابەت بەش کردنی زاراوەکانی کوردی.

١٦-دیوانی مامۆستا قانیع لە بابەت هەڵبەستی: من و ژیان بۆ هێدنەی و ئاوێتە کردن.

١٧-لە هەڵبەستی مامۆستا هەژار: چەپ گەردی گەردون...

١٨-ژوورەزاری (کار) لە تدوینی: م.س. کارا

١٩-گۆڤاری رۆژنامە ڤانی ژمارەی ٣ بە زبانی کوردی (بۆ رۆژنامە ڤانی).

٢٠-گۆڤاری رۆژنامە نگاری بە زبانی فارسی. (بۆ رۆژنامە ڤانی).

٢١-ئینجیلی پیرۆز.

٢٢-تەوراتی پیرۆز.

٢٣-مێژووی محمد ئەمین زەکی.

٢٤-مێژووی دیاکۆنۆف.

بڕێک لەو ووشانەی کە لەم کورتە باسەدا بە کار هێنراوە:

١- دۆخی کارایی = حالة الفاعل

٢- دۆخی خاوەنی = حالة الملك

٣- دەمکات = صیغه

٤- کرداری تێنەپەڕ = فعل لازم (intransitive)

٥- کار یا کرداری تێپەڕ = فعل متعدی (transitive)

٦- جێ نێو یا رێناوە کانی کەسایەتی / الضمایر الشخصیه

٧- بەرکار یا کارپێکراو یا کار تێکراو = مفعول

٨- خستنە پاڵ یا زێداو = مضاف الیه

٩- پیتی پێوەند = حرف جر (preposition)

١٠-جێ نێو یا راناوی نیشانە = ضمیر الاشاره (Demonstrative)

١١-جی ناو یا راناوی بەکارەوە نووساو یا لکاو = ضمیر المتصل

١٢-گەردان صرف

١٣-جێ یا راناوی خۆ = ضمیر ووشەی خۆ (Reflexivepronoun)

١٤-دۆخی زێد = حالة الاضافه

١٥-ئامراز = ئەدات

١٦-دۆخی بانگ کردن = حالة النداء

١٧-ئامرازی ناسینەوە = اداة التعریف

١٨-دەنگدار = علة

١٩-ناوی ناسراو = اسم المعرفه

٢٠-گچکە یا بچووک کردن = تصغیر

٢١-چاوگەی کار یا کردار = مصدر الفعل

٢٢-تەن = جسم

٢٣-پێشکۆ = پیش‌وەند

٢٤-پاشکۆ = پس‌وەند

٢٥-ئامرازی گەل = اداة الجمع

٢٦-نێوی بەرکار = اسم المفعول

٢٧-پاشگری نێوی تاك = لاحقة الاسم المفرد

٢٨-ئاوەڵناوی ژمارە = صفة العدد

٢٩-کاری زانراو = فعل المعلوم

٣٠-رستە = جملە

٣١-رستەی کار = جملە الفعلیە

٣٢-رستەی نێو = جملة الاسمیة

٣٣-سەرکار یا کارا = فاعل

٣٤-بەرکار = مەفعول

٣٥-گەردان کردن = تصریف

٣٦-ئامادە = حاضر

٣٧-رابوردو = ماضی

٣٨-هاتو یا داهاتو = مضارع

٣٩-فەرمان = امر

٤٠-دەمکاتی ئاگاداری = صیغة خبری

٤١-دۆخی هاتوو / یا داهاتوو = (حالة المستقبل)

٤٢-نێوی جۆر = اسم جنس

٤٣-نێوی گەل / (اسم جمع)

٤٤-نێوی تایبەت / (اسم خاص)

٤٥-نێوی تاک / (اسم مفرد)

٤٦-نێوی گشتی / (اسم عام)

٤٧-نێوی لێکدراوی / (اسم مرکب)

٤٨-نێوی سادە و بێ‌ئەند / (اسم بسیط)

٤٩-کاری رابردووی هەرۆ / (فعل ماضی مطلق)

٥٠-کاری رابردووی وەرگێڕی / (فعل ماضی نقلی)

درقسمت پیشه‌ها ـ هنرنمایی برمفرغ وآهن به‌درجهٔ عالی رسیده بود(به ویژه‌مصنوعات هنری مفرغی وزیویه بسیار زیباست)، سنگتراشی وصنعت سفالینه‌سازی و محتملاً نساجی نیز پیشرفت کرده بود. به هر تقدیر بعدها منسوجات مادی را بسیار ارج می‌نهادند. تزیینات گوناگونی که برظروف‌سفالینهٔ آن روزگاران دیده می‌شود چنین نشان می‌دهد که محتملاً در منسوجات نیز نقوش زیبای مزبور را به کار می‌برده‌اند (در آغاز هزارهٔ اول قبل از میلاد).

. مشکل‌خط وکتابت مادی


اما راجع به‌فرهنگ معنوی ... باید گفت که اطلاعات ما دربارهٔ آن ـ تاحدی که به قرن‌هفتم مربوط می‌شود ـ از معلوماتمان در موردفرهنگ مادّی نیز کمتر است. مسلماً درهزارهٔ اول قبل از میلاد خط وکتابت در سرزمین ماد وجود داشته است. فرمانی راجع به هبهٔ اموال و دادن‌تسهیلات که درقرن نهم ویاهشتم قبل از میلاد از طرف شاهك آبدادانا به زبان‌اکدی، به‌نام مردی آشوری صادر شده در دست ومعروف است. [۱۲] ولی به‌طور غیرمستقیم‌ازبعضی مدارك موجود چنین برمی‌آید که مانناثیان از خود خط وکتابتی داشتند که به ظن اقوی از خط اورارتوئی مأخوذ بوده. [۱۳]

گمان می‌رودکه خط مزبور نوعی از خطوط میخی بوده است. در عین‌حال درنواحی اطراف دریاچهٔ اورمیه هیروگلیفهایی نیز مشابه باهیروگلیفهای اورارتویی متداول بوده است. فی‌المثل بروی دیسی‌نقره (؟) که‌در زیویه پیدا شده هیروگلیفهای مزبور منقور است.

درمورد ساکنان ماد مرکزی وشرقی‌موضوع پیچیده‌تر است. تاکنون‌هیچ مدرك‌مستقیمی دال براینکه اینان باخط وکتابت آشنابوده‌اند، به دست نیامده است. ولی به نظرما مسلماً ـ به‌هرتقدیر ایشان در قرن هفتم ق. م. دارای خط وکتابت بودند واین خط همان است که امروز «خط باستانی پارسی» یا «خط‌هخامنشی ردیف‌اول» می‌خوانیم ولی درواقع از لحاظ اصل ومنشأ مادی می‌باشد.

دلایل زیر مؤید نکتهٔ بالا می‌باشد:

اکنون دانسته شده است که خط‌میخی «پارسی‌باستانی» در زمان کورش‌دوم و اواسط



۶۵. علامات هیروگلیف از ظرفی (؟) نقره مکشوف درزیویه. درقرن‌هشتم (؟) ق. م.

پێوەندی هەیە بە فەصڵێ کە لە لاپەڕەی ١٢ی ئەم نامیلکەیە باسی لێکراوە

بەم رەنگە رۆژاواي دەستە چەپی کوردستان هەمووی زازا وەدەستە راستی لە گەڵ کوردستانی ناوەراست هەمووي (کرمانج)ە ، وەرۆژهەڵاتی دەستە راستي هەمووی (لورر) ە .

ئەگەر بمانەوێ شوێنەکانیان یەك بەیەك بزانین بەم جۆرەیە : لەرۆژهەڵاتي (خانەقین) ەوەتا (عەليغەربي) لەپانی ، ولەدرێژی تا (کرماشان) و (نەهاوەند) لوررە ، لە (بیجارر)ەوە تا (گەررووس) و (جوانررۆ) و (بانە) ورۆژهەڵاتي (سیروان) ئەردەڵانە ، لە (شنۆ) و (لاجان)ەوە بەسەر (ساباڵاخ)و (سەردەشت)دا تاوەکو (میاندواو) موکریانە ، لە (مەریوان)ەوە تا (سیروان) هەورامانە ، لە (سیروان)ەوە تا (زێ)ی بچووك بابانە ، لە (زێ)ي بچووکەوە تا (زێ)ي گەورە سۆرانە ، لە (زێ)ی گەورە تاشاخەکانی (هەکاری) بادینانە ، رۆژهەڵاتی شاخەکانی (هەکاری) شەمدینانە ، لەرۆژئاوای (زاخۆ) وەتا (ماردین) و (نسێبین) بەپانی ، وەبەدرێژی لە (سعرد)ەوە تا (دێرزوور) بۆتانە ، رۆژئاوای (دیاربەکر) بە (ئورفە) و (خەرپووت) و (دەرسیم) ەوە زازایە

(پیتي کوردی)

زمانی کوردي (٢٧) پیتي هەیە : (ا ، ب ، پ ، ت ، ج ، چ ، ح ، خ ، د ، ر ، ز ، ژ ، س ، ش ، ع ، غ ، ف ، ڤ ، ق ، ك ، گ ، ل ، م ، ن ، و ، ه ، ی)

(ث ، ذ ، ص ، ض ، ط ، ظ) لە زماني کوردیي دانیین .

(د) لەسەر دوو جۆرە ، (١) گران وەك : (دار ، داو ، داش ، دەنگ دنگ) (٢) سووك وەك : (بلە ، مەد ، هەناردان ، گوڵاودان) هێندێ س بۆ جیاکردنەوەي ئەم دوو (د)ە لەژێر سووکەکەیانا (.)یەك دائەنێ ،

پێوەندی هەم بەکتێبی ئاغای سەمی زادەی بۆرەکەیی
کە لەم ناميلکە لاپەڕەی ١٢ باسی لێکراوە

١٠

دستور زبان کردی

الفبای کردی- الفبای کردی دارای ۲۸ حرف صامت و ۸ حرف مصوت
ت وتمام مصوتها همراه صامتها نوشته می‌شود. الفبای کردی بدینگونه است:

«ء - ا - ب - پ - ت - ج - چ - ح - خ - د - ر - ڕ - ز - ژ - س -
ـ - ع - غ - ف - ڤ - ق - ک - گ - ل - ڵ - م - ن - و - وو - ۆ - ه -
ـ - ي - ێ - ی - ، ».

معادل لاتین الفبای کردی نیز بشرح زیر است:


«a—ā—b—p—t—j—č—ḥ—x—d—r—rr—z—ž—s—š—e—q—f—v—g—k—g—
ll—m—n—w—ū—o—h—y—î—ê—u—i».

در زبان کردی حروف (ث، ص، ذ، ض، ظ، ط) وجود ندارد و چنانچه
لماتی با این حروف وارد زبان کردی شود به‌صورت (س، ز، ت) نوشته‌می‌شود
این قاعده ودستور اینرا می‌رساند که کلمات هر گونه و به‌هر نحوی تلفظ گردد
همان شکل و گونه نوشته می‌شود.

صوات حروف و به‌کار بردن آنها در کتابت:

ا- ... این حرف کـه جزء حروف مصوت کردی است، در زبان کردی

پێلیزی مەبەستەکانی پاڵەمسای






















HAKKARİ


VAN









خطوط مادی

ئەم وێنانە لە کتێبی خولی ناوەندی (دەبیرستان) کە لە بارەی ئاسەواری لە مێژینەی ئێرانیان باس دەکات، گیراوە.
























کوردایه تیو ئازایـەتـــی ،
مەردایەتیـو لەکار زانـــی
گەر وەک مـەمانـــان مرۆ با ؟
سوژدەی دەبرد بۆ : (بارزانی)





وێنەی کاوەی ئاسنگەرکە سەری زوحاکی خوێنمژی وا بە دەستەوە وە بۆ ئاسۆی ئازادی نەتەوەی کورد دەڕوانێ.

سوپاس و پێزانین



ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی جەنابی کاک حوسەینی اللّه مورادی خەڵکی ئاساوڵەی سنەی کوردوستانی ئێران تەمەن ٥١ ساڵە، چاپ کراوە. ئەم پیاوە چاکەو بە نرخە لەم کاتەدا کە زۆربەی خەڵک (بەداخەوە) خەریکی پڕکردنی گیرفان و ورگن، ئەو خەریکی کۆمەک بە زانستی و زانیاری و قوتابخانە و مزگەوت و کۆمەک بە فەرهەنگ و مێژووی نەتەوەی رەسەنی ئێرانە، لەم بابەتەوە وێرای دانی هەزینە و توازی ئەم کتێبە ئەم کارانە چاکەی خوارەوەی ئەنجامداوە و منیش بە پێویستم زانی کە لەم لاپەڕەدا بینووسم تا ببتە رەوشت و سەرمەشقێ بۆ کسانی دیکە.

١- نێزیکەی١٤٠ میلیون تمەن بۆ قوتابخانە و مزگەوت و مەیدان و هوڵی یاری و وەرزش کە لەم بابەتەوە بیرەوەرنامەی کۆمەڵگای چاکانی قوتابخانەسازی ولاتی ئێرانی گرتوە.

٢- دانی وام بە٤٠ کەس (کوڕ و کچ) بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوبەش بە شێوەی بێسود.

٣- تواز و هەزینەی١٠ کەس لە قوتابیانی زانستگا.

٤- دانی پارە و پوڵ بۆ ئازادکردنی١٠ کەس زیندانی کە لەسەر وامو گیراون و منداليان زۆر بوە.

٥- ئەم پیاوە چاکە ئەندامی هێمنایەتی مزگەوتیشە.

٦- نێزیکەی یەک میلیون تمەن کۆمەک بە قوتابخانەی تەوەکل بۆ منالانی ئیستیسنایی وە قوتابخانەی دانیش (حەسەنئاوا) کردوە.

بەم بۆنەوە لە خودای مەزن خوازیارم کە «کەسانی بەم چەشنە» لە ژێر بارانی رەحمەتی خۆیدا بیان پارێزێ و ژیانیان بەردەوام کات.

نوسەر : سمکۆ ئەپرام (ئیسماعیل ئەیوبی)

پێنجی خەزەلوەری٢٧٠٣ ک = ٨٢/٨/٥

بەجێ هێنانی ئەرکی سەرشان

بڵاوگەی «تابشی فەرهەنگ» کە لە شاری «تاران» دایە، لە ماوەی بنیات نانێوە تا ئێستا بە شانازێوە توانیوێتی ئەرکی سەرشانی خۆی وەکو بڵاوگەیەکی بەرپرس بەرێوە بەرێ و لە خزمەت و راڤەی مێژوویی، کەلتووریی، زمان و داب و نەرێتی خەڵکەکەی دابێ.

سەرەڕای ئەمەش، گەلێک جار، ئەوەی لە ووزە و توانایدا بووە، خستویەتە کار بۆ لابردنی ئەو کۆسپ و کەندو لەندانەی هێندێک لە پیشکنێرە سەر بە میرییە بە ناو هاوولاتێکانمان بە ناحەق دەیانخەنە سەررێگەی چاپکردنی زۆربەی بەرهەم و نووسراوەی ئەم مامۆستا و زەحمەتکێشە بە هەست و خوست و خۆویست و خۆ بە بەرپرسیار زانانەوە کە زۆربەی ژیانی ئاسایی‌یان بۆ خزمەت کردن بە وڵات و گەل تەرخان کردووە و، بە بروبیانوی بی‌بەڵگە و داتاشراو زۆر جاریش بەرچاو تەنگانەوە، رێگەی بڵاوبوونەوەیان بەربەست دەکەن و داوو لەگەرەی «بۆ چاپکردن نابێ» یان بۆ هەمیشە لە قەراغو بیجاردا دەنێنەوە، بە وەشوێن کەوتنی بێووچان و نەکشانەوەوە لابردووەو ئێستا ئەو پشکینین و لێتۆژینەوەیە هەر لە تاراندا بەرێوە دەچێ. وێنەی زەق و زیندوی ئەو ئەرکەش ئەم سێ کتێبەی برای زەحمەتکێش و شەکەتی‌نەناسی هێژا و خۆشەویست مامۆستا «سمایلی ئەیوبی»یە لە ژێر ناوی:

١- فەرهەنگی ناو و واتای ئاوایی‌یەکان لە کوردستان دا.

٢- مێژووی برووسکە (مێژووی کورد و کوردستان).

٣- زبانناسی (رێزوان و رێنووسی کوردیی).

کە مۆری بەرگری لە چاپدانیان بۆ هەمیشە پێوەنرابوو. دیارە ئەو نووسراوانە ئاکام و بەروبووی چەن ساڵ و مانگی هەوڵ و تێکۆشانی بێووچانیانە.

بەو هیوایەی رۆژ دەگەڵ رۆژ وێنەیان بۆ خزمەت بەگەل و هۆز و کۆمەڵگای بەرەی مرۆڤ زیاتر و زێدەتر بێ و ئێمەش وێکرا و تێکرا بتوانین نووسراوەی بەکەلک و پوختە و بەکاکڵی باشتریش بخەینە سەر کۆگای کتێب و خەرمانی سور و زرینگاوەی نووسراوەکانی دیکەمانەوە، کەلێن و قوژبنە بەتاڵەکەیان پڕ کەینەوە.

هەر خۆش بن بۆ راڤە و خزمت بە خۆ و خەڵک

برای دڵسۆزی هەموولایەکتان:

عەزیز موحەممەدپور (داشبەندی موکری)

تاران - ٢ی مانگی رێبەندانی ساڵی ٢٦١٦ کوردی